# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (417) دووشەممە 2016/7/25 - 3ی خەرمانانی 2716 (750) دینار


وەزارەتی پەروەردە:


## 50 ملیۆن دۆلارمان لە چاپکردنی کتێبدا گەڕاندووەتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕوونکردنەوەیەکدا بۆ (ڕووداو) لەبارەی گرێبەستەکانی چاپکردنی پەرتووکەکانی پرۆگرامەکانی خوێندن دەڵێت لەو کابینەیەدا توانیویانە تێچووی چاپی پەرتووک لە 60 ملیۆن دۆلارەوە بۆ 10 ملیۆن دۆلار کەم بکەنەوە. لە ڕوونکردنەوەکەی وەزارەتدا هاتووە "ئەو کۆمپانیایانەی کە لە ساڵی 2007 تاوەکو 2014، پەرتووکیان چاپ دەکرد، دوور خراونەتەوە و ئێستا بە شێوەیەکی شەفاف و یاسایی پەرتووکەکان چاپ دەکرێن، بەمەش تێچووی چاپکردنی پەرتووک ساڵانە کە 50- 60 ملیۆن دۆلار بوو، کەم کراوەتەوە بۆ 9- 10 ملیۆن دۆلار". هەروەها سەبارەت بە چاپکردنی پەرتووکی نوێش کە لە کابینەکانی پێشتردا هەبووە، لە ڕوونکردنەوەکەی وەزارەتدا هاتووە "پێشتر لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە وەزارەتی پەروەردە و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران پێکهاتبوو و بەپێی یاسای ڕێکاری فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی، چەندین فەرمانبەر لە کار لادراون و سزای یاسایی دراون و کەسانێکیش ڕەوانەی دادگا کراون".

لە ڕوونکردنەوەکەی وەزارەتی پەروەردەدا پرۆژەیەکی تازەی وەزارەت ئاشکرا کراوە کە لە مانگی داهاتوو جێبەجێ دەکرێ، ئەویش ئەوەیە کە سەرجەم پەرتووکەکانی خوێندن لە ماڵپەڕێکی تایبەت بە پرۆگرامەکان دابنرێت بۆ ئەوەی قوتابی بەشێوەی (pdf) بتوانێت دەستی بە گشت پەرتووکێکی خوێندن ڕا بگات.

« 16



هێمن عەبدوڵڵا

## مالیکی بۆ هات، بۆ چوو؟

23

## فوئاد حوسێن پەیامی بارزانی گەیاندە نەوشیروان مستەفا

3

شیعە داوا دەکەن هەموار بکرێت

## دەستووری عێراق کۆدەنگی بۆ کورد دەگێڕێتەوە

3

شەش ملیۆن دۆلار قەرزداری بانکی نێودەوڵەتیی کوردستانە

# سەفەر لە زەکەریا عەبدوڵڵا قەدەغە دەکرێت




« 2



## بەهرەیەک بە ئاوی کانگاکانی ئەدەب شۆراوەتەوە

« 20


ڕاپۆرتە هەواڵ 2

بەرپرسێکی ئەوقاف:

**10 کورد لە ئەوروپا پارە بۆ داعش کۆدەکەنەوە**





هەڤپەیڤین 5

نێردەی UN لە عێراق بۆ (ڕووداو):

**ئەولەویەت بۆ کورد دەبێ شەڕی داعش بێت نەک سەربەخۆیی**

ڕاپۆرت 7

**سەربازانی عێراق بە ئاڵای داعشەوە فیلم دەردێنن**





ژنان 14

**کچێک لە هەولێر ساڵانە 76 دۆنم زەوی بە گەنم دەچێنێ**






## گەنجێک هەفتەیەکە لە نێو ڕووباری سیروان دایە

**ڕووداو- گەرمیان**

مـاوەی هەفتەیەکـە گەنجێـک بەناوی (هێمن ئەحمەد) لە ڕووباری سـیرواندا خنکاوە و تیمی مەلەوانی بەرگریی شارسـتانیی گەرمیانیش بەدوای تەرمەکەیدا دەگەڕێن، بەڵام هەوڵەکانیان ئەنجامێکی نەبووە. ئەنوەر ئیبراهیم، بەڕێوەبەری تیمی مەلەوانی بەرگریی شارستانیی گەرمیان بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە بەردەوامین لەگەڕان بەدوای تەرمی ئەو گەنجە و لە سێ کاتی جیاوازدا بەدوایدا دەگەڕێین، بۆ ماوەی نۆ کاژێریش ئاوی بەنداوی دەربەندیخان گیرایەوە، بەڵام سوودی نییە". بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی گەرمیان لە سەرەتایی وەرزی هاوینەوە پێنج هاووڵاتی لە ڕووباری سیرواندا خنکاون.

## شەش ملیۆن دۆلار قەرزداری بانکی نێودەوڵەتیی کوردستانە

# سەفەرکردن لە زەکەریا عەبدوڵڵا قەدەغە دەکرێت



**سیداد لەشکری و پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- هەولێر**

لەسـەر سـکاڵایەکی بانکـی نێودەوڵەتیی کوردستان، گۆرانیبێژ زەکەریـا عەبدوڵـڵا زیاتر لـە دوو مانگە سـەفەرکردنی لـێ قەدەغە کـراوە، سـەرەڕای ئـەوەش لـە کۆتایـی مانگی رابـردوودا لەڕێی فڕۆکەخانـەی نێودەوڵەتیـی هەولێرەوە سـەفەری دەرەوەی وڵاتـی کـردووە. بەڕێوەبـەری ئـەو فڕۆکەخانەیەش دەڵێت بە پاسـپۆرتێکی سوێدی سەفەری کردووە.

بەپێـی نووسـراوێکی دادگای بەرایـی هەولێر 2، بـە ژمارە (42/ منـع سـفر/ ب2/ 2016) کـە لـە ڕۆژی 2016/6/20 دەرچـووە و ئاراسـتەی هەردوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر و سلێمانی، خاڵە سنوورییە نێودەوڵەتییەکانی (ئیبراهیم خەلیل، حاجی ئۆمەران، باشماخ، فیشـخابوور) کراوە، قەدەغەی هاتوچۆکردن لەسـەر زەکەریـا عەبدوڵڵا دانـراوە کە پێشتر موزیسیان و گۆرانیبێژ بوو.

لە نووسراوەکەدا هاتووە "ئاماژە بـە داوای بەرایـی ژمارە 42/ منع السـفر/ ب2/ 2016، ئـەم دادگایە لـە 2016/5/25 بڕیاری دا بە ڕێگری لە سـەفەرکردن بۆ دەرەوەی سـنووری هەرێمـی کوردسـتان بـۆ داوالێکـراوی ڕێگری لە سەفەرکردن لە دژی (زەکەریا عەبدوڵڵا حەسەن) تاوەکـو ئەنجامـی داوای بەرایـی ژمـارە 2951/ ب4/2015 یەکلایـی دەبێتـەوە، بۆ ئاگاداریتان و ئەنجامدانی کاری پێویست و ئاگادارکردنەوەمان".

بەپێی زانیارییـەکان، زەکەریـا عەبدوڵڵا بڕی زیاتر لە شـەش ملیۆن دۆلاری بە قەرز لە بانکی نێودەوڵەتیی کوردستان وەرگرتووە، بەڵام لە کاتی خۆیدا قەرزەکەی نەگەڕاندووەتەوە.

هەرچەنـدە بەپێی ئـەو نووسـراوەی دادگایی بەرایی هەولێـر بێـت، زەکەریـا عەبدوڵـڵا لـە 2016/5/25 سـەفەرکردنی بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردسـتان لێ قەدەغەکراوە، بـەڵام ناوبراو ڕۆژی 2016/6/30 سـەفەری دەرەوەی وڵاتی کردووە. لەسـەر ئەمەش بانکی نێودەوڵەتیی کوردسـتان نووسـراوێکی ئاراسـتەی دادگای بەرایـی هەولێر کردووە.

لە نووسـراوەکەی بانکەکەدا هاتووە "لە داوای ژمـارە 42/ منـع السـفر/ ب2/ 2016 لـە ڕۆژی 2016/5/25 بـۆ زەکەریا عەبدوڵڵا حەسـەن بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردسـتان، سـەرەڕای ئەوەی ناوبراو ئاگادارە بەو مەنعە، بەڵام لە 2016/6/30 لە ڕێگـەی فڕۆکەخانـەی نێودەوڵەتیـی هەولێر سـەفەری کردووە. جـا لەبەر ئـەوەی ناوبراو بە ڕێگەی نایاسـایی و ئیحتیال سـەفەری کردووە، هەروەهـا بەهـۆی ئـەوەی زەرەری لـە بانکـی کوردسـتانی نێودەوڵەتـی داوە و قەرزەکـەی نەگەڕاندووەتەوە کە بڕەکەی شەش ملیۆن دۆلارە، داواکاریـن لـە دادگا ڕێـکاری یاسـایی بەرامبەر بگیرێتەبەر".

ڕائیـد هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسـی هەولێر بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕۆژی 2016/7/21 نوێنـەری بانکـی نێودەوڵەتیـی کوردسـتان لە بنکەیەکی پۆلیسی شاری هەولێر داوایەکـی یاسـایی لەسـەر هونەرمەنـد زەکەریا عەبدوڵـڵا تۆمار کـردووە کە زەکەریـا عەبدوڵڵا لەسـاڵی 2012دا بـڕی پێنج ملیـۆن دۆلاری لەو بانکە بۆ ماوەی شەش مانگ بە قەرز وەرگرتووە، بەڵام تا ئێسـتا پارەکەی نەداوەتەوە و کۆی ئەو پارەیەش کە ئێسـتا قـەرزداری ئەو بانکەیە بڕی شـەش ملیۆن و 375 هـەزار دۆلارە، لەبەرئەوەی لەو کاتەوە تائێسـتا بڕی ملیۆنێک و 375 هەزار دۆلار فائیزی چووەتە سەر".

سـەرچاوەیەکی ئـاگادار بـە (ڕووداو) گـوت "هەرچەنـدە ڕۆژی 2016/6/20 نووسـراوەکەی دادگای بەرایـی دووی هەولێـر بـۆ فڕۆکەخانە و دەروازە سنوورییەکان نێردراوە، بەڵام زەکەریا لە ڕۆژی 2016/6/30 لـە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرەوە چووەتە دەرەوەی وڵات".

تەلار فایەق، بەڕێوەبەری گشتیی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر لەوبارەیـەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "نووسـراوەکە بەنێوی سـیانیی زەکەریا عەبدوڵـڵا حەسـەنەوە هاتـووە، زەکەریـاش بە پاسپۆرتی سوێدییەوە گەشتی کردووە کە ناوەکەی لە پاسپۆرتە سوێدییەکەدا جیاوازە لە نێوی سەر نووسراوەکە، بۆیە ڕێگەی گەشتکردنی پێدراوە".

بۆ کاتی گەشتەکەشـی کە دەگوترێت 10 ڕۆژ دوای نووسـراوەکە بووە، تـەلار فایەق گوتی "بۆ ئەوەیان ئاگادار نیم، چونکە نووسراوەکە لەلایەن ئاسایشـی فڕۆکەخانەوە وەرگیراوە، بەڵام کاتێک پرسـیارمان لێکرا کە بۆچی ڕێگەی گەشتکردنی پێـدراوە و دوای ئـەوەی کارمەندانی پاسـپۆرت چێکی سیستەمەکەیان کردەوە، دەرکەوت بەهۆی جیاوازیی ناوەکەیەوە توانیویەتی گەشت بکات".

بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، ئامـاژەی بـۆ ئەوە کـرد کە زۆر جـاری دیکەش ڕووبەڕووی ئەو حاڵەتانە بوونەتەوە کاتێک ڕێگری لە گەشـتکردنی کەسـێک کراوە، بـەڵام بەهۆی جیاوازیی ناوەکەی لەسەر نووسراو و پاسپۆرتەکەی ڕایانگرتووە تاوەکو دۆسیەکەی یەکلایی کراوەتەوە و گوتـی "چەند جارێـک داوامان لە دادگا کردووە لە نووسراوەکاندا ناوی چواری یاخود ناوی دایکی ئەو کەسەش بنووسن بۆ ئەوەی لە سیستەمەکەدا بخوێنرێتەوە".

بۆ وەرگرتنی ڕای بەرپرسانی بانکی نێودەوڵەتیی کوردستان، (ڕووداو) چەند جارێک بە تەلەفۆن و نامە، پەیوەندی بە چەند بەرپرسێکی بانکەکەوە کرد، بەڵام وەڵامیان نەدایەوە.


هەرێمی کوردستان / عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی هەولێر 2
إقليم كوردستان / العراق
مجلس القضاء
رئاسة محكمة استئناف منطقة اربيل
محكمة بداءة اربيل 2
Judicial Council
ژمارە: 42 / منع سفر / ب2 / 2016
Date: 2016 / 6 / 20
بۆ/ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر
بابەت/ ڕێگری سەفەرکردن
[illegible]

# هەولێر... 12 ڕۆژە کچێکی 16 ساڵان ڕفێنراوە

## باوکی کچەکە: کچەکەمیان بە جلی ماڵەوە ڕفاندووە

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

خێزانێکی دانیشـتووی شاری هەولێر دەڵێن ماوەی 12 ڕۆژە کچەکەیان دوای ئەوەی لە ماڵ دەرچووە، لەلایەن ناسـیاوێکیانەوە ڕفێنراوە و تائێستا چارەنووسی دیار نییە.

کچەکـە نـاوی زەینەب سـەباحە و تەمەنی 16 سـاڵانە، ڕۆژی 12ی ئـەم مانگـە لەلایـەن ناسیاوێکیانەوە بەنێوی (ە.س) کە خێزاندارە، ڕفێنراوە.

شـەهرەزاد کە دایکی زەینەبە بە (ڕووداو)ی گوت "(ە) هاوڕێی هاوژینەکەم بوو، وەکو کوڕی ماڵەکەم وابوو، زۆر تێکەڵاو بوو لەگەڵمان، قەت بڕوام نەدەکرد ئەو پیاوە کە خاوەنی 4 منداڵە، تەماعی کردبێتە کچەکەم".

شـەهرەزاد باسـی چەنـد ڕۆژێـک پێـش ڕووداوەکـە دەکات و دەڵێـت "دوو ڕۆژ بـەر لەوەی کچەکەم بڕفێنرێت، (ە) لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی هاتنە ماڵمان، خێزانی (ە) پێیگوتم کـە هاوژینەکەی تەماعـی کردووەتە کچەکەت، بۆیە چیـدی ڕێگە مەدە بێتە ماڵتان، بەڵام من بڕوام نەکرد، تا دوای ڕووداوەکە".

سەباح مەحموود، باوکی زەینەب، دوو ساڵە (ە) دەناسـێ و بە دڵێکی پاکـەوە هاوڕێیەتی کردووە و نەیزانیوە (ە) نیازی باش نییە.

سـەباح دەڵێت "دوای ئەوەی (ە) کچەکەمی ڕفاند، ئینجا زانیم پێشـینەی خراپی هەبووە و حەبی هۆشبەر بەکاردەهێنێ، پێشتر لە لوبنان و لە کوردسـتانیش لەسـەر کاری ناشـیرین و حەبخواردن زیندانی کراوە".

سـەباح باسـی ڕۆژی دیارنەمانـی کچەکەی دەکات و دەڵێت "ڕۆژی 12ی ئەم مانگە، کاژێر چـواری عەسـر بوو، ئێمـە لە ماڵـەوە بووین، کچەکەشـم کە جلوبەرگی ماڵـەوەی لەبەربوو، داوای هـەزار دینـاری لێکردم، بۆ ئەوەی بچێتە دووکانەکـەی لای ماڵمان و شـتێک بۆ براکەی بکڕێـت، بـەڵام دوای ئەوەی لە مـاڵ دەرچوو، ئیـدی نەمانبینییـەوە". گوتیشـی "لـە کاتی ونبوونی کچەکەمـان (ە) لە ماڵمان بوو، بەڵام دوای چوونـە دەرەوەی کچەکەم بە خولەکێک، ئەویش بەبیانووی ئەوەی ئیشی هەیە، ڕۆیشت".

دوای دیارنەمانی کچەکەی، سەباح پەیوەندی بـە (ە)ەوە دەکات و لـە دیارنەمانی کچەکەی ئاگاداری دەکاتەوە، ئەویش دەڵێت ئێستا دێم، بەڵام دوای چوار کاژێر دەچێتە ماڵیان. سـەباح دەڵێـت "تا ئەوکاتـەی چوومە نەخۆشـخانەی فریاکەوتن و شـکات کردنیش، (ە) هەر لەگەڵم بوو. دواتـر داوای ئۆتۆمبێلی کوڕەکەمی کرد و گوتی دەمەوێـت بە ئۆتۆمبێل بەدوایدا بگەڕێم، بەڵام ئۆتۆمبێلەکەشی برد".

سـەبارەت بە چۆنیەتی ئاشکرابوونی ئەوەی کچەکەی لەلایەن (ە)ەوە ڕفێنراوە، سەباح گوتی "ڕۆژی دواتر هاوژینی (ە) تەلەفۆنی کرد و گوتی مێردەکەم کچەکەتانی ڕفاندووە. منیش تەلەفۆنم بۆ کرد و گوتی بەڵێ خۆشمدەوێت و ڕفاندوومە، لە هیچ کەسیش ناترسم، بڕۆن چیتان پێدەکرێت بیکەن".

بـەڵام (ت. ف) کـە 13 سـاڵە هاوژینـی ڕفێنەرەکەیە، بەجۆرێکی دیکە باسی پەیوەندیی نێوان (ە) و زەینەب دەکات و دەڵێت "دەمزانی پیاوەکـەم لەگـەڵ زەینەب بـە مۆبایل نامەیان دەگۆڕییـەوە و پەیوەندییان هەیـە، بەڵام (ە) نکۆڵی لێدەکرد و دەیگوت من وەڵامی ئەو کچە نادەمەوە و وەک خوشکی خۆمە".

لەبـارەی ئـەو ڕۆژەش کـە زەینـەب دیـار نەمـاوە (ت) دەڵێـت "مێردەکـەم کاژێـر نۆی شـەو گەڕایەوە، بەڵام هیچ شڵەژانێکم لێ بەدی نەکرد، پێکەوە قسەی خۆشمان دەکرد و لەگەڵ منداڵەکان بوو، تا کاژێـر 9:30ی بەیانی ڕۆژی دواتریـش لە ماڵەوە بوو، دواتر ڕۆیشـت. کاژێر چواری عەسر تەلەفۆنم بۆ کرد و گوتی زەینەبم ڕفانـدووە و دەچین بۆ ئەورووپـا، دواتر ئێوە و منداڵەکانیـش دەبەم. ئـەوە دوایین پەیوەندیی نێوان من و هاوژینەکەم بوو".

(ت) گوتیشـی "ئـەو کاتـەی بـە تەلەفۆن قسـەم لەگـەڵ هاوژینەکـەم دەکـرد، زەینەب لـە تەلەفۆنەکـە پێیگوتـم من هاوسـەرەکەتم خۆشـدەوێت و لەگەڵـی دەبم، ئەگەر بشـەرم قەیدی نییە، چونکە پێیگەیشتم".

باوکی (ە) بەناوی (س) لەبارەی کوڕەکەیەوە دەڵێت "ئەو کەتنەی (ە) کردوویەتی، پەیوەندی بـە منـەوە نییە، سوڵحیشـی بۆ ناکـەم، ئەو فەرمانـی دەستبەسـەرکردنی هەیـە و دەبێت حکومەت بیگرێت، ئەگەر بێتە بەردەسـتی من خۆم دەیدەمە دادگا، ئێمە خێزانێکی بەشەرەفین و ئەوە کوڕی من نییە".

باوکی زەینەب لە بنکەی پۆلیسی کەسنەزان سکاڵای لەسەر (ە) تۆمار کردووە، بەڵام پۆلیس تاوەکو ئێستا دەستگیری نەکردووە.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسـی پارێـزگای هەولێـر لەو بارەیـەوە بە (ڕووداو)ی گـوت "دادوەری لێکۆڵینەوە بەپێی ماددەی 421 لە یاسای سزادانی عێراقی بڕیاری دەستگیرکردنی (ە.س) و دەستبەسەرداگرتنی ئۆتۆمبێلێکـی جـۆری BMWی ژمـارە کاتیی دهۆکی دەرکردووە، بەڵام تائێستا نەدۆزراوەتەوە و هەوڵەکان بۆ دەسـتگیرکردنی ئەو تۆمەتبارە بەردەوامن".





## بەرپرسێکی ئەوقاف:

# 10 کورد لە ئەورووپا پارە بۆ داعش کۆدەکەنەوە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

10 کـوردی دانیشـتووی وڵاتانـی ئەورووپـا لەڕێگـەی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە هەوڵـی کۆکردنـەوەی پارە و کۆمەکـی دارایی بۆ داعش دەدەن، بەرپرسێکی وەزارەتی ئەوقافیش دەڵێت "ئەو کەسانە سـوودیان لە یاساکانی ئەو وڵاتانە بۆ کارەکەیان وەرگرتووە و ناتوانرێت دەسـتگیر بکرێن".

حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تۆمارکردنی ئەو تاوانانەی کە لەلایەن داعشەوە بەسەر خەڵکی کوردسـتاندا هێنران، لیژنەیەکی باڵای پێکهێناوە و لـە هەمـوو ڕووەکانەوە کاری لەسـەر دەکەن. مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانـی ئایینـی لـە وەزارەتـی ئەوقـاف و کاروبـاری ئاینی کـە ئەندامـی لیژنەکەیە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "زیاتر لە سـاڵێکە هەستمان کـردووە 20 تـا 25 کوردی دانیشـتووی ئەورووپا ڕیکلامـی میدیایـی بۆ داعـش دەکـەن، لەو 25 کەسـە بەڵگەی تەواومان لەسـەر 10 کەسـیان هەیە کە جگە لە پڕوپاگەندە، لەڕێگەی حیسابی بانکیشەوە کۆمەکی داراییان بۆ کۆدەکەنەوە، بە داخەوە تائێستاش نەمانتوانیوە بگەینە حیسابە بانکییەکان لەبەرئەوەی هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتانەن".

لەکاتـی مانگـی ڕەمەزانـدا، بـە پێشـبینیی مەریوان نەقشبەندی، بڕی ئەو زەکاتەی ئەمساڵ کۆکراوەتـەوە نزیکـەی 30 ملیـۆن دۆلار بـووە، مەریوان گوتی "ئەو کەسـانە سـوودێکی زۆریان لـە هەواڵی میدیا کوردییـەکان وەرگرتووە و ئەو هەواڵەشـیان بڵاوکردبـووەوە و باسـی ئەوەیان کردبوو کە هەقە ئەو پارەیە بۆ دەوڵەتی ئیسلامی ڕەوانـە بکرێت، چونکە بە گوتـەی خۆیان ئەوان ئیسلامی ڕاستەقینەن".

لـە کوردسـتان سـێ پارتی ئیسـلامی هەن، مەریـوان دەڵێـت هەرچەنـدە ئـەو کەسـانە سەرجەمیان خەڵکی باشووری کوردستانن، بەڵام ڕەتیکـردەوە پەیوەندییـان بـەو پارتانە هەبێت و گوتـی "نەخێر ئـەو کەسـانە پەیوەندییان بە ئیسلامییەکانەوە نییە و تەنانەت بەڕاشکاوانەش ڕەخنەیان لێدەگرن و دەڵێن لە حکومەتی کوفردا بەشدارن".

مەریـوان نەقشـبەندی نێوی ئەو وڵاتانەشـی ئاشـکرا کرد کە ئەو کەسـانەی تێدا نیشتەجێن و گوتی "لە بەریتانیا، ئەڵمانیا، سـوید، بەلجیکا و فەڕەنسـا چالاکی دەکەن و گرووپی هاوبەشیان هەیـە و چاودێریی وردی میدیاکانی کوردسـتان دەکـەن. جگـە لـەوەش کـە لـە پەیجەکانیـان گەڕاوین بۆمان ئاشکرا بووە هەندێک هاوڕێیان لە کوردستانن".

لە هەرێمی کوردستاندا بە یاسای تیرۆر مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسـانەدا دەکرێت کە گومانی کاری تیرۆریستییان لێدەکرێت، بۆیە مەریوان بەدووری زانی ئەو کەسـانە بگەڕێنەوە کوردستان "ئەوانە هەرگیز ناگەڕێنەوە کوردستان، چونکە دەزانن بە گەڕانەوەیان بە یاسای تیرۆر دادگایی دەکرێن".

ئەمسـاڵ ڕێکخراوی داعش لە چەند وڵاتێکی ئەورووپـی زنجیرەیەک تەقینەوەیان ئەنجامدا کە بەهۆیانەوە بە سەدان هاووڵاتی کوژران و بریندار بوون، نەقشـبەندی گوتی "خـۆم لە ئەڵمانیا و سـوید باسـی ئەو کەسـانەم کرد، بـەڵام لەوێ گوتیـان ئەگـەر خەڵـک هاوسـۆزی بـۆ داعش نیشـان بدات و ڕیکلامیشـیان بـۆ بکەن بەپێی یاسا ناتوانین دەستگیریان بکەین، چونکە ئەوە پەیوەنـدی بـە بیرکردنـەوەی خۆیانـەوە هەیە و ئـازادن". گوتیشـی "هەرچەندە ئەو کەسـانە مەترسـین بـۆ ئاسایشـی هەرێمی کورسـتان، بەڵام ناتوانین داوای ڕادەستکردنەوەیان بکەین، بەهیواین کە ڕووداوەکانی ئەمدواییەی ئەورووپا وا لەو وڵاتانە بکات چاو بەو یاسایانەدا بخشێننەوە و لەو ڕووەوە هاوکارمان بن بۆ ئەوەی ڕادەستمان بکەنەوە و دادگاییان بکەین".

وەکـو مەریـوان ڕوونیکـردەوە، سـەرەڕای قسـەی وڵاتانی دەرەوە، هەرێمی کوردستانیش نەیانتوانیوە تۆمەتی پەیوەندی ئەو کەسـانە بە داعشەوە وەکو بەڵگەیەکی تۆکمە پێشکەشی ئەو وڵاتانە بکات.

بەپێی زانیارییەکانی ئەو بەرپرسەی ئەوقاف، هەندێـک لەوانە زیاتر لە 15 سـاڵە لە دەرەوەی وڵاتـن و هەندێکیشـیان پێشـتر لـە ڕیزەکانی ئەنسـاردا بوون، یاخـود کاریان بـۆ ڕێکخراوی قاعیـدە کـردووە و ئێسـتا ناتوانـن بگەڕێنەوە کوردستان.



ڕاپۆرت
رووداو
ژمارە (417) - دووشەممە 2016/7/25



## نێچیرڤان بارزانی: دەبێت سنووری هەرێمەکەمان دیاری بکەین

**رووداو- هەولێر**

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ بەشی فارسی دەنگی ئەمریکا لەبارەی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ دەڵێت "ئۆپەراسیۆنەکانی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ بۆ کورد گرنگە، چونکە ئەو شارە لە هەولێرەوە نزیکە و کاریگەری هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان". سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانیش، بارزانی گوتی "دەبێت لەدوای کۆتاییهاتنی داعش، پرسی سنوورەکانمان کە بە خوێنی شەهیدەکانمان دیاریمان کردوون، یەکلاییان بکەینەوە، ئایا لە چوارچێوەی عێراق بمێنینەوە یان وەک هەرێمێکی کۆنفیدراڵی بین، دەبێت سنووری هەرێمەکەمان بزانین و دیاری بکەین".

### وەکو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان سەردانی کردووە:

# فوئاد حوسێن پەیامی بارزانی گەیاندە نەوشیروان مستەفا



### هێمن هەورامی، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی:
## با یەکێتی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێ

### فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی:
## پێشنیازەکەی پارتی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان تاوتوێ دەکەین

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

د.فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پەیامی بارزانی گەیاندە نەوشیروان مستەفا. بەرپرسێکی یەکێتیش لەبارەی هەوڵەکانی ئاساییکردنەوەی دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەڵێت "ئەگەر ئەمجارە نەگەینە ڕێککەوتن، بۆ ماوەیەکی درێژ لێک دووردەکەوینەوە". هەوڵەکەی یەکگرتووش بۆ ئاساییکردنەوە شکستی هێنا.

بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرای دەکات، د.فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان هەڵگری پەیامی بارزانی بوو بۆ نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان. هەروەها دەڵێ "ئەگەر پایەمێکی نوێی پێ نەبووایە سەردانی نەوشیروان مستەفای نەدەکرد".

هێمن هەورامی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "سێ پەیامی روون هەن کە ئەویش: پارتی لەگەڵ ئاساییکردنەوەی دۆخەکەیە، هەروەها لەسەر ئاییندەی کوردستان چۆن بڕیار لەگەڵ بەغدا بدەین، زەمینەش بۆ ریفراندۆم خۆش بکرێ".

هەورامی کە بە سەرکردەیەکی دیاری پارتی دادەنرێ، دەڵێت "ئێستا گۆڕانکاری گەورە لە ناوچەکە روودەدەن و دەبێ کورد خۆی یەکبخات وەکو سەردەمی ئۆپۆزیسیۆنبوونی عێراق کە لە لەندەن چۆن بڕیاریان دا".

بەڵام ئەوەی گۆڕان لە پارتیی چاوەڕێ دەکات، ئەوەیە کە ئایا دیدی پارتی سەبارەت بە پرسی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان چییە؟ ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی پارتی پێشنیازی حیزبەکەی لەوبارەیەوە دەخاتەڕوو "ئەگەر لایەنەکان بێنە پێش و کۆبوونەوەی فراوان کرا، مەسەلەی پەرلەمانی کوردستانیش تەرح دەکرێ و چارەسەریشی بۆ دەدۆزرێتەوە". گوتیشی "ئێستا کە یەکێتی و گۆڕان هاوپەیمانن، با یەکێتی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێ".

رۆژی 2016/7/14 د.فوئاد حوسێن لەگەڵ عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە شاری هەولێر و رۆژی 2016/7/16 لەگەڵ سەلاحەدین بەهائەدین ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی وەکو نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبووەتەوە. هەروەها ئێوارەی رۆژی 2016/7/24 لە شاری سلێمانی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان کۆبووەوە. (رووداو) لەسەرچاوەیەکی باڵاوە زانیویەتی کە د.فوئاد حوسێن، وەکو نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا کۆبووەتەوە، لەکاتێکدا وا چاوەڕێ دەکرا کە ئەم سیفەتە لەمپەر بخاتە بەردەم دیدارەکە.

هەڵسوڕاوێکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان بە (رووداو)ی گوت "بزووتنەوەی گۆڕان خۆی هیچ پێشنیازێکی نییە، بەڵام ئەو پێشنیازەی د.فوئاد حوسێن دەیخاتە بەردەم کاک نەوشیروان، دیراسەتی دەکەین".

هەمووان چاوەڕێی ئەوەن سەردانەکەی فوئاد حوسێن بۆ سلێمانی شتێکی لێ شین ببێ بۆ

### هەڵسوڕاوێکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان:
## دیراسەتی پێشنیازەکانی بارزانی دەکەین

### ئەبوبەکر هەڵەدنی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو:
## ئەنجامەکان بۆ لێکنزیککردنەوەی پارتی و گۆڕان دڵخۆشکەر نەبوون

چارەسەری دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (رووداو)ی گوت "نزیکەی ساڵێکە پەیام دێن و پەیان دەڕۆن، کۆبوونەوە دەکرێ، هەوڵی دیبلۆماسی زۆرن، بەڵام بێ ئەنجام بوون. بۆیە ئەگەر فوئاد حوسێن پەیامێکی جیاوازی نەبێ، بە هیچ ناگەین"

ئەسەسەرد کە بە کەسێکی ئاگادار لە بڕیارەکانی یەکێتی و گۆڕان هەژمار دەکرێ، لەبارەی پێشنیازەکەی پارتی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان لەلایەن یەکێتییەوە دەڵێت "دەتوانین پێشنیازەکەی پارتی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان لەلایەن یەکێتییەوە تاوتوێ بکەین و دواتر لەگەڵ گۆڕانیش قسە دەکەین". بەڵام بەبڕوای ئەسەسەرد کاراکردنی پەرلەمان کۆتایی بە چارەسەرکردنی کێشەکان ناهێنێ "ناکرێ پەرلەمان کارا بکرێتەوە و بابەتی دیکە وەک خۆیان بمێننەوە، ئەمە پاکێجێکە و دەبێ پێکەوە بێ".

ئەسەسەرد هۆشداری دەدات لە ئەگەری ڕێکنەکەوتنی لایەنەکان و دەڵێت "ئەگەر لەو ماوەیەدا نەگەینە ڕێککەوتن، ئەوا بۆ ماوەیەکی درێژ لێک دووردەکەوینەوە".

هەڵسوڕاوەکەی گۆڕان دەڵێ چەند مەلەفێک هەن دەبێ چارەسەری بنەڕەتییان بۆ دابنرێ، ئەویش: مەسەلەی پۆستی سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتەکانی، پەرلەمانی کوردستان، داهاتی نەوت و شەفافیەت لەو کەرتەدا، مەسەلەی دارایی. بەڵام وەک ئەو هەڵسوڕاوەی گۆڕان دەڵێت "لێرەو لەوێ هەندێ پەیامی ناڕاستەوخۆ لەلایەن پارتییەوە بە گۆران گەیشتووە کە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم بارزانی ئامادە نییە یەک رۆژ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەربگرێ".

هێمن هەورامی لەوبارەیەوە دەڵێت "ئەسڵەن پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لای بارزانی مەتڵەب نییە، ئەگەر مەتڵەب بووایە لە 2015/6/13 داوای هەڵبژاردنی نەدەکرد، هەروەها لە 2016/1/1 سێ پێشنیازی نەدەخستە ڕوو بۆ چارەسەرکردنی پرسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان". بەبڕوای هەورامی "ئەگەر شەڕی داعش نەبووایە بارزانی یەک رۆژ لەو پۆستەدا نەدەبوو، بەڵام وڵات لە شەڕدایە و پێویستی بە بڕیاری فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان هەیە و ناکرێ ئەم وڵاتە لە بۆشایی بهێڵرێتەوە".

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە ڕێگەی سەلاحەدین محەممەد بەهائەدین ئەمینداری گشتیی ئەو حیزبەوە لە هەفتەی یەکەمی مانگی حەوتدا لەگەڵ گۆڕان و یەکێتی و پارتی لەسەر خەت بوو بۆ لێکنزیککردنەوەی پارتی و گۆڕان. بەڵام وەک بەرپرسانی یەکگرتوو دەڵێن، هەوڵەکانی بێ ئاکام بوون. یەکێتیش دەڵێ هەوڵەکەی یەکگرتوو هیچی لێ سەوز نەبوو.

ئەبوبەکر هەڵەدنی، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی لەبارەی ئاکامی هەوڵەکانی ئەمینداری گشتی یەکگرتوو زانیاری زیاتر ئاشکرا دەکات و دەڵێت "مامۆستا سەلاح سەردانی کاک نەوشیروان و بارزانی کرد و کاک نێچیرڤان و بەرهەم ساڵح و هێرۆخان و قوباد تاڵەبانیشی بینی، بەڵام وەڵامێکی دڵخۆشکەری دەستنەکەوت".

هەڵەدنی هۆشداری دەدات لە ئەگەری ڕێکنەکەوتنی لایەنەکان و دەڵێت "تەنیا دوو ڕێگا هەن یان ئەوەتا لایەنەکان بگەنە ڕێککەوتن، یان کوردستان دەبێت بە دوو هەرێم نەک دوو ئیدارە".

هەروەها فەرید ئەسەسەرد لەبارەی هەوڵەکەی یەکگرتوو گوتی "هەوڵەکەی مامۆستا سەلاحەدین درێژەپێدەری هەوڵێکە کە بڕیار بوو لەگەڵ فوئاد مەعسوم ئەنجامی دابایە، بەڵام پارتی هەڵیوەشاندەوە و ئەوکات گوتی کاتی پێشنیاز نییە". گوتیشی "ئێستا سەلاحەدین بەهائەدین بەناوی خۆی ئەو پێشنیازەی پێشکەش کرد، بەڵام هیچی لێ سەوز نەبوو، چونکە پارتی دیدێکی تایبەت بەخۆی هەیە و نایەوێ دەستکاری دیدی خۆی بکات، بۆیە هەر هەوڵێک هەبێ شکست دێنێ".

### شیعە دەیانەوێ پێش گرتنەوەی مووسڵ دەستوور هەموار بکرێت

# دەستووری عێراق کۆدەنگی بۆ کورد دەگێڕێتەوە



**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

ئەو عێراقەی دەستوور هێڵەکانی کێشاوە، دەمێکە بە دڵی لایەنە شیعەکان نییە، چونکە ئێستا سوننەش دڵخوازی هەرێمێکن کە لە دەسەڵاتی ناوەندی دووریان بخاتەوە و هەر هیچ نەبێ دەستڕۆیشتووی نێو پارێزگاکانی خۆیان بن لە دوای ڕەوینەوەی هەوری داعش. پەرلەمانتارێکی کورد دەڵێ "هەموو فراکسیۆنە کوردییەکان یەکدەنگین بۆ ڕێگریکردن لەو جۆرە هەموارەی ئێستا بۆ دەستوور داوا دەکرێ".

شاخەوان عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، لەبارەی داخوازیی ژمارەیەک پەرلەمانتاری شیعەی عێراق کە داوایان کردووە دەستووری عێراق هەموار بکرێ، دەڵێت کورد دڵنیایە لەوەی ئەنجامەکە تەنیا کێشە دروستکردنە بۆ کورد "مادەی 140 و مادەی چوار کە مافەکانی کوردی تێدایە، دەیانەوێ دەستکاری مەسەلەی دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی هەرێم یان فیدراڵی بکەن، بۆیە هەوڵی زۆر دەدەن ئەو مادانەی بەرژەوەندی کوردیان تێدایە، یان پەیوەندییان بە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، دەستکاری بکەن".

ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی پارتی دەڵێت دەستکاریکردنی دەستوور بەو شێوەیەی کە داوا دەکرێ، بەلای کوردەوە هێڵی سوورە "شیعەکان دەیانەوێ پێش ئازادکردنی مووسڵ، ئەوە یەکلایی بکەنەوە و ڕێگری لە بەردەم ڕاگەیاندنی هەرێمەکان دابنێن لەنێو دەستووردا، تاوەکو سوننە بیر لە ڕاگەیاندنی هەرێم و فیدراڵی نەکەنەوە".

هەفتەی ڕابردوو لە دانیشتنی ئاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، سەلیم جبووری، سەرۆکی ئەنجومەن 36 پێشنیازی پەرلەمانتارانی خوێندەوە کە لە نێویاندا چەند پێشنیازێکیان تایبەت بوون بە هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق. دواتر داوا کرا فراکسیۆنەکان نوێنەری خۆیان بۆ پێکهێنانی لیژنەیەک دیاری بکەن، تاوەکو لیژنەکە قسە لەبارەی میکانیزمی هەموارکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق بکەن و ئەنجامێک بدەنەوە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان.

بەبڕوای سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق، ئەوە وەک کردنەوەی دەرگای کێشەیەکی گەورە وایە لەسەر عێراقی بە کێشە دەورەدراو.

موسەننا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ بارودۆخی عێراق زۆر لەوە خراپترە کە ئێستا دەست بۆ پرسی هەستیاری لەو جۆرە ببرێ "عێراق شێواوە و بەشێک لە وەزیرەکان دەستیان لە کارکێشاوەتەوە و بەشی زۆری وڵات لەنێو خوێن و ئاژاوە و تەقینەوە و داعشدا دەتلێتەوە و ئەوانەی ئەم پرسانە دەجوڵێنن، ئەجێندایەکیان هەیە کە دوورە لە ویستی خەڵکەوە".

گوتیشی "دەستبردن بۆ پرسی دەستوور، کردنەوەی دەرگایەکە کە کێشەی زۆرتر و گەورەتر بۆ عێراق دێنێ، ئێستا ئەوەی پرسی گرنگ و هەنووکەیین بۆ خەڵک، نەهێشتنی گەندەڵی و کێشەی مووچە و بودجە و ئاسایش و ناوچە وێرانبووەکان و پەیوەندیی نێوان لایەنەکانە".

زوو زوو پرسی هەموارکردنی دەستوور، پەرلەمانتاران بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکات. هەروەک چۆن لە خولەکانی ڕابردووشدا سوننەکان ئەو ڕۆڵەی ئێستای شیعەکانیان دەبینی لە بەدەستەوەگرتنی ئەو داخوازییانەدا. ئێستا کە شیعە کۆنترۆڵی تەواوی جومگەکانی دەسەڵاتیان کردووە لە عێراقدا و لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی داعشەوە جارێکی دیکە خاک و زەویی سوننە دەخەنەوە ژێر ڕکێفی سیاسیی خۆیان، سوننە پەلەیانە هەرێمێکی سوننە ڕابگەیێنن و ئەوەش بابەتێکە کە بەغدا نایەوێ.

ئارێز عەبدوڵڵا، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێیوایە ئێستا هەموو فراکسیۆنە کوردستانییەکان بە باشی تێگەیشتوون لەوەی داخوازیکەرانی هەموارکردنەوەی دەستوور چ جۆرە عێراقێکیان دەوێ و دەڵێ لەوەتەی دەستوور پەسەند کراوە تاوەکو ئێستا بەردەوام کەسانێک هەن داوای هەموارکردنی دەکەن، ئەو لایەنانەی داوای هەموارەکە دەکەن، لە کاتێک بۆ کاتێک مەبەستی داواکارییەکەیان گۆڕاوە "بەڵام هەموو جارێک دوو خاڵی سەرەکی هەیە لە مەبەستەکەیان کە ئەویش کەمکردنەوەی مافی پێکهاتەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان و بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان و فراوانکردنی دەسەڵاتی ناوەندە لە بەڕێوەبردنی عێراقدا".

ئەو پەرلەمانتارە ئاماژەی بەوەدا کە هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێ دەستوور هەموار بکات، بەبێ ئەوەی هەموو لایەنە عێراقییەکان ڕێکبکەون لەسەری.

لە دەستووردا هاتووە، ئەگەر دانیشتووانی سێ پارێزگا دەنگ بدەن لە دژی هەموارکردنەوەی ئەوا پەسەند ناکرێ. ئارێز عەبدوڵڵا دەڵێ "ئێمە هەرکات زانیمان هەوڵی وا لە ئارادایە، ئەوکات چوار پارێزگامان هەیە و لە دژی دەنگ دەدەین".

ناکۆکیی نێوان لایەنەکانی هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە ئاستێک کە دەرفەتی دانیشتن و کۆبوونەوەیان ئاستەم بووە، بەڵام ئێستا گوێیان لە دەنگی پێیەکانی مەترسییەکە کە لە چارەنووسی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکانی نزیک دەبێتەوە. هەر ئەوەش وای لێکردوون یەک دەنگ بن.

ئەحمەد حاجی ڕەشید، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ عەرەبەکان و بەتایبەت شیعەکان، ئەو هەموارە دەکەنە دەرفەتێک تاوەکو بڵێن مادەی 140 بەسەرچووە "بەڵام ئێمە دەڵێین بەسەر نەچووە، پێشتر لیژنە پێکهێنرا تاوەکو تاوتوێی هەموارکردنەکە بکەن، لیژنەکە هیچی پێنەکرا و دواتر لیژنەی دیکە پێکهێنرا. هەندێک بابەت جێگیرە لە نێو دەستووردا، بەڵام بە گشتی کورد تاوەکو ئێستا دانیشتنی بۆ ئەوە نەکردووە، تاوەکو راو بۆچوونی خۆی دیاری بکات لەو بارەیەوە".

ئەحمەد حاجی ڕەشید، هەروەها دەڵێ ئەو خولەی پەرلەمانیش کۆتایی دێت و دەستوور هەموار ناکرێت "چونکە شیعە دەیەوێ مەسەلەی فیدراڵی پێداچوونەوەی پێدا بکرێ و دەیانەوێ دیباجە ساخ بکرێتەوە کە ئایا بەشێکە لە دەستوور یان نا، چونکە تەنیا لە دیباجەدا هاتووە کە عێراق وڵاتێکی فیدراڵییە و هەوڵێک لە هەوڵەکانیش بۆ ئەوەیە دیباجە بە دەسوور ئەژمار نەکرێ".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (417) - دووشەممە 2016/7/25

## ئایندە چاوەڕێی وەڵامی یەکێتییە

**ڕووداو- سلێمانی**

نەسروڵڵا سورچی، بەرپرسی مەکتەبی سیاسی حیزبی ئایندەی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بۆ تاوتوێکردنی یەکگرتنەوەمان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان، یەکێتی داوای زانیاری سەبارەت بە ئەندامان و مووچەکانیان لێکردین، ئێمەش ناوەڕاستی هەفتەی ڕابردوو تەواوی ئەو زانیارییانەمان لە مەکتەبی سیاسی تا پلەی ئەندام ناوەند بۆ ڕەوانە کردوون و ئێستا چاوەڕێی وەڵامی ئەوانین بۆ ئەوەی کارەکانی خۆمان بکەین"، ماوەیەکە پرسی گواستنەوەی کاری سیاسی حیزبی ئایندە بۆ نێو یەکێتی دەستی پێکردووە و بۆ ئەو مەبەستەش چەند کۆبوونەوەیەک لەنێوان قادر عەزیز سکرتێری ئایندە و یەکێتی کراوە.



# "ڤایرۆس"ێک لە بازاڕی دۆلارفرۆشانی هەولێر دەدات

## باوکی ئەو کەسەی 50 ملیۆن دۆلارەکەی برد کۆمپانیای حەج و عومرەی هەبوو

## دۆلارفرۆشێک: (ع) دەستی لە قورئان دا کە خیانەتم لێ نەکات، کەچی شەش ملیۆن دۆلاری برد

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

بازاڕی دۆلارفرۆشانی هەولێر بە "متمانەپێکراوترین" بازاڕ لەسەر ئاستی عێراق هەژمار دەکرێ، ئەمە وایکردووە کە 90%ی خاوەن نووسینگەکانی ئاڵوگۆڕی دراو، نووسینگەکانیان بگوازنەوە بۆ ئەو بازاڕە، بەڵام "ڤایرۆس"ێک کە لە کەرکووکەوە هاتبوو، لە بازاڕەکەی دا و بە جارێک 50 ملیۆن دۆلاری خەڵکی بازاڕەکەی برد.

بردنی ملیۆنان دۆلار لە بازاڕی دۆلارفرۆشانی هەولێر لەلایەن کەسێکەوە، ئێستا قسەی گەرمی نێو بازاڕەکەیە، بەڵام پارەکە وەک دۆلارفرۆشانی هەولێر دەڵێن، پارەی ئەوانەیە کە تازە هاتوونەتە نێو بازاڕەکەوە.

لە بەرامبەر پێدانی 10 دۆلار زیاتر لە نرخی حەواڵەکردنی دراو لە بازاڕی دۆلارفرۆشان، خاوەن نووسینگەیەکی ئاڵوگۆڕی دراو، بە نێوی (ع) کە تەمەنی 27 ساڵە، نزیکەی 50 ملیۆن دۆلاری بازاڕی دۆلارفرۆشانی هەولێر و کەرکووک دەبات و هەڵدێت. بە گوتەی دۆلارفرۆشان، ئێستا ئەو کەسە لەگەڵ تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی لە لوبنانن و هەوڵی گەڕاندنەوەیان دەدرێ.

(ع) زیاتر لە ساڵێکە رووی لە بازاڕی دۆلارفرۆشانی هەولێر کردووە و لەو ماوەیەدا متمانەیەکی زۆری بەدەست هێناوە لەکاری کڕین و فرۆشتن و حەواڵەکردنی دراو بۆ دەرەوەی کوردستان.

بۆتان ئەحمەد کە یەکێکە لە کۆنترین دۆلارفرۆشانی هەولێر، بە (ڕووداو)ی گوت "لەبەرئەوەی لە بازاڕی هەولێر متمانە زۆرە و بازاڕەکە ئێجگار فراوان و گەورەیە، زۆرجار هەندێ کەس هەوڵ دەدەن بەخراپی سوود لەم بازاڕە ببینن". بۆتان کە ئاگاداری هەندێ لە کارەکانی (ع) بووە، دەڵێت "یەک کەس لە دۆلارفرۆشە کۆنەکان لەگەڵ (ع) کاری کردووە، لەیەکەم مامەڵەشیدا لەگەڵی، دوو ملیۆن دۆلاری خواردووە". بە بڕوای بۆتان ئەمە یەکەم حاڵەت و دوا حاڵەت نابێت و کەسێکی دیکە پەیدا دەبێتەوە کە بەو شێوەیە پارەی خەڵک ببات.

ئەمە یەکەمجار نییە بە ناوی حەواڵەوە پارەی زەبەلاح لە بازاڕەکانی دراو لە هەرێمی کوردستان دەبردرێ، لە ساڵی 2012شدا کەسێکی ئێرانی لە بازاڕەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک 80 ملیۆن دۆلاری بەناوی حەواڵەوە برد و هەڵات.

بەگوێرەی ئاماری بۆرسەی هەولێر کە دراوەتە (ڕووداو)، ڕۆژانە تاوەکو 40 ملیۆن دۆلار تەنیا لە بازاڕی دۆلارفرۆشانی هەولێر حەواڵەی دەرەوەی کوردستان دەکرێ و زۆرترین حەواڵەش بۆ تورکیایە.

زۆربەی ئەوانەی لەگەڵ (ع) کاریان کردووە، ئامادە نەبوون قسە بکەن. بۆتان ئەحمەد کە ڕۆژانە تەنیا بۆ هێلکە و مریشک، وەک خۆی دەڵێت، نزیکەی دوو ملیۆن دۆلار حەواڵەی تورکیا دەکات، دەڵێت "ئەوانەی لەگەڵ (ع) بوون 100% دۆڕان".

ئێستا هەر 10 هەزار دۆلار بە 20 تاوەکو 25 دۆلار بۆ دەرەوەی کوردستان حەواڵە دەکرێ. بەڵام دۆلارفرۆشەکان دەڵێن (ع) نەک ئەو 20 – 25 دۆلارەی کرێی حەواڵەی وەرنەدەگرت، بەڵکو بۆ 10 هەزار دۆلار 10 دۆلاریشی دەدایە ئەو کەسانەی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد.

عەلی شوکر کە بە عەلی دووزی ناسراوە لە بازاڕی دۆلار فرۆشان و یەکێکە لەوانەی زۆرترین پارەی بردراوە، بە (ڕووداو)ی گوت "(ع) لەماوەی دوو کاژێردا شەش ملیۆن دۆلاری ئێمەی برد و هەڵات". عەلی باسی چۆنیەتی دروستبوونی متمانە لەنێوان خۆی و (ع) دەکات و دەڵێت "(ع) لەلای من دەستی لە قورئان دا کە خیانەتم لێ ناکات، باوکیشی کە لەگەڵی ڕۆیشتووە، 15 ساڵە کۆمپانیای حەج و عومرەی هەیە، ئەوەش وایکرد زۆرتر متمانەی پێ بکەم".

بازاڕی دۆلارفرۆشانی هەولێر بەسەر دۆلارفرۆشانی کۆن و نوێدا دابەش بووە. بۆتان ئەحمەد دەڵێت "ئەوانەی کۆنن نەکەوتوونەتە داوی (ع)ەوە و هەر زوو هەستمان پێکرد، تەنانەت هەندێک لەوانەی مامەڵەیان لەگەڵ هەبووە ئاگادارمان کردنەوە، بەڵام گوێیان پێ نەدا".

زیاتر لە 200 نووسینگە و مێزی ئاڵوگۆڕی دراو لە بازاڕەکەدا هەن. لەو بازاڕەدا تەنیا گوێت لە دەفتەر و بلۆکە دۆلار دەبێت و تەنانەت پارە لەناو گونیە و فەردە دەکرێ.

دۆلارفرۆشان دەڵێن سەرەڕای ئەوەی ناوبەناو کەسێکی وەکو (ع) پەیدا دەبێت و پارەی خەڵک دەبات، بەڵام هێشتا بازاڕی دۆلارفرۆشانی هەولێر، متمانەپێکراوترین بازاڕە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

هەرچەندە عەلی دووزی بە جارێک شەش ملیۆن دۆلاری لەدەستچوو، بەڵام بڕیاری داوە بەردەوام بێت و دەڵێت سەرمایەداری وا هەبووە ملیۆنێک دۆلاری خستووەتە بەردەستی بۆ ئەوەی کاری پێوە بکات.

عەلی باسی متمانەی ئەو بازاڕەی کرد و نموونەی بە ڕووداوێک لە بەغدا هێنایەوە و گوتی "ڕۆژی 2016/7/20 لە بەغدا دۆلارفرۆشێک لەبەرچاوی باوکی لەسەر شەقام کوژرا و شەش ملیۆن دۆلاریان برد، بەغدا ئاوهایە. لەوێ کەس ناوێرێ پارە بە دەستەوە بگرێ، پارە لەنێو کارتۆن دادەنێن و دەیبەن بۆ بانک، یان لە ڕێگەی کۆمپانیای ئەمنی و بە ئۆتۆمبێلی درع دەیبەن بۆ بانک، بەڵام لە هەولێر چوار ملیار دینار لەسەر پشتی عارەبانەیەک دادەنێن و دەیبەن بۆ بانک".

ئەو ئارامی و ئاسایشەی لە هەولێر هەیە بە گوتەی دووزی زۆر لە عەرەبەکانی هانداوە بێن لە هەولێر کار بکەن "بەڕاستی ئەمنیەتی هەولێر لە واشنتنیش بەهێزترە بۆ پارە، ئێستا 90%ی عەرەبەکانی بەغدا هاتوونەتە هەولێر نووسینگەیان کردووەتەوە، بە مەزەندەی ئێمە 500 ملیۆن دۆلاریان هێناوەتە نێو بازاڕەکە".

هەر لەسەر متمانە لە بازاڕی هەولێر، بۆتان ئەحمەد دەڵێت "ئێستا بازاڕی هەولێر متمانەپێکراوترین بازاڕە لە تەواوی عێراقدا، خەڵکی بەغدا دەڵێن لە بازاڕی هەولێر دزی و فرت و فێڵ نییە و ڕوو لە هەولێر دەکەن، بەڵام ئەوەی (ع) وەکو ڤایرۆسێک بوو هاتبووە نێو بازاڕەکە، ئەویش لەڕێگەی هەندێ کەسی بازاڕەکەوە بوو، ئەگینا خۆی نەیدەتوانی ڕاستەوخۆ بێتە نێو بازاڕەکە".

### دزی مەحاڵە

بە گوتەی خاوەن نووسینگەکانی دراو، بازاڕی دۆلارفرۆشانی هەولێر بە جۆرێک لەژێر کۆنترۆڵدایە، مەحاڵە دزی لێ بکرێ.

حاجی سابیر کە ئەندامی ئەنجوومەنی دۆلارفرۆشانی هەولێرە، دەڵێت "هەر خاوەن نووسینگەیەک لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە کامێراکانی دووکانەکەی بەستووەتەوە بە کامێراکەی و دەتوانێت نێو قاسەکەی خۆی ببینێ". گوتیشی "هەر کەسێک هەوڵی دزی بدات لەنێو بازاڕەکە یەکسەر ئالارم بەکاردەکەوێ و ئاشکرا دەبێ. ئەمە جگە لە بوونی پاسەوانی تایبەت و شارەزا، ئەمەش وای کردووە کە خەڵکی بازاڕەکە بە ئارامی بخەون و خەمی پارەکانیان نەبێت".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

# گۆڕان و یەکێتی خۆیان بۆ ڕۆژی ئاڵوگۆڕی پارێزگاری سلێمانی ئامادە دەکەن

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

هەرچەندە نزیکەی سێ هەفتەی ماوە بۆ ئاڵوگۆڕی پۆستی پارێزگاری سلێمانی لەنێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان، بەڵام بەپێی گوتەی بەرپرسەکانیان، پێناچێت لەو وادەیەدا ئەو ئاڵوگۆڕە بکرێت، بۆ دانانی پارێزگاری داهاتووش کە واژۆی بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی پێویستە، بەرپرسێکی گۆڕان دەڵێت "چۆن بارزانی وەکو ئەمری واقیع خۆی فەرز کردووە، بە ئەمری واقیع پارێزگارێکی نوێش بۆ سلێمانی دادەنرێت".

بەپێی ڕێککەوتنی یەکێتی نیشتمانی و بزووتنەوەی گۆڕان کە لە کانوونی یەکەمی 2014دا واژۆیان کردووە و وێنەشی لە میدیاکاندا بڵاوکرایەوە، باسی ئاڵوگۆڕی چەند پۆستێک لە سنووری پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەڕین کراوە کە لە خاڵی سێیەمدا هاتووە "کاندیدی یەکێتی بۆ دوو ساڵی یەکەمی پۆستی پارێزگاری سلێمانی بریتییە لە د.ئاسۆ فەرەیدوون کە لە ڕێکەوتی 2014/12/11 دەستبەکار دەبێت تاوەکو ڕێکەوتی 2016/8/9. کاندیدی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ دوو ساڵی دووەمی پارێزگاری سلێمانی بریتییە لە د.هەڤاڵ ئەبوبەکر کە لە ڕێکەوتی 2016/8/10 دەستبەکار دەبێت تا ڕێکەوتی 2018/4/30".

بەڵام د.هەڤاڵ ئەبوبەکر سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "وادەی ئاڵوگۆڕەکە ڕۆژی 2016/8/20یە، نەک 2016/8/10. ئەوەی دوو ساڵ بە دوو ساڵ کە میدیاکان بڵاویانکردووەتەوە هەڵەیە، چونکە دەقی ئەو ڕێککەوتنەی ئەنجوومەنم لەلایە کە بە واژۆی مەکتەبی سیاسی هەردوولایە و لەبەردەستی ئەنجوومەنیشە و دەڵێت ئاڵوگۆڕەکە ڕۆژی 20ی ئاب دەبێت".

هەڤاڵ ئەبوبەکر گوتیشی "ڕۆژی 8/19 پارێزگاری ئێستا دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەشی ئەنجوومەن دەکات، ئەنجوومەنیش دەتوانێت لە هەمان ڕۆژدا یاخود دوای ئەو ڕۆژە دانیشتن بکات و دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ ئێمە بکاتەوە".

هەرچەندە هەندێک کەس پێشبینی دەکەن ئەو ئاڵوگۆڕە نەکرێ، بەڵام ڕێکەوت زەکی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە دووری دەزانێت کە لەسەر ئەو ئاڵوگۆڕە کێشە دروست ببێ و گوتی "خەڵکانێک گرەویان لەسەر ئەوە کردووە کە ئەم ئاڵوگۆڕە پەیوەندییەکانی یەکێتی و گۆڕان بەرەو ئاڵۆزی ببات، بەڵام ئەوە ڕوونادات".

سەبارەت بە کاتی ئاڵوگۆڕەکەش، ڕێکەوت گوتی "بەپێی ڕێککەوتنەکە ئەو ئاڵوگۆڕە لە ڕۆژی 2016/8/10 بۆ ئەو دوو پۆستە و پۆستەکانی دیکەش دەبێت بکرێن، بەڵام لەبەرئەوەی یەکێتی و گۆڕان ڕێککەوتنێکی دیکەشیان هەیە و نێوانیشیان زیاتر بەرەو پێشەوە دەڕوات، ئەو دوو پۆستە پۆینتێکی بچووکی ئەو ڕێککەوتنە گەورەیەیە، ئاڵوگۆڕەکەش مەسەلەیەکی ئاسانە و نابێتە کێشە".

هەروەها فەرهاد تۆفیق، سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی نیشتمانی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، دەبێت ئاڵوگۆڕەکە لە کاتی خۆیدا بکرێت و دەبووایە لە ئێستاشەوە ئامادەکارییەکان بکرێن.

فەیسەڵ ئیبراهیم، سەرۆکی فراکسیۆنی خزمەتیش لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی گوتی "بەپێی ڕێککەوتنەکە ڕۆژی 2016/8/10 دەبێت ئاڵوگۆڕەکە بکرێ، بەڵام گرنگ نییە چ ڕێکەوتێکە، بەڵکو ئەو دوو لایەنە بەرپرسن لە جێبەجێکردن و جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکە". فەرهاد گومانی هەیە ئاڵوگۆڕەکە لەو وادەیەدا بکرێت و گوتی "پێموایە ئەو پرۆسەیە لە کاتی خۆیدا بەڕێوە ناچێت".

سەبارەت بەو گومانە هەڤاڵ ئەبوبەکر گوتی "هەموو لایەک دەزانن بارودۆخی سیاسی و یاسایی و کارگێڕی لە کوردستاندا شێواوە، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەڕۆژی 2015/8/19ەوە تەواو بووە، پەرلەمانی کوردستان پەکخراوە، قەیرانی سیاسی و ئیداریی لە هەرێمدا هەن کە پێویستیان بە چارەسەرکردنە، ئاڵوگۆڕەکەش لەبەرئەوەی ئالیەتێکی یاسایی و کارگێڕی هەیە بووەتە بەشێک لەو پاکێجە گشتییەی کە دەبێت لەگەڵ کۆی پرۆسەکەدا تەواو بکرێت. لەبەرئەوەی تائێستا بارودۆخە گشتییەکە نالەبارە، پێویستە سەرەتا سەرقاڵی ڕاستکردنەوەی بارودۆخە گشتییەکە بین بۆ ئەوەی هەموو پرۆسەکەی دیکە بە یاسایی بڕوات".

بەپێی ڕێککەوتنەکە پارێزگاری داهاتووی هەڵەبجە بۆ یەکێتی دەبێت، بەڵام ئەحمەد قەدەفەری، جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی نوێی شارەزووری یەکێتی بە ئاماژەدان بەوەی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ دەکرێت، گوتیشی "تائێستا داوای کاندیدیان بۆ ئەو پۆستە لێنەکردووین".

### کێشەی واژۆی بارزانی

د.غازی دزەیی، بەڕێوەبەری گشتی هەماهەنگی لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە، لەبەرئەوەی پارێزگار پلەی تایبەتە، د.هەڤاڵ یاخود هەر کەسێکی دیکە بکرێتە کاندید بۆ پارێزگاری سلێمانی پێویستی بە واژۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، کاتێک سەرۆکی هەرێم فەرمانی بۆ دەردەکات، دەتوانێت دەستبەکار بێت، ئەگەرنا بە وەکالەت پۆستەکەی پێ دەسپێردرێت تا ئەو کاتەی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە فەرمانەکەی بۆ دەردەچێت.

ئایا لەڕووی یاساییەوە ئەو ڕۆژەی کە ئاڵوگۆڕ دەکرێت، ئاساییە دواتر فەرمانی هەرێمی بۆ دەربچێت؟ دزەیی گوتی "هەندێجار وا کراوە، بەڵام لەو کاتەدا دەبێت فەرمانەکە وا دەربکرێت کە لە ڕۆژی دەستبەکاربوونییەوە جێبەجێ دەکرێت".

بۆ دەستپێکردنی ئامادەکارییەکانیش بۆ ئاڵوگۆڕەکەی پارێزگای سلێمانی، د.غازی دەڵێت "لەڕووی کاتەوە زۆر کێشە دروست نابێت ڕەنگە لەو هەفتەیەدا کارەکان بکرێن، بەو مەرجەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە یاخود لە بەرەکانی شەڕ نەبن".

ئاڵوگۆڕی پارێزگاری سلێمانی کە دەبێت بدرێتە گۆڕان، پێویستی بە واژۆی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە کە هەمانکات سەرۆکی پارتیشە، لە کاتێکدا ئێستا پەیوەندییەکانی پارتی و گۆڕان لەوپەڕی خراپیدایە.

دانا عەبدولکەریم، بەرپرسی بەشی حکومەت لە ژووری پەرلەمان و حکومەت لە بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت "سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەڕووی یاساییەوە وجودی نییە تا پێویستمان بەو واژووە بێت، وەک چۆن بارزانی بە ئەمری واقیع خۆی فەرز کردووە، بە ئەمری واقیع پارێزگارێکی نوێ بۆ سلێمانیش دادەنرێت".

## هەڤاڵ ئەبوبەکر:
## ڕۆژی 20ی ئابی داهاتوو ئاڵوگۆڕەکە دەکرێ

## ڕێکەوت زەکی:
## 10ی ئابی داهاتوو ئاڵوگۆڕەکە دەکرێ



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

## یان کۆبیش، نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بۆ (ڕووداو):

# ئەولەویەت بۆ کورد دەبێ شەڕی داعش بێت نەک سەربەخۆیی



**یان کۆبیش، نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ عێراق، بەمەش بەرزترین بەرپرسی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە لە عێراق. یان کۆبیش لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) کۆمەڵێک پرسی لەگەڵ تاوتوێ دەکرێت، لەوانەش پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، قەیرانی دارایی لە باشووری کوردستان و عێراق، داهاتووی عێراق لە پاش جەنگی داعش و بە تایبەتیش پرسی سەربەخۆیی باشووری کوردستان.**

هەڤپەیڤین: مەجید نیزامەدین گلی
ڕووداو - نیویۆرک

**ڕووداو: بەگوێرەی زانیارییەکانمان بەریتانیا و چەند ئەندامێکی دیکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی داوای گۆڕانکارییان کردووە لە ئەولەویەتی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق. بەڵام دەگوترێ بەڕێزت پێت باش نییە گۆڕانکاری بکرێت، بە تایبەتی بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بتوانێت دەسەڵاتی زیاترت پێبدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە هەولێر و لە بەغداش؟**

**یان کۆبیش:** ئەم گفتوگۆیە هەلێکی باشە بۆ من بۆئەوەی وەڵامی چەند پرسیارێکی خەڵک بدەمەوە. باسی گۆڕینی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانت کرد، پێموایە بەرنامەی ئێستا وەک پێویست چڕوپڕە و هەموو ئەو ئامراز و میکانیزمانەی تێدان بۆ ئەوەی بتوانم لە هەموو بوارە پێویستەکاندا کار بکەم. بۆم دیاریکراوە چۆن هاوکاری حکومەتەکان بکەم، چۆن هاوکاریی خەڵک بکەم، چۆن پشتگیریی شەڕی دژی داعش بکەم. چۆن پشتگیری مافەکانی مرۆڤ بکەم و چۆن هاوکار بم بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە سەرەتاییەکانی لێقەوماوان. چۆن هاوکاری ئەجێندای گەشەپێدان بکەم، هەروەها چۆنێتی کارکردنم لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. لەو ڕوانگەیەوە، بەڕای من ئەوەی پێویستە گۆڕانکاری نییە لە بەرنامەی کاردا، بەڵکو پێویستە گۆڕانکاری لە شێوازی جێبەجێکردنی بەرنامەکە و ئالیەتەکاندا بکرێت. گەر هەڵە نەبم، ئەوە تێگەیشتنی چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنی ئاسایشیشە. ئەوە تێگەیشتنی من و خوێندنەوەی منە بۆ ڕەوشەکە.

**ڕووداو: بەڵام وەکوو ڕەخنەگرانیش دەڵێن، وا هەست دەکرێت کە بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بەپێی پێویست چالاک نییە. پێتوانییە کە دەبێت ئەنجوومەنی ئاسایش دەسەڵاتی زیاترت بداتێ، ئێستا ئەمریکا براگەورەیی دەکات لە عێراق، چی ڕێگرە لەوەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەو ڕۆڵەی هەبێت؟**

**یان کۆبیش:** پێموایە لەوەدا کەمێک بە هەڵە تێگەیشتن هەیە. سەرەتا، پێویستە چارەسەرەکان و ڕێککەوتنەکان بە هەماهەنگی سەرکردە سیاسییەکان بن، بە ڕاوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و خەڵک. ڕەوشەکە هێندە بێسەروبەر نییە کە پێویست بکات نەتەوەیەکگرتووەکان کۆنترۆڵی هەموو شتێک بگرێتە دەست. عێراق وڵاتێکی دیموکراسییە و نوێنەرانی خەڵک لە پەرلەمانن، هێزە سیاسییەکانیش هەموو ئامرازەکانیان لەبەردەستدان. ئێمە لەو ڕووەوە هاوکارییان دەکەین کە هەوڵ دەدەین گفتوگۆ لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا ڕێکبخەین. هەروەها ئاسانکاری بۆ بەدیهێنانی چارەسەر دەکەین لە نێوان بەغدا و هەولێر. جارێکی دیکەش دووبارەی دەکەمەوە پێموایە بەرنامەی کارکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان گونجاوە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە. ئەگەر سەیری کارکردنی هاوکارەکانم بکەی لە ناوچە جیاوازەکاندا، نەک تەنیا لە هەولێر و سلێمانی و کەرکووک، بەڵکو لە ژمارەیەک شاری دیکەی عێراقیش چالاکییان هەیە. ئێمە پێمانوایە ناتوانین

### لە قۆناغی دووەمی ئازادکردنی مووسڵ نزیک بووینەتەوە

### تورکیا لایەنێکی بەهێزی شەڕی دژی داعشە

چارەسەر بخەینە بەردەم هێزە سیاسییەکانی عێراق، بەڵام ئاسانکاریی زۆریان بۆ دەکەین. لەبارەی قەیرانەکانیش، ئێمە هەوڵ دەدەین پێشنیاز و بۆچوونی خۆمان بخەینەڕوو بۆ ڕزگاربوون لەو قەیرانانە.

**ڕووداو: هەفتەی ڕابردوو ڕاپۆرتێکی وردتان لەبارەی شەڕی داعش پێشکەش بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرد. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە چی لە دوای داعش دێت؟ ئایا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هیچ پلانێکی بۆ عێراقی پاش داعش هەیە؟ هەروەها ئایا ئێستا هیچ گفتوگۆیەک لە نێوان هەولێر و بەغدا لەبارەی داهاتووی عێراق هەیە؟**

**یان کۆبیش:** پرسیاری ئەوەت کرد کە ئایا هیچ گفتوگۆیەک هەیە لەنێوان هەولێر و بەغدا لەبارەی داهاتووی عێراق؟ پێموایە ئەمە بابەتە گرنگەکەیە. ئەوە ئەرکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نییە ڕێگەچارە و چارەسەر بخاتە بەردەم وڵاتێکی خاوەن سەروەری. ئێمە دەتوانین بیرۆکەی خۆمان پێشکەش بکەین. ئەگەر سەیری ئەو پەیامانە بکەی کە پێشکەشی ئەنجوومەنی ئاسایشم کرد، دەتوانی بە ڕوونی ببینی پەیامەکان چین، وەکو ئاشتەوایی نیشتمانی و سازشکردن و دادپەروەری و چەندین بابەتی دیکە. ئێمە بیرۆکە و پێشنیازی خۆمان هەیە، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە گفتوگۆ لەنێوان لایەنە ناکۆکەکاندا بکرێت. شتێک زۆر ڕوونە، باوەڕم وایە پێویستە وانەیەک لە سەرهەڵدانی دڕندانەی داعشەوە فێربین، سەرەتا چەندین ناوچەی فراوانی عێراقی داگیرکرد بەبێ هیچ بەرهەڵستییەکی دانیشتووانی ناوچەکە، هەروەها ئەو ڕاستییەی کە ئێستا ڕەوشەکە پێچەوانە بووەتەوە، زیاتر و زیاتر خەڵک لەوە تێدەگەن کە داعش هیچ داهاتوویەکی بۆ ئەوان پێ نییە. ئێستا خەڵکەکە بەشداری دەکەن لە شەڕی دژی داعشدا بۆ ڕزگارکردنی ناوچە جیاوازەکانی عێراق. ڕەنگە ئەوە ئاماژەیەکی دروست بێت بۆ بەدیهاتنی چارەسەر لە داهاتوودا. ئەوەی پێویستە ئەوەیە ئامادەکاری بکرێت بۆ ئەوەی چارەسەرێک بدۆزرێتەوە بە لەبەرچاوگرتنی داواکاری و پێویستییەکانی هەموو دانیشتووان بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئایا سوننەن شیعەن یان کورد و مەسیحی و ئێزدی. پێویستە بە یەکسانی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، پێویستە دادپەروەری هەبێت. پێویستە ئامادەکارییەکە بەجۆرێک بکرێت کە دەسەڵات بدرێتە پێکهاتە جیاوازەکان، لەهەمانکاتدا ئەو هەستەیان لەلا دروست بکرێت کە ئەوان دەسەڵات بەدەست و بڕیاردەری چارەنووسی خۆیانن. ئەوان دەتوانن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بڕیار لەسەر داهاتووی وڵات بدەن.

**ڕووداو: ئێستا هێزەکانی پێشمەرگە کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەیان کردووە کە بە ناوچە کێشە لەسەرەکان ناسراون، لەوانەش شاری کەرکووک. بە ڕای ئێوە ئایا پێویست دەکات دوای جەنگی داعش هێزە عێراقییەکان بگەڕێنەوە کەرکووک و ناوچەکانی دەوروبەری؟**

**یان کۆبیش:** پێویستە پەیڕەوی لە دەستوور بکەن، عێراق دەستوورێکی هەیە و وردەکارییەکانی تێدا خراونەتەڕوو.

**ڕووداو: بەڕێزتان لەگەڵ زۆر لە سەرکردەکانی کورد کۆبوونەتەوە، لەوانەش مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکوەزیران و سەرکردە دیارەکانی یەکێتی و لایەنەکانی دیکە. ئایا ئەوان لەو کۆبوونەوانە پێت دەڵێن کە ئێمە دەمانەوێت لە عێراق جیا ببینەوە؟ ئایا پێتوایە کورد پێش بڕانەوەی جەنگی دژی داعش لە عێراق جیا ببێتەوە؟**

**یان کۆبیش:** تۆ باشتر دەزانی دەستوور چی دەڵێ. پێویستە چارەسەر بۆ ئەم جۆرە کێشانە بدۆزرێتەوە .بەدڵنیاییەوە چارەسەرکردنی کێشەکان بەشێکە لە ئەجێنداکەمان. پێموایە پێویستە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان دەستبکرێت بە گفتوگۆ. لەبارەی کاتی دەستپێکردنی گفتوگۆش، پێموایە ئێستا هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەر بدرێت بۆ هەندێک لە کێشەکان کە زۆر گرنگن و دوای داعشیش گرنگییان دەبێت. کەواتە من دەڵێم هەر سیاسییەکی بەرپرسیار لە بەغدا و هەولێر ئێستا بیر لە قۆناغی دوای داعش دەکاتەوە. ئەم پرسە کۆتایی نایەت، پێویستە گفتوگۆیەکی بەرفراوان لە هەموو بەشە جیاوازەکانی عێراق بکرێت. نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادەیی تێدایە بەپێی توانا هاوکار بێت و ئاسانکاری بکات بۆ سەرخستنی گفتوگۆکان، تەنانەت دەتوانین پسپۆڕی یاساییش بۆ عێراق بنێرین.

**ڕووداو: ئایا پێشبینی ئەوە دەکەیت کورد پێش کۆتایی جەنگی داعش لە عێراق جیا ببێتەوە؟ چونکە لە قسەکانت وادیارە کە ئێستا ئەولەویەتی کورد جەنگی داعش بێت. لەو باوەڕەدایت کورد هەتا دوای لەناوچوونی داعش چاوەڕێ بکات؟**

**یان کۆبیش:** بەڵێ کەس ناتوانێ چاوپۆشی لەوە بکات کە لە هەموو کۆنفرانس و کۆبوونەوەکاندا تێبینی ئەوە دەکرێ کورد تموحێکی گەورەی هەیە بۆ سەربەخۆیی کوردستان. هەر کاتێک قسەم لەگەڵ خەڵکی کورد کردبێت گوتوویانە بەڵێ ئامانجی گەورەمان سەربەخۆییە. لە هەمانکاتدا ئەوەش شتێکی ڕوونە کە زۆربەی هێزە سیاسییەکان و زۆربەی خەڵکی کوردیش تێدەگەن لەوەی چەند ئەولەویەتێک هەن. چەند ئەرکێکی گەورە لەبەردەم خەڵکی عێراق و پێکهاتەکانین، بە هەرێمی کوردستانیشەوە. یەکەم ئەولەویەت تێکشکاندنی داعشە. هێشتا داعش هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر هەموو پێکهاتەکان. ئەگەر سەیری ئایدیۆلۆژیا و کردەوەی دڕندانەی داعش بکەین، دەزانین کە پێویستە بەر لە هەر شتێک ئەو هەڕەشەیە لەناوببرێت. دووەم: ئەگەر قسە لەگەڵ خەڵک بکەی، ڕەنگە باسی تموحەکەیان بکەن، تموحە درێژخایەنەکەیان، بەڵام لەم کاتەدا نیگەرانی گەورەیان چییە؟ نیگەرانییەکە لە ڕەوشی دارایی و کۆمەڵایەتییە، قەیرانی دارایی و نەبوونی مووچەیە. دەتوانی سەردانی هەولێر و سلێمانی بکەی، لەهەمانکاتدا سەردانی بەسرە و بەغدا و کەرکووک بکەی، لە هەموو ئەو شارانە دەبینی نیگەرانی خەڵک چییە. لە هەندێک ناوچەی عێراقیش سەرەڕای ئەوە، نیگەرانیی ئەمنیش هەیە. با ڕەوشی مرۆییش لەبیر نەکەین. وەکو ئەو کاریگەرییەی هاتنی سەدان هەزار کەس بۆ هەرێمی کوردستان لەسەر خەڵکی کوردی داناوە. ئەوە بارێکی قورسە. مافی خەڵکی کوردستانە ئەو تموحەیان هەبێت، بەڵام بەڕای من پێویستە لەم کاتەدا بیر لەوە بکەنەوە ئەولەویەتەکان چین، لەهەمانکاتدا هانی سەرکردە سیاسییەکانیان بدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە سەرەکییەکە کە وەک ئاماژەم پێکرد هەڕەشەی داعشە.

ئەوە ئەو شتەیە کە لە هێزە سیاسییەکان گوێم لێ دەبێت، ئەوان دەڵێن ئێستا چەند کێشەیەک هەن، بەڵام هەڵوێستی خۆیان بە ڕوونی دەربڕیوە و دەڵێن ئەوە گومان هەڵناگرێت تەنیا بیر لەوە دەکەنەوە کە چۆن و کەی سەربەخۆیی ڕابگەیەنن. بە ڕوانین لەو هەڵوێستەیان دەتوانین بزانین بیرکردنەوەیان چۆنە، بیرکردنەوەی زاڵ لەلای سیاسییەکانی کورد.

### بەغدا و هەولێر ڕاپۆرتمان لەبارەی گەندەڵییەوە بۆ دەنێرن

### ئاسانکاری بۆ بەدیهێنانی چارەسەر لە نێوان بەغدا و هەولێر دەکەین

### ڕەوشی عێراق هێندە بێ سەروبەر نییە کە پێویست بکات یوئێن کۆنترۆڵی هەموو شتێکی بکات

**ڕووداو: مانگی حوزەیرانی ڕابردوو لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی ئاسایشدا چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنەکە نیگەرانییان دەربڕی لەبارەی ڕۆڵی چاوەڕوانکراوی تورکیا لە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵ، ڕۆڵی تورکیا لە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵ چۆن دەبێت؟ ئایا ئەوان بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەکە دەکەن؟ ئەگەر بەشداری ناکەن ئایا لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکە هێزەکانی تورکیا لە باشیک دەمێننەوە؟**

**یان کۆبیش:** لەبارەی بەشداری هەر هێزێکی دەرەکی لە شەڕی داعشدا لەناو عێراق، پێویستە پەیڕەوی لە پرەنسیپەکانی پاراستنی سەروەری و یەکگرتوویی عێراق بکرێت. ئەمە بنەمای هەموو شتێکە، لە هەمانکاتدا ئەمە بنەمای شێوازی کارکردنی منە کە ڕێز لە سەروەری و یەکگرتوویی عێراق بگرم. دەمانەوێ هەموو هێزەکانی نێو عێراق لەدژی داعش شەڕ بکەن. لەم کەیسەدا، ڕۆڵی تورکیاش وەک هاوبەشێکی بەهێزی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە شەڕی داعشدا پێویستە لەڕێی دانوستاندن لەنێوان ئەنقەرە و بەغدا دیاری بکرێت. ئێمەش هانی ئەوە دەدەین. خۆشحاڵم کە لێرەوە دەڵێم چەند پێشکەوتنێک بەدی هاتووە لە پلاندانان بۆ ئازادکردنی مووسڵ، ئێستا لە قۆناغی دووەم نزیکبووینەتەوە، ئەنجامدانی گفتوگۆ و دانوستاندن زۆر گرنگە. گومانیشم نییە کە هەموو لایەنەکان دەگەنە ڕێککەوتن. وەک گوتم تورکیا لایەنێکی بەهێزی شەڕی دژی داعشە، بەردەوامیش دەبێت لە شەڕکردن لەسەر ئاستێکی بەرفراوان. سەیری ئەوە بکە کە تورکیا لە سووریا لەدژی داعش دەیکات. ئێستا هەموو ئاماژەکانی ئەنقەرە ڕوو لەوەن کە شەڕی دژی داعش لەلایەن تورکیاوە بەردەوام دەبێت. کەواتە چارەسەرێک دەدۆزرێتەوە، گومانم لەوە نییە.

**ڕووداو: ئێمە سەر باسی قەیرانێکی دیکە لە عێراق، قەیرانی مووچەی هەردوو حکومەتەکەی هەولێر و بەغدا. سەرلێشێوانێکی زۆر هەیە لەبارەی هۆکاری ئەم قەیرانە. لەوانەیە لە نیویۆرک هۆکارەکە بە نزمیی نرخی نەوت بزانرێت، بەڵام بۆ بەشێک لە هاووڵاتیان لە عێراق و هەرێمی کوردستان گەندەڵی و خراپی بەڕێوەبردن هۆکارن. بۆچی نەتەوە یەکگرتووەکان هەتا ئێستا بە جیدی فشاری نەخستووەتە سەر بەغدا و هەولێر بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەی گەندەڵی بکەن؟**

**یان کۆبیش:** بەڵام ئەو کارەمان کردووە، ڕەنگە تۆ زانیاریت لەو بارەوە نەبێت، بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان لەڕێی بەرنامەکانیەوە یان لەگەڵ هاوبەشە نێودەوڵەتی و دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان وەکو بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی بەردەوام کارمان کردووە، لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغدا و هەولێریش کارمان کردووە، گفتوگۆی بونیادنەرمان هەبووە لەبارەی ئەو چاکسازییانەی کە پێویستن، پسپۆڕی تەکنیکیمان بردوونەتە عێراق، پێشنیازمان داونەتێ، هاوکاریمان کردوون بۆ بەرەوپێشبردنی پلانی چاکسازی. لە هەولێر و لەبەغداش ئەو کارەمان کردووە. زۆر لەو پلانانەی کە ئێمە خستوومانەتە ڕوو، بۆ نموونە ئەو پلانانەی پێشکەشی هەولێرمان کردووە، کاریان لەسەر کراوە بە هەماهەنگی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و بانکی جیهانی. کارمان لەسەر چاکسازی لە بەڕێوەبردنی کەرتی دارایی و چاکسازیی ئابووری و چاکسازیی کۆمەڵایەتی کردووە. هەموو ئەم هەنگاوانە نراون، کەواتە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵی خۆی بینیوە لە دابینکردنی پسپۆڕی تەکنیکی و هاوکاریی تەکنیکی.

### هەوڵ دەدەین گفتوگۆ لەنێوان هێزە سیاسییەکانی عێراقدا ڕێکبخەین

**ڕووداو: هەمووومان دەزانین نرخی نەوت بەمزووانە بەرز نابێتەوە بۆ ئاستی جارانی. بە پشتبەستن بە ئەزموونی خۆت و گفتوگۆکانت لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتییەکان ڕاسپاردە و ئامۆژگاریت چییە بۆ حکومەتەکانی بەغدا و هەولێر، بۆ ئەوەی بتوانن هیچ نەبێت قەبارەی قەیرانی مووچە کەم بکەنەوە؟**

**یان کۆبیش:** ئەوە ئەولەویەتە، بەڵام چاکسازیی ئابووری پێویستە بۆ ئەوەی تەواوی سیستەمی دارایی بەشێوەیەکی کاریگەرتر کار بکات. حکومەتی بەغدا و هەولێر سووربوونی خۆیان لەسەر چاکسازی نیشانداوە. باری زیادە بەسەر سیستەمەکەوەیە کە سیستەمی ئیداری لاوازکردووە. چەندین بوار هەن کە دەستنیشانکراون بۆ ئەنجامدانی چاکسازی تێیاندا. ئێستا ئەرکی حکومەتی بەغدا و هەولێرە هەنگاوبنێن بۆ ئەوەی سوود بە خەڵک بگات. خاڵی دووەم، وەک تۆ باستکرد، بەڵێ ڕاپۆرتمان بەدەست دەگات لەلایەن حکومەتی بەغدا و هەولێرەوە کە بەڵێ چەند کەیسێکی گەندەڵی هەن و پێویستە چارەسەر بکرێن، پێویستە بەرچاوڕوونی بدرێتە خەڵک کە چی ڕوودەدات. وەک باسمکرد پێویستە شەفافیەت هەبێت لە بەڕێوەبردنی دارایی گشتی، ئەو کات خەڵک دەزانن هەرچەند ئەگەر پارەی کەمیش بێتە سەر بودجەی گشتیی وڵات، خەڵک دەزانن کە چۆن ئەو پارەیە خەرج دەکرێت. هەروەها ئەو کات دەزانن ئەو داهاتەی هەولێر و بەغدا لە فرۆشتنی نەوتەوە بەدەستیان دەگات چەندە. بۆیە شەفافیەت زۆر گرنگە.

## یان کۆبیش:

- سالی 1999 — 2005 ئەمینداری گشتیی ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاریی ئەورووپا بووە.
- بۆ ماوەی ساڵێک وەکوو نوێنەری تایبەتیی یەکێتیی ئەورووپا لە ناوەڕاستی ئاسیا کاری کردووە.
- ساڵی 2006 بۆ ماوی سێ ساڵ پۆستی وەزیری دەرەوەی سلۆڤاکیای وەرگرتووە.
- ساڵی 2009 — 2011 بەرپرسی کارگێڕیی کۆمیسیۆنی ئابووریی یوئێن لە ئەورووپا بووە.
- ساڵی 2011 — 2014 نوێنەری تایبەتی یوئێن بووە لە ئەفغانستان و سەرۆکی یۆنامی بووە.
- لە 5ی شوباتی 2015 وەک نوێنەری یوئێن لە عێراق دەستبەکار بووە.

## لە ئامەد 56 دامەزراوە و ڕێکخراو دادەخرێن

**رووداو- ئامەد**

گوشاری حکومەت لە ئامەد و دەوروبەری بۆ سەر داو و دەزگای ناحکومی و کۆمەڵە و کۆلێژ و قوتابخانەکانی باکووری کوردستان زیادی کردووە و لە سەرەتای ئەم هەفتەیەدا زانکۆیەک و 19 قوتابخانە و 34 کۆمەڵە و دوو وەقف داخراون و، تۆمەتی هەوڵی بەشداریکردن لە کودەتا دراوەتە پاڵ بەرپرسانی ئەو دەزگایانە. پەیامنێری رووداو لە ئامەد رایگەیاند "دوای راگەیاندنی باری لەناکاو لە تورکیا و باکووری کوردستان، جموجۆڵی سەربازی هێزەکان زیاتر بووە و هێرش دەکرێتە سەر رێکخراو و ناوەندەکان". گوتیشی "بەشێک لەو شوێنانەی داخراون لەوانە زانکۆی دیجلە، بە هەڵە داخراون".



کوردستانی رووداو
ژمارە ( 417 ) - دووشەممە 2016/7/25

## ئامەد زەرەرمەندی یەکەمە

# شەڕ پیشەسازیی باکووری کوردستانی پەکخستووە

**رووداو- هەولێر**

سەرەڕای زیادبوونی ژمارەی ناوچە پیشەسازییەکان و کارگەکان لە باکووری کوردستان، رێژەی بەرهەمهێنان لەچاو ساڵانی رابردوو زۆر لە کورتیی داوە. بەرپرسی ناوچە پیشەسازییەکان شەڕی پەکەکە و سوپای تورکیا لە باکووری کوردستان و بارودۆخی عێراق بە هۆکار دەزانێ.

بەگوێرەی ئامارەکانی ماڵپەڕی وەزارەتی تەکنەلۆجیا و زانستی پیشەسازی لە تورکیا، 284 ناوچەی پیشەسازی لەو وڵاتە هەن کە 13%یان دەکەونە شارەکانی باکووری کوردستان و ژمارەیان 38 ناوچەی پیشەسازییە.

ماڵپەڕەکە بۆ زانینی زیادبوون و کەمبوونی بەرهەم بڕی بەکاربردنی ئاو و کارەبای لەو ناوچە پیشەسازییانە کردووەتە پێوەر. بە گوێرەی وەزارەتەکە بڕی بەکاربردنی کارەبا لە مانگی کانوونی یەکەمی 2014دا لە ناوچەی سەرحەد و ئەرزڕووم 259 ملیۆن کیلۆ وات بووە، بەڵام ئەو بڕە لە هەمان کانوونی یەکەمی 2015دا بۆ 34 ملیۆن کیلۆوات دابەزیوە.

ناوچە پیشەسازییەکان بەر لە هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیران لەڕووی توانای بەرهەمهێنان و پەیداکردنی دەرفەتی کارەوە لە لوتکەدا بوون، بەڵام دوای هەڵبژاردنەکانی یەکی تشرینی دووەم، خەرجکردنی کارەبا و ئاو لە کەمیی داوە. بەهۆی داخستنی رێگاوبانەکان و کەمبوونی ماددەی خاو لە کارگەکان، هەروەها بێ توانایی هەندێک لە کارگەکان لە دانەوەی قەرزەکانیان، ئیفلاسی خۆیان راگەیاندووە و لەکار کەوتوون.

بەڵام ئەم بارودۆخە لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکەی باکووری کوردستان جیاوازە. بە پشتبەستن بە ئامارەکانی وەزارەتی تەکنەلۆجیا و زانستی پیشەسازی، ئامەد لەو رووەوە لە هەموو شارەکانی دیکە زیاتر زەرەرمەند بووە. ئێستا لە کۆی 240 کارگە لە ئامەد تەنیا 180 کارگە کاردەکەن، بەرهەمی ئەو کارگانەش بە رێژەی 20% تاوەکو 50% لە کورتیی داوە و هەزاران کەس بێکار بوون.

لە ناوچەی پیشەسازیی ئامەد لە مانگی کانوونی یەکەمی 2014دا بڕی کارەبای خەرجکراو 77 ملیۆن کیلۆوات بووە، بەڵام لە هەمان مانگی 2015دا نزیکەی 40% دابەزیوە و گەیشتووەتە 45 ملیۆن کیلۆوات.

عەزیز ئۆزکلیچ، سەرۆکی رێکخراوی کارسازان و ناوچە پیشەسازییەکان لە ئامەد دەڵێت، لە ساڵی 2014دا لە سایەی پرۆسەی چارەسەری، ناوچەی پیشەسازیی ئامەد گەیشتە لووتکەی بەکاربردن و بەرهەمهێنان، بەڵام بەتێکچوونی ئاگربەست لەدوای هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیران، ئەو کۆمپانیایانەی دەیانویست وەبەرهێنان بکەن، پرۆژەکانیان راگرت. هەندێکیان مایەپووچ بوون. وەبەرهێنان کەوتە ژێر هەڕەشە.

ئۆزکلیچ باسی ئەو زەحمەتیانە دەکات کە خاوەن کارگەکان و ناوچە پیشەسازییەکان تووشی بوون "لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا بانکەکان داوای قەرزەکانیان کردەوە، رووداوەکانی سووریا و عێراقیش کاریگەرییان لەسەر هەناردەی ناوچەی پیشەسازی دانا".

سەبارەت بە بڕی هەناردەی کەرەستە و ژمارەی کرێکاران لەو ناوچەیە، سەرۆکی ناوچەی پیشەسازیی ئامەد دەڵێت "ناوچەکە توانای دۆزینەوەی دەرفەتی کاری بۆ شەش هەزار کەس هەیە. لە دۆخی ئاساییدا ساڵانە بایی 180 ملیۆن دۆلار کەلوپەلی پیشەسازی هەناردە دەکات، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەو بارودۆخەوە 2000 کەس بێکار بوونە".

### کەمترین زیان لە ماردین

بارودۆخی ناوچەی پیشەسازیی ماردین بە بەراورد لەگەڵ ئامەد باشترە. ناسر دویان، سەرۆکی ناوچەی پیشەسازیی ماردین، پێیوایە سەرەڕای روودانی شەڕوشۆڕ لەناوچەکە، ژمارەی کارگەکان لە هەڵکشاندایە. دویان گوتی "لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 12 کارگە دامەزراون. ئێستاش 130 کارگە لەناوچەی پیشەسازیی ماردین کار دەکەن. پێشبینی دەکەین تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ ژمارەی کارگەکان بگاتە 193 کارگە". ناوچەی پیشەسازیی ماردین، رووبەرەکەی 3300 دۆنم زەویە. دویان دەڵێت ئەوان خەریکی کردنەوەی ناوچەیەکی دیکەی پیشەسازین لە ماردین و مۆڵەتیشیان بۆ وەرگرتووە.

سەبارەت بە گەشەکردنی پیشەسازی لە ئامەد دویان دەڵێت "لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو کارگانەی لە ماردینن تایبەتن بە خۆراک، خۆراکیش لە شەڕ و ئاشتیدا پێویستن، بۆیە پیشەسازی لە ماردین لە کورتی نادات".

لە ناوچەی پیشەسازیی ماردین 3600 هەلی کار هەیە. بە گوتەی سەرۆکی ناوچەی پیشەسازیی ماردین ئەگەر هەناردە لەوپەڕی باشیدا بێت و کارگەکان بە سێ شیفت کاربکەن، ئەو ناوچەیە لە توانایدایە 4500 کرێکار لەخۆبگرێت، بەڵام ئێستا رێژەی بەرهەمهێنان نزیکەی 10% لە ماردین لە کورتیی داوە. ناسر دویان دەڵێت "سەرەڕای هەڵکشانی ژمارەی کارگەکان بە بەراورد بە 2014، گەشەی پیشەسازی 10% لە کورتیی داوە". هۆکارەکەشی بۆ شەڕی پەکەکە و سوپای تورکیا، داخستنی دەروازەی خابوور بۆ ماوەی 45 رۆژ دەگێڕێتەوە و دەڵێت "زۆربەی بەرهەمی کارگەکانی ئێمە بە تایبەتی ئارد، ماکەڕۆن، عەلەف و بەروبوومی دانەوێڵە رەوانەی عێراق و هەرێمی کوردستان دەکرێت. کە لەوێ کێشە و قەیران هەبێ کاریگەری لەسەر رێژەی بەرهەمی ئێمەش دەبێت".

### لە روها بەرهەمهێنان یادی کردووە

روها بە گەورەترین ناوەندی پیشەسازی و ساخکردنەوەی ماددەی خاو لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا و باکووری کوردستان دادەنرێت. لە روها پێنج ناوەندی پیشەسازی هەیە لەگەڵ زیاتر لە 4000 کارگە کە 30 هەزار دەستی کاریان تێدایە.

ئیبراهیم ئیلیتش، بەڕێوەبەری ناوچە پیشەسازییەکانی روها، بە (رووداو)ی گوت "لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا ژمارەی کارگەکان بە رێژەی 40% زیادی کردووە. بەرهەمهێنانی جل و پێڵاو 100% زیادی کردووە. هەموو مارکەکانی جل و پێڵاو لە ئیستانبوڵ کارگەی خۆیان لە روها دەکەنەوە".

ئیلیتش هۆکاری هاتنی مارکەکانی ئیستانبوڵ بۆ روها، بۆ بوونی پەمۆ و دەستکەوتنی ماددە خاوەکانی دیکە لە روها گەڕاندەوە.

بەڵام دەڵێت لە کەرتی پیشەسازیی خانووبەرە بەتایبەتی کارگەکانی چیمەنتۆ، پیڤیسی و ئەلەمنیۆم و کاشی کورتهێنانێکی خێرا هەیە، هۆکارەکەشی بۆ کەمیی داواکاری لەسەر کەرەستەی بیناسازی لە عێراق و هەرێمی کوردستان گەڕاندەوە.



## چاودێرانی تورکیا:

# دوای کودەتاچییەکان نۆرەی سیاسەتکارانی کورد دێت

**رووداو- هەولێر**

رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا لە دوای کودەتا شکستخواردووەکەی 15ی تەممووزەوە بەردەوامە لە هەڵمەتی وەدەرنانی نەیارانی لە دەزگاکانی دادوەری، پۆلیس، سوپا و پەروەردە. ئەم هەڵمەتە بە رادەیەک بەرفراوانە کە زۆر کەس دەپرسن ئاخۆ دوای ئەو پاکسازییە، سیاسەتی ئەردۆغان بەرامبەر دۆزی کورد چ ئاراستەیەک دەگرێ؟

چاودێران و شرۆڤەکاران بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوون. بەشێکیان پێیانوایە هێشتا زووە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، بەشێکیش وا پێشبینی دەکەن کە پاش ئەو پاکسازییە، نۆرە دێتە سەر سیاسەتکارانی کورد.

لەدوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە ساڵی 1923وە تاوەکو ئەمڕۆ، سوپای ئەو وڵاتە شەش جار هەوڵی کودەتای داوە. جگە لە کودەتای 1962/2/22 و کودەتای 2016/7/15، چوار کودەتاکەی دیکە لە (1960/5/27، 1971/5/12، 1980/9/12 و کودەتا سپییەکەی 1997/2/28) سەریان گرتووە و دەسەڵات کەوتووەتە دەستی سوپا یان کەسانێک کە سوپا دایناون.

حکومەتی پارتی دادوگەشەپێدان لە پاش دوایین کودەتای شکستخواردوو دەستی بە گەورەترین ئۆپەراسیۆنی دەستگیرکردن و دوورخستنەوەی کارمەندانی دەوڵەت لەناو دەزگاکانی دادوەری، پەروەردە، پۆلیس و سوپا کردووە و

بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکانی وەزارەتی ناوخۆی ئەو وڵاتە، لە ماوەی پێنج رۆژی دوای کودەتاکەدا 10 هەزار و 410 کەس دەستگیرکراون، بەڵام چوار هەزاریان دواتر ئازادکراون.

هەر لە چوارچێوەی ئەو هەڵمەتەدا 2839 ئەفسەر و سەرباز، 7899 ئەندامی ئەمنیەت، 8777 کارمەندی وەزارەتی ناوخۆ، 15 هەزار و 200 کارمەندی وەزارەتی پەروەردە، 492 کارمەندی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئاینی، 257 کارمەندی سەرۆکایەتی حکومەت، 2354 کارمەندی وەزارەتی وەرزش و لاوان، 614 جەندرمە، 30 والی و 47 قایمقام لە پۆستەکانیان دوورخراونەتەوە.

ئەو دەستگیرکردن و دوورخستنەوانە کاردانەوەی گەورەیان لێکەوتووەتەوە. هەندێک لەوانەی لەدژی کودەتا دەنگیان هەڵبڕی، ئێستا پێیانوایە ئەردۆغان دەخوازێ کودەتای شکستخواردووی سەربازی بکاتە دەرفەتێک بۆ بەرتەسککردنەوەی دیموکراسی و لاوازکردنی ئۆپۆزیسیۆن و دەستەمۆکردنی.

تەها ئاکیۆڵ، گۆشەنووسی رۆژنامەی حورییەت رۆژی 23ی ئەم مانگە لە وتارێکدا لەژێر ناوی (ئاساییکردنەوە) دەڵێت "ئۆپۆزیسیۆن لەدژی کودەتا تاقیکردنەوەیەکی باشی ئەنجامدا، دەبێت ئەوە بۆ ئاساییبوونەوەی پەیوەندیی دەسەڵات – ئۆپۆزیسیۆن لە وڵاتەکەمان زۆر بەباشی بەکاربێنین، چونکە کاتێک کودەتاچییەکان پەرلەمانیان بۆردومان کرد، گوێیان بە مردنی پەرلەمانتارانی ئاکپارتی، جەهەپە، هەدەپە و مەهەپە نەدا کە لەدژی کودەتا لەوێ ئامادەبوون. لە کودەتاکانی پێشوودا ئەو دیمەنەمان نەبینیوە".

فەهیم ئیشق سیاسەتڤان و نووسەری کورد دەڵێت "ئەردۆغان دەخوازێ رۆژانی پاش کودەتا بۆ خۆی بکاتە دەرفەتێک، بۆ ماوەیەک لەژێر ناوی بەرەنگاربوونەوەی پیلانی کودەتا هەڵدەکوتێتە سەر جەماعەتی گوڵەن، سوپا، پۆلیس و بیرۆکراتەکان. بۆ لەناوبردنی میدیا و بازرگانیی جەماعەت خەریک دەبێت. پێیوایە بەم شێوەیە دەتوانێ وڵات بێ ئۆپۆزیسیۆن بکات".

زۆربەی پسپۆڕانی کێشەی کورد پێیانوایە دوای ئەوەی دەسەڵاتی ئاکپارتی دەگاتە ئەو باوەڕەی کە دەزگاکانی دەوڵەتی خاوێن کردووەتەوە و بە گوێرەی خۆی دیزاینیان دەکاتەوە، ئینجا نۆرەی سیاسەتکارانی کورد دێت.

محەممەد جاهید ئەبراری، پسپۆڕ و توێژەر لە ناوەندی (Samer) بۆ لێکۆڵینەوە بە (رووداو)ی گوت "هەڵبەتە سیاسەتی کوردی دوای کودەتا دەچێتە قۆناغێکی خراپتر. تەنیا بۆ تورکیا نا، بەڵکو بۆ کوردستانیش بارودۆخێکی زۆر خراپتر دێتە ئاراوە. بارودۆخەکە درێژە دەکێشێت یان کورتخایەنە، ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، ئەوەی هەیە بارودۆخێکی زۆر خراپتر دێتە پێشەوە".

ئەبراری زۆرتر لەبارەی تابلۆی دوای کودەتا قسە دەکات و دەڵێت "حکومەت باری نائاسایی بەپێویست دەزانێ، رێککەوتنی مافی مرۆڤی یەکێتیی ئەورووپا هەڵدەپەسێرێ، ئەمەش نیشانی دەدات کە ئیدی زۆر زیاتر پێشێلکاریی مافی مرۆڤ روودەدات. لەگەڵ ئەمە کوردستان بە دەستی باری نائاسایی و شەڕەوە دەناڵێنێ، پێموایە چەند هەفتەیەکی دیکە دوای ئەوەی حکومەت لە مەسەلەی کودەتا پێداویستییە بە پەلەکانی جێبەجێ دەکات، دەست بەدەستگیرکردنی پەرلەمانتارانی هەدەپە دەکات".

فەهیم ئیشق قسەکانی ئەو توێژەرەی (Samer) پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت "لەو کاتەی حکومەت پێیوایە هەموو شتەکان لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدایە، هەڵدەکوتێتە سەر باڵی مەدەنیی سیاسەتی کورد. تەنیا بەم شێوەیە دەتوانێ سیستەمی سەرۆکایەتی بە مۆدێلی تورکی بخاتە واری جێبەجێکردنەوە. کاتێک بینی هەموو ئۆپۆزیسیۆنی بێ کاریگەر کردووە، ئەو هەنگاوە بە کودەتای هەڵبژاردنی پێشوەخت تەواو دەکات".

لە ساڵانی 2007 تاوەکو 2011 بۆچوونێک هەبوو کە بەهێزبوونی ئەردۆغان لە بەرژەوەندیی چارەسەری پرسی کوردە، بەڵام ئێستا کورد لە بەهێزبوونی ئەردۆغان دەترسێن، چونکە زۆر کەس پێیانوایە بەهێزبوونی ئەردۆغان بەو رادەیە لەنێو تورکیا نابێتە هۆی کۆتاییهاتنی شەڕ لەدژی پەکەکە، هەروەها تورکیا لە سیاسەتەکانی لە دژی پەیەدە لە رۆژئاوای کوردستان پاشگەز نابێتەوە.



(فۆتۆ: AFP)

پارێزەر دۆغان ئەرباش، سەرۆکی لقی هەدەپە لە ئیستانبوڵ، پێیوایە ئێستا ئەردۆغان بەهۆی رەنگدانەوەکانی کودەتا لەسەر نێوخۆی تورکیا و مەترسییەکانی بۆ سەر دەسەڵاتی ئاکپارتی، ئاگربەستێکی لەگەڵ هەدەپە راگەیاندووە. دۆغان بە (رووداو)ی گوت "هیوادارم ئەو ئاگربەستە مەبەستی دیکەی لەپشت نەبێ و ببێتە دیاردەیەکی بەردەوام، بەڵام بە پشتبەستن بە قسەکانی ئەردۆغان لەدوای کودەتا، گۆڕانکارییەک بەدی ناکرێت، سیاسەتی توندڕەوی دژ بە کورد درێژەی هەیە. دوای چەند رۆژی دیکە مەسەلەکان بە تەواوەتی یەکلایی دەکرێنەوە".

هەر لەوبارەوە پرۆفیسۆر ئەحمەد ئۆزەر بە (رووداو)ی گوت "پێویستە ئەردۆغان سیاسەتی خۆی بەرامبەر کێشەی کورد بگۆڕێت، بەڵام دەترسێم لەوەی ئەردۆغان هەوڵی کودەتای سەربازی بکاتە دەرفەتێک بۆ کودەتایەکی مەدەنی. ئەوکاتە ئەو چاوەڕوانییەمان بەبا دەچێت، بەڵام ئەگەر شکستخواردنی کودەتا بۆ بەرفراوانکردنی دیموکراسی بەکاربێنێت، ئەو کاتە بەبێ چارەسەری کێشەی کورد دیموکراسی بەرفراوان نابێت".

بەڵام پرۆفیسۆر وەهاب جۆشکون مامۆستا لە زانکۆی دیجلە دەڵێت هێشتا زووە بۆ زانینی هەڵوێستی ئەردۆغان بەرامبەر کێشەی کورد لە دوای کودەتای 15ی تەمووز. جۆشکون کە رەخنەی زۆری لە لێدانی خەندەقەکانی پەکەکە لە شارەکانی باکووری کوردستان گرتووە، دەڵێت "15ی تەمموز نیشانیدا کە شەڕی مەسەلەی کورد، قورسایی سوپا لەسەر سیاسەت زیاتر دەکات و مەترسی کودەتا زیاتر دەکات. بەڵام چارەسەری سیاسیی کێشەی کورد، کۆتایی بە هەژموونی سوپا دەهێنێ".

محەممەد جاهید ئەبراریش دەڵێت "پێویستە حکومەت ئەوە بزانێ کە تورکیا هیچی دیکە توانای هەڵگرتنی باری شەڕی نییە، دەبێت حکومەت وریا بێت تورکیا نەبێتە سووریا و کێشەی کوردیش نەبێتە کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل. بۆ ئەمە پێویستە ئەردۆغان دەستپێشخەریی بۆ سەر مێزی گفتوگۆ. دەبێت دوای کودەتا ئەو رێگایە هەڵبژێرێت، چونکە کودەتا بۆ هەموو کەس هەڕەشەیە".

کوردی ئێزدی وەسیەتی پیاوە خۆبەخشەکە جێبەجێ دەکەن

# ئەمریکییەک بووە یەکەم بیانیی نیشتەجێی گۆڕستانی شەرفەدین

مجێوری مەزارگەی شەرفەدین:

## ئەو پیاوە خزمەتی زۆری ئێمەی کرد، بۆیە قبوڵمان کرد لە شەرفەدین بنێژرێ

ناسر عەلی
ڕووداو- شنگال

بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئاینی کوردی ئێزدیدا ڕێگە دەدرێت کەسێکی غەیرە ئێزدی لە مەزارگەی شەرفەدین بنێژرێ کە ئەویش کریستیانێکی ئەمریکی بوو. مجێوری مەزارگەکە دەڵێت ئەو کەسە خزمەتێکی زۆری ئێمەی کرد، بۆیە ڕێگەیان داوە تەرمەکەی لە شەرفەدین بنێژرێ.

لیلیان سکوت کە لە کوردستان بە مستەر لی بانگ دەکرا، مامۆستایەکی خۆبەخشی ئەمریکی بوو، ماوەی چوار مانگ بوو لە کەمپێکی ئاوارەکاندا خزمەتی کوردی ئێزدیی دەکرد، بەڵام هەفتەی ڕابردوو بەهۆی جەڵتەی دەماغەوە کۆچی دوایی کرد و لەسەر داوای خۆی و بە ڕەزامەندیی کەسوکارەکەی، لە مەزارگەی شەرفەدین لە شنگال لە مەراسیمێکدا بەخاک سپێردرا.

مستەر لی لە ڕێگەی ڕێکخراوی (JHFK) کە ڕێکخراوێکی کوردییە هاتبووە باشووری کوردستان و لە کەمپی باجێت کەندالا کە کەمپێکی تایبەت بە کوردی ئێزدییە خزمەتی ئاوارەکانی دەکرد.

نەمام غەفووری، بەرپرسی ڕێکخراوی (JHFK) چیرۆکی هاتنی ئەو ئەمریکییەی بۆ کوردستان باس کرد و گوتی "بە کارێک لە ئەمریکا بووم، لەوێ مستەر لیم ناسی، کە باسی ڕەوشی کوردی ئێزدیم بۆ کرد بڕیاری دا کارمان لەگەڵ بکات و وەکو خۆبەخشێک بێتە کوردستان".

مستەر لی چوار مانگ لەمەوبەر گەیشتبووە هەرێمی کوردستان. غەفووری دەڵێت "هەر کە گەیشتە ئێرە گوتی بۆ ماوەی چەند مانگێکی کەم لێرە دەمێنمەوە، بەڵام دواتر بڕیاری دا بۆ ماوەیەکی درێژ لێرە بمێنێتەوە، ئێرەی زۆر پێ خۆش بوو".

مستەر لی لە کەمپدا وانەی زمانی ئینگلیزی بە منداڵی کەمپەکان دەگوتەوە و دەیویست منداڵانی کوردی ئێزدی فێری زمانی ئینگلیزی بکات. غەفووری دەڵێت ئەو بەردەوام لەڕێگەی تەلەفۆن و ئیمەیڵەوە پەیوەندی بە کەسوکارەکەی خۆیەوە لە ئەمریکاوە دەکرد و دەیگوت "کوردستان شوێنێکی زۆر خۆشە، ئەگەر مردم تەرمەکەم مەبەنەوە ئەمریکا و هەر لەنێو ئێزدییەکان بمنێژن". غەفووری دەڵێت "بۆیە کە مردیش کەسوکارەکەی گوتیان زۆر حەزی لە کوردستان بوو، دەمانەوێ بە مردوویش هەر لەنێو ئەو خۆشیەدا بمێنێتەوە".



لیلیان ستارنفۆد سکوت لە ساڵی 1949 لە ویلایەتی هاوای لە ئەمریکا لەدایک بووە، بڕوانامەی ماستەری هەبوو، لە ژیانی خۆیدا سێ جار خێزانی پێکەوە ناوە و لە هەر سێ ژنەکە حەوت منداڵی هەبوو (پێنج کوڕ و دوو کچ)، ساڵانێکی زۆر لە ڕیزەکانی پۆلیسی ئەمریکادا خزمەتی کردووە، دوای ئەوەی خانەنشین دەبێت، وەکو خۆبەخشێک بۆ ماوەی دوو ساڵ دەچێتە بەیروتی پایتەختی لوبنان.

نەمام باسی مردنی مستەر لی دەکات و دەڵێت "ڕۆژی دووی ئەم مانگە تووشی جەڵتەی دەماغ بوو، گەیاندمانە نەخۆشخانەی ئازادی لە دهۆک، بەڵام بەهۆی ئەوەی جەڵتەکە بە توندی لێی دابوو ڕۆژی دواتر گیانی سپارد، دوای ئەوەی پەیوەندیمان بە کەسوکارییەوە کرد و ڕەزامەندیی ئەوان و باڵیۆزخانەی ئەمریکامان لە عێراق وەرگرت، لەسەر وەسیەتی خۆی ڕۆژی 21ی ئەم مانگە لە ڕێوڕەسمێکی ئاینی و سەربازیدا لە مەزارگەی شەرفەدین بەخاک سپێردرا".

بەپێی بیروباوەڕیان، ئێزدییەکان ڕێگە بە کەس نادەن لە ئاینەکەیان دەربچێت و کەسی ئاینەکانی دیکەش بێتە نێویان و ببێتە ئێزدی، بەڵام ئەوە یەکەمجارە ڕێوڕەسمی ئاینیی تایبەت بەخۆیان بۆ مردوویەکی غەیرە ئێزدی ئەنجام بدەن و ڕێگە بدەن لە گۆڕستانی تایبەت بەخۆیان بنێژرێت.

بەحری شێخ ئیسماعیل مجێوری مەزارگەی شەرفەدین لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "کە زانیمان مستەر لی وەسیەتی کردووە لەنێو ئێزدییەکان بەخاک بسپێردرێ، یەکسەر قبوڵمان کرد، چونکە ئەو مامۆستایە لە ماوەی ئەو چوار مانگەی لێرە بووە، خزمەتێکی زۆری منداڵانی ئێزدی کردووە".

جگە لە کەسایەتی ئاینییەکانی کوردانی ئێزدی، قەشەیەکی کریستیانیش لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی مستەر لی ئامادەبوو، قەشە ئەیاد گوتی "ئەم ئەمریکییە پێکەوە ژیانی نیشانی ئێمە دا، بۆیە دەبێ هەموومان وەکو ئەو بیر بکەینەوە".

ئەفسەرانی سوپا تەنیا هاوارکردنیان بەدەستە

# سەربازانی عێراق بە ئاڵای داعشەوە فیلم دەردێنن

ئەیوب نوری
ڕووداو- گەیارە

بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو سەربازێکی کوردی ناو سوپای عێراق لەسەربانی ماڵێکی گوندی کەبەروول لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە ڕاوەستابوو. سەیری ئەو دووکەڵە ڕەشەی دەکرد کە لەناو شارۆچکەی گەیارەوە بەرەو ئاسمان بەرز دەبووەوە. چەکدارانی داعش بۆ خۆشاردنەوە لەهێرشی ئاسمانی چەند بیرە نەوتێکیان ئاگر تێبەردابوو. دووکەڵی بیرە نەوتەکان وەک بەتانییەکی ڕەشی خەمۆک ناوچەکەی داپۆشیبوو.

سەربازانی عێراقی ئەو بەیانییە لەگەرمەی هێرشێکدا بوون بۆ کۆنترۆڵکردنی گوندی ئۆسیجە لەوبەر ڕووباری دیجلە بەرامبەر گەیارە. دەنگی تەقە بەدەم ڕەشەباوە وەک دەنگی دەهۆڵی زەماوەندێکی دوور دەهاتە بەرگوێ. بە دووربینی دوو ئەفسەر کە بێدەنگ لە گۆشەیەکی سەربانەکە دانیشتبوون و جگەرەیان دەکێشا، تەماشام کردو بینیم زۆر لە دوور کۆمەڵێک تانک و زرێپۆش وەک چەند قرژاڵێکی گەورە و بەهێواشی بەرەو ناوچەرگەی داعش دەڕۆن.




تەپوتۆز هەموو شوێنێکی گرتبوو. ڕۆژیش بێبەزەییانە بە سەرمانەوە دەدرەوشایەوە. گڕەی ڕەشەبای گەرمیش لەوە دەچوو لەدەرگای فڕنێکەوە بێتە دەرەوە. سەربازە کوردەکەی تەنیشتم سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد و گوتی "ئەمە کەی شوێنە. کەریش ناتوانێ لێرە بژی".

ساتێک دواتر گوێم لەدەنگی فەرماندەی میحوەرەکە بوو کە لەسێبەری ماڵەکەدا لەسەر کورسییەکی پلاستیکی دانیشتبوو، بەتووڕەییەوە فەرمانی بۆ سەبازەکانی بەرەی پێشەوە دەنارد و دەیگوت "هەر ئێستا بڕۆ ئەگینا قۆڵبەستت دەکەم". سەربازە کوردەکەش لەلێواری سەربانەکەوە سەیرێکی فەرماندە عەرەبەکەی کردو گوتی "بەس دەنگە و هیچی دیکە".

ئەم سەربازە نۆ ساڵ بوو لەناو سوپای عێراقدا بوو، زۆربەی شەڕی دژ بەداعشی بینیبوو. تەنانەت یەکجاریش داعشێکی نەدیبوو خۆویستانە خۆی بەدەستەوە بدات "تەنیا کاتێک خۆ بەدەستەوە دەدەن کە تەقەمەنییان لێدەبڕێ و هیچیان پێ نامێنێ کە شەڕی پێ بکەن یان خۆیان بکوژن".

زۆربەی چەکدارانی داعش خەڵکی ناوچەکە بوون و لەکاتی هاتنیاندا بەتوندی سزای خەڵکی گوندی حاجی عەلییان دابوو لەبەرئەوەی زۆربەیان کارمەندی دەوڵەت، یان سەرباز و ئەفسەر بوون لەنێو سوپای عێراق. هەر بۆیە لەهێرشەکەی ئەو ڕۆژەشدا زۆر لە سەربازەکان خەڵکی گوندی حاجی عەلی بوون و لە سەربازەکانی دیکە زیاتر بەپەرۆش بوون بۆ دەرکردنی داعش لەو ناوچەیە. ڕۆژ ڕۆژی تۆڵەسەندنەوە بوو. جەنگێک لەنێوان خەڵکی هەمان گوند کە نیوەیان داعش بوون و نیوەی سەرباز. لەم کاتەدا سەربازە کوردەکەی تەنیشتم گوتی "دار کرمی لەخۆی نەبێ 100 ساڵ دەژی".

گەیارە لەسەر خاڵێکی ستراتیژی نێوان مووسڵ و هەولێر و کەرکووک و تکریت هەڵکەوتووە. بیرە نەوت و وێستگەی کارەبا و نەخۆشخانە و بنکەیەکی ئاسمانی لێیە. هەر بۆیە چەکدارانی داعش لێرە وەها جێ پێی خۆیان قایم کردبوو کە تەنانەت ناوی سەربازانی نێو سوپاکەی عێراقیشیان دەزانی. خێزان و خزمی سەربازەکان وەک بارمتە دەگرن و ناچاریان دەکەن سیخوڕی بەسەر سوپاکەی خۆیانەوە بکەن. یان هەندێک سەرباز خۆویستانە زانیاری بۆ داعش دەنێرن لەبەرئەوەی لەدڵەوە هەڵگری هەمان بیرۆکەی داعشن. سەربازە کوردەکە دەیگوت "لێرە خیانەت زۆرە. سەربازمان گرتووە کە لەنێو بنکەکەمانەوە زانیاری دەنارد بۆ داعش. جارێکیان چەکدارێکی داعشمان گرت، کاتێک تەلەفۆنەکەی دەستی زەنگی لێدا بینیمان یەکێک لە سەربازەکانی خۆمانە پەیوەندی پێوە دەکات".

لەم جەنگی تۆڵەسەندنەوەیەدا سەربازەکان تەنانەت لاشەی چەکدارەکانی داعشیان نەدەشاردەوە، جێیان دەهێشت تاوەکوو لەژێر تیشکی خۆردا بگەنن. سەربازە کوردەکە دەیگوت "لاشەکان هێندە بۆنیان پیسە کە چەند ڕۆژێک نانت بۆ ناخورێت. من لاواز بووم هێندە لاشەی مردوو ببینم و نانم پێ نەخورێ. جارێکیان چووینە گوندێکەوە و پیاوێکی بەتەمەن و مەڕەکانی لەوێ مابوون. هەر کە ئێمەی دیت گوتی فەرموون مەڕ ببەن و بیخۆن و سەربازەکانیش دەستیان پێکرد، بەڵام من دەستم لەگۆشت نەدا. هەستم بە تاوان دەکرد. دەمزانی ئەو پیاوە لەترساندا ئەو قسەیە دەکات. هەروەها ئەو ڕۆژە ئەوەندە لاشەی مردووم دیبوو کە حەزم بۆ خواردن نەمابوو. بۆیە ناچار سەموونێکم بە چاوە خوارد".

دوای کەمتر لە کاژێرێک ڕاوەستان لە دوورەوە سەیرکردنی شەڕەکە، لەگەڵ چەند سەربازێک بە سواری ئۆتۆمبێلێک بەرەو گوندی ئۆسیجە بەڕێکەوتم، بەڵام لەسەر تەپۆڵکەیەکی نزیک گوند ڕاوەستاین، چونکە چوونە نێو گوند کارێکی ترسناک بوو. چەند خولەکێک دوای ئەوەی ڕاوەستاین، سەربازە عێراقییەکان لەناکاو ئاڵایەکیان دەرهێنا و هەموو کۆبوونەوە بۆ وێنەیەکی بە کۆمەڵ بۆ کامێراکانی بەشی ڕاگەیاندنی سوپای عێراق. من لای خۆمەوە هەستم کرد ئەو ئاڵایە ئاڵایەک نییە لە جەنگدا گیرابێت. قوماشێکی نوێ بوو کە لەژێر تیشکی خۆردا دەدرەوشایەوە یەکپارچە چرچ و لۆچ بوو وەک ئەوەی تازە لەناو پاکەت دەرهاتبێ. دواتر لەدوو سەربازی جیاوازم پرسی لە دوو شوێنی جیاواز، یەکیان گوتی "هەمووی فیلمە" ئەوی دیکە گوتی "بڕوا مەکە".

دوای تەواوبوونی وێنە بە کۆمەڵەکە، سەربازەکان کۆبوونەوە بۆ سەمای بەکۆمەڵ کە لە عێراق پێیدەڵێن هۆسە. بەپۆستاڵەکانیان قاچیان بەزەویدا دەکوتا و تفەنگەکانیان ڕوو لە ئاسمان دەکرد و ستایشی خۆیان دەکرد. یەکێک لە سەربازەکانیان دوو ڕیز فیشەکی بەئاسماندا تەقاند، بەڵام دەستبەجێ ئەفسەرەکەیان لەناو زرێپۆشەکەی هاتەدەرەوە و گوتی "نا نا، مەکەن. فیشەکەکانتان بەفیڕۆ مەدەن. ئەگەر کەڵکیان هەیە لە جەنگدا بەکاریان بێنن". سەربازەکان بە نابەدڵانە فەرمانەکەیان قبوڵ کرد، بەڵام چەند چرکەیەک دواتر فەرمانێکی بەهێزتر هەموویانی بێدەنگ کرد. قەناسێکی داعش لەناو یەکێک لە ماڵەکانی نێو گوندەکەوە لوولەی تفەنگەکەی ڕوو لێکردن و لەچاو تروکانێکدا بڵاوەی پێکردن.

لەسەر تەپۆڵکەکەوە سواری ئۆتۆمبێلێکی هەمەر بووم کە دەچوو سەربازێکی بریندار هەڵگرێتەوە. لەڕێگەدا سەربازی سەر رادیۆی بێتەل بەردەوام ڕێنمایی وەردەگرت تا ئەوکاتەی بۆی دەرکەوت ئاڕاستەکەمان هەڵەیە. شۆفێرەکە لەشوێنی خۆیدا ڕاوەستا و زۆر بە وریایی گەڕایەوە. لەخاڵێکی نزیک ئەو شوێنە لە تەنیشت چەند هەمڤییەکی دیکەوە ڕاوەستاین کە سەربازەکانی ناوی لەترسی فیشەکی قەناسەکانی داعش نەدەوێران بێنە دەرەوە. شۆفێرەکەش داوای لە من و چەند ڕۆژنامەوانێکی دیکە کرد کە بچینە نێو ئۆتۆمبێلێکی گوللەنەبڕی مەزن لەجۆری باجەر. هەر کە دابەزین و پێمان کەوتە سەرزەوی، بووینە نیشانەی قەناسێکی داعش. باجەرەکە دەسووڕایەوە تاوەکو دەرگاکەی لە گوندەوە ڕوو بکاتە پێچەوانەی قەناسەکە و ئێمەش لەپشتەوە لەگەڵی دەسووڕاین. فیشەکیش بەردەوام دەهات. لەحاڵەتێکدا، ڕۆژنامەوانێکی عەرەب کە لەتەنیشت منەوە خۆی حەشار دابوو، لەشوێنی خۆی هەڵگۆزییەوە وەک کەسێک کە دڕکێک بەپێیدا چووبێ یان دووپشکێک پێوەی دابێ. بەڵام کە لەنزیکەوە سەیرم کرد دیم فیشەکێک لە دەرلینگی پانتۆڵەکەی داوە و کونی کردووە. فیشەکی دووەم کە بۆ قاچی من هات بەر ئاسنی باجەرەکە کەوت و هەڵبەزییەوە. چیدی نەماندەتوانی چاوەڕێ بین تاوەکوو باجەرەکە بەتەواوی دەسووڕێتەوە و بەپەلە بەرەو دەرگاکەی ڕامانکرد. لەوکاتەشدا کە دەستم بە دەرگاکەوە بوو فیشەکی سێیەم بەرەو ڕووم هات و من خۆم نەمدی تاوەکو دواتر کامێرامانەکەمان پێشانی دام و دەبینم تەنیا چەند سانتیمێکی مابووە بمپێکێت.

پاش کەمێک لەگەڵ هەمان ئۆتۆمبێلی باجەر بەرەو گوندی کەبەروول گەڕامەوە. لە نێوەی ڕێدا پیکابێک کە دەچوو لە بنکەی سەرەکی لە مەخموور خواردن بۆ بەرەی پێشەوە بێنێت، گەیاندمییە گوند. لەنێو گوندیش، ئەو سەربازانەی سەر لەبەیانی دیبوومن کەوتنە پرسیارکردن لێم و دەیانپرسی "گوندەکە کۆنترۆڵ کراوە؟ چەکداری داعشت بینی؟ ئەمریکییەکان بۆردومانیان دەکەن؟". هەستم دەکرد پیشەی من و سەربازەکان پێچەوانە بووەتەوە. منیش کاتێک باسی قەناسە بێوچانەکە و ئەو جەنگە ترسناکە و نەبوونی فڕۆکەی ئەمریکیم بۆ کردن، یەکێک لە سەربازەکان کە خەڵکی خوارووی عێراق بوو، گوتی "ئەم داعشانە هاتوون دەوڵەتی عێراق بڕووخێنن و دواتریش لەگەڵ پێغەمبەر نانی ئێوارە بخۆن وەک ئەوەی پێغەمبەر چێشتخانەی دانابێ". سەربازەکەی تەنیشتیشی وەک ئەوەی لەگەڵ خۆی بدوێ، گوتی "ئەمە دەوڵەتی ئیسلامی نییە، دەوڵەتێکی بۆمبڕێژکراوە".

## 900 کۆگا بۆ بازرگانان دروست دەکرێ

**ڕووداو- سلێمانی**

نەوزاد غەفوور، جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە مانگی داهاتوو لەسەر ڕووبەری 502 دۆنم، دەست بە دروستکردنی نزیکەی 900 کۆگای بازرگانی لەسەر ڕێگەی عەربەت دەکرێت و پێدەچێت لە دوو ساڵیشدا تەواو بکرێت و دواتریش بەنرخی تێچووەکەی دەدرێتەوە بە بازرگانان. ناوبراو گوتی "پێش دروستکردنی کۆگاکان، سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی بۆ دابین دەکەین و لەگەڵ تەواوبوونی هەر کۆگایەکیش دەیدەینە بازرگانان، تاکە مەرجیشمان ئەوەیە بازرگانەکە بە کردەیی کار بکات".



ڕووداو
ئابووری
ژمارە ( 417 ) - دووشەممە 2016/7/25

# بۆ یەکەمجار لە کوردستان کۆمپانیایەک شەتڵی سەوزە بەرهەمدێنێ

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەمەبەستی گەشەپێدانی بەرهەمی سەوزە لە کوردستان، بۆ یەکەمینجار کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت نەمامگەیەکی تایبەت بە بەرهەمهێنانی شەتڵی سەوزە دادەمەزرێنێ، بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵیش ئەمە بە هەنگاوێک بۆ زیادبوونی بەرهەمی سەوزە دەبینێ.

کۆمپانیایardبۆ بازرگانی کشتوکاڵی، کۆمپانیایەکی خۆماڵیی کەرتی تایبەتە و ماوەی چەند ساڵێکە تۆوی سەوزە هاوردە دەکات و توێژینەوەیان لەسەر دەکات و جۆری گونجاو لەگەڵ کەشوهەوای کوردستانی لێ هەڵدەبژێرێ.

کۆمپانیاکە بۆ ڕەواجدان بە بەرهەمەکانی، لە ساڵانی ڕابردوودا هەندێ خزمەتگوزاری و ڕێنمایی پێشکەشی کڕیارەکانی دەکرد، بەڵام ئەمساڵ شەتڵگەیەکی تایبەت بە بەرهەمهێنانی شەتڵی سەوزەی دامەزراندووە، وەک قۆناغی یەکەمیش زۆربەی شەتڵەکانیان لەسەر خواستی جووتیاران چاندووە.

ئەندازیار دیدار جەمیل، بەڕێوەبەری شەتڵگەی کۆمپانیاکە بە (ڕووداو)ی گوت "دوای ئەوەی بۆمان دەرکەوت بەشێک لە جووتیاران سەرەڕای خەرجی و بەفیڕۆدانی کاتێکی زۆر وەک پێویست سەرکەوتوو نین لە بەرهەمهێنانی شەتڵی سەوزەدا، بیرمان لە دامەزراندنی شەتڵگەیەکی سەوزە کردەوە تا زیانە ئابوورییەکانیان کەم بکەینەوە و هاوکاریان بین لە گەشەپێدانی بەرهەمەکانیان".

لە کوردستان بەهۆی نەبوونی شەتڵگەی گەورە و پێشکەوتوو بۆ بەرهەمهێنانی شەتڵی سەوزە، جووتیاران خۆیان ئەرکی بەرهەمهێنانی شەتڵ و چاندن و تەنانەت بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیشیان لەئەستۆیە، ئەمەش ئەرکی جووتیارانی کوردستانی قورستر کردووە.



مزەفەر شەعبان، جووتیارێکی سنووری ناحیەی گوێرە، ساڵانە 10 دۆنم لە زەوییەکەی بەتەماتە و خەیار و بیبەر و باینجان و چەند سەوزەیەکی دیکە دەچێنێ، هەر خۆشی بەشێوەی کلاسیک شەتڵی پێوست لەژێر نایلۆن بەرهەم دەهێنێ، بەڵام گرفتی لەبەرهەمهێنانی شەتڵەکان هەیە و دەڵێت "وەک پێویست ناتوانین کەشێکی لەبار بۆ ڕووانی شەتڵەکان بڕەخسێنین، بۆیە تەنیا نزیکەی 60%ی شەتڵەکان دەڕوان، بەشێکیشیان خراپ دەڕوان و بەکەڵکی چاندن نەدەهاتن".

مزەفەر ئەمساڵ چانسی خۆی لەگەڵ کۆمپانیای ard تاقیکردووەتەوە و 10 هەزار شەتڵی بیبەر و سێ هەزار شەتڵی باینجان و هەشت هەزار شەتڵی تەماتەی لای کۆمپانیاکە چاندووە. ئەو دەڵێت "مەرجی کۆمپانیاکە ئەوە بوو تۆوی خۆیان بکڕین و بۆ هەر کارتۆنێک شەتڵیش کە 290 شەتڵ دەگرێت، چوار دۆلار و نیویان بدەینێ، لەبەرامبەریشدا ئەوان 90%ی شەتڵەکانمان بەکواڵیتی باش پێبدەن".

بەرهەمهێنانی شەتڵی سەوزە بەکواڵیتی باش پێویستی بە تۆوی باش و کەشێکی لەبار و کات و شارەزایی هەیە. دیدار جەمیل دەڵێت "دوای دامەزراندنی شەتڵگەکە لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوو، خۆشبەختانە توانیمان لە وەرزی بەهاری ئەمساڵ زیاتر لە 2.5 ملیۆن شەتڵی بیبەر، خەیار، تەماتە، باینجان، کاڵەک و شووتی بچێنین و بەکواڵیتییەکی باش بیخەینە بەردەستی جووتیاران، ئەوانیش پێشوازییەکی باشیان لە بەرهەمەکانمان کرد و تەنانەت 60%ی شەتڵەکانمان لەسەر داوای جووتیار بەرهەمهێنا".

دیدار جەمیل ڕەتیکردەوە کە ئامانجیان لە پڕۆژەکە تەنیا قازانج بووبێ و گوتی "قازانجی ئێمە لەم پڕۆژەیەدا تەنیا برەودان بوو بە فرۆشی تۆوەکانمان، دەنا ئەو پارەیەی بۆ چاندنی کارتۆنێک شەتڵ لە جووتیارمان وەرگرتووە تەنیا خەرجی کڕینی کارتۆنەکە و پتمۆس و پەیین و پارەی گەرمکردنی هۆڵەکان و کرێی کرێکاران بووە".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 25 نەمامگەی حکومی بۆ بەرهەمهێنانی شەتڵی دارستان و باخداری و جوانکاری هەن کە ساڵانە پێنج ملیۆن نەمام بەرهەمدێنن. بۆ پڕکردنەوەی بەشێک لە پێویستیی جووتیاران هەندێ لە نەمامگەکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی پێشتر بڕێکی کەم شەتڵی سەوزەیان بەرهەمهێنا، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و دابیننەکردنی بودجە، ماوەی سێ ساڵە هیچ شەتڵێکی سەوزە لە هەولێر و دهۆک بەرهەم نەهاتووە، لە شاری سلێمانیش لە دوو ساڵی ڕابردوودا 5%ی پێویستیی جووتیاران، شەتڵی سەوزە بەرهەم هاتووە.

نەورۆز عەلی سەعید، لێپرسراوی بەشی سەوزە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باخداریی سلێمانی دەڵێت "ساڵانە بەپێی ئەو بودجە کەمەی بۆمان دابینکراوە، نزیکەی ملیۆنێک و 700 هەزار شەتڵی سەوزە بەرهەمدێنین، ئەمەش 5%ی پێویستیی جووتیارانە بۆ شەتڵ".

نەورۆز عەلی گوتیشی "ساڵی ڕابردوو نزیکەی 50 ملیۆن دینارمان بۆ خەرج کرا، ئێمەش بۆ ئەوەی زۆرترین شەتڵ بەرهەمبهێنین تۆوی خۆماڵیمان لە جووتیاران کڕییەوە و دوای چاندنی بەسەر جووتیاراندا دابەشمان کرد، بەڵام بۆ ساڵی داهاتوو لەوانەیە نەتوانین هیچ شەتڵێک بەرهەم بهێنین، چونکە تائێستا هیچ بڕە پارەیەکمان بۆ تەرخان نەکراوە".

بەهۆی نەبوونی شەتڵگەی کەرتی تایبەت و حکومی بۆ بەرهەمهێنانی شەتڵی خانووی پلاستیکی، لە سنووری پارێزگای سلێمانی کە خاوەنی زیاتر لە شەش هەزار خانووی پلاستیکییە، زۆربەی جووتیاران خۆیان شەتڵ بەرهەم دەهێنن، بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکەش هەندێ خاوەن خانووی پلاستیکی لەجیاتی چاندنی بەرهەم، خانووەکانیان تایبەت کردووە بە بەرهەمهێنانی شەتڵی سەوزە.

کامیل داود ئەمین، سەرۆکی کۆمەڵەی گەشەپێدانی خانووی پلاستیکی لە کوردستان، بەپێویستی دەزانێ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت سەرمایەکانیان لە دامەزراندنی شەتڵگەی سەوزە بخەنە کار، کامیل داود دەڵێ "60%ی خاوەن خانووە پلاستیکیەکان خۆیان شەتڵ بەرهەمدێنن و خەرجییەکی زۆر دەکەن، بۆیە پێویستە کۆمپانیای تایبەت ئەو کارە بکات".

حوسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتی دارستان و پاوان و ڕەزگەری لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت وەزارەتەکەیان پێنج ساڵ لەمەوبەر پرۆژەی دامەزراندنی چوار شەتڵگەی سەوزەی لە هەرێمی کوردستان هەبووە، بەڵام بەهۆی دابیننەکردنی بودجە نەکەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

حوسێن حەمەکەریم گوتی "ئێستا خەریکە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت هەنگاو بۆ ئەم بیرۆکەیە دەنێن، بۆیە دڵنیام لەئایندەیەکی نزیکدا کۆمپانیای دیکەش هاوشێوەی کۆمپانیای ard پەیدا دەبن و چاندنی سەوزە قۆناغێکی باش دەچێتە پێشەوە".

# لە پێنجوێن بەرهەمهێنانی بنێشتی کوردی قەدەغە دەکرێت

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

جووتیارانی ناوچەی پێنجوێن ناڕەزایی لە بڕیارێکی وەزارەتی کشتوکاڵ دەردەبڕن بەهۆی ئەوەی ئەمساڵ جیاواز لە ناوچەکانی دیکە ڕێگەیان نادەن بنێشتی کوردی بەرهەم بێنن. بەرپرسی دارستان و پاوانی سلێمانیش دەڵێت هەڵە لە دارشتنی نووسراوێکیاندا هەبووە، بەڵام بەپێی ڕێنماییش ئەگەر دارێک لە ساڵێکدا بنێشتی لێ بەرهەم هات، ماوەی سێ تا پێنج ساڵی دیکە نابێت بنێشتی لێ بەرهەم بهێنرێتەوە.

پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە لە بەرهەمهێنانی بنێشتی کوردیدا بەراورد بە دوو پارێزگاکەی دیکەی هەرێمی کوردستان ساڵانە زۆرترین بەرهەمیان هەیە، لە پارێزگای سلێمانیش شارۆچکەکانی پێنجوێن و قەرەداغ و شارباژێر پشکی شێریان بەرکەوتووە، بەڵام دارستان و پاوانی سلێمانی ئاماری وردی سەبارەت بە بڕی بەرهەمهێنراوی ساڵانەی بنێشتی کوردی لەبەردەستدا نییە، ساڵانەش لە سەرەتای وەرزی هاوین تا نیوەڕاستی مانگی ئاب، بنێشتی کوردی بەرهەم دێت.

نەقیب ئیسماعیل ئیبراهیم، بەڕێوەبەری پۆلیسی دارستانی پێنجوێن بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە ڕۆژی 2016/6/2وە لە بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوانی سلێمانییەوە نووسراویان بۆ کراوە کە دروستکردنی بنێشتی کوردی لەو دارانە لە سێ تا پێنج ساڵ قەدەغە کراوە و گوتی "مەبەستی نووسراوەکەش ئەوەیە ئەو دارانەی بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێن خەریکە بەرەو لەنێوچوون دەچن، ئێمەش لە پێنجوێن و ناحیەکانی گەرمک و ناڵپارێز جێبەجێمان کردووە".

نەقیب ئیسماعیل ڕەخنەی لە جێبەجێنەکردنی ئەو نووسراوە لە ناوچەکانی دیکە هەیە و گوتی "ئەوەی جێی سەرنجە ئەو نووسراوە ناوچەکانی دیکەی نەگرتووەتەوە، بۆیە لەلایەن جووتیارانەوە پەیوەندیمان پێوە دەکرێت کە بۆچی لە شوێنی دیکە بەرهەمهێنانی بنێشتی کوردی قەدەغە نەکراوە".

بنێشتی کوردی لە داری قەزوان بەرهەم دێ. جووتیاران لە وەرزی هاویندا ڕوو دەکەنە کێو و چیاکان، دار قەزوانەکە بە ئامێرێکی تیژی وەکو چەقۆ بریندار دەکەن و دەفرێکی هاوشێوەی جامی بچووک کە لە گڵ دروست دەکرێ، بە خوار شوێنە برینداركراوەکەوە دەلکێنن بۆ ئەوەی شیلەی دارەکە بڕژێتە ناوی. دوای چەند ڕۆژێک دەچن شیلەکە کۆدەکەنەوە و دەیکەن بە بنێشت.

عەبدوڵڵا حاجی محەممەد، جووتیارێکی گوندی کانی مانگای نزیک شارۆچکەی پێنجوێنە و بە گوتەی خۆی ماوەی 26 ساڵە سەرقاڵی ئەو کارەیە، ڕەخنەی لە بڕیارەکەی حکومەت گرت و گوتی "ئەگەر حکومەت ڕێگریشم لێبکات ناچارم هەر بیکەم، چونکە بژێویم لەسەر ئەو کارەیە، ئەوان دەڵێن کارەکەمان مەترسی لەسەر ژینگە هەیە، بەڵام کارێکی واشمان نەکردووە ببینە زیان بۆ ژینگە و دەتوانن لیژنەش بێنن و کەشفی شوێنەکان بکەن".

بەگوتەی ئەو جووتیارە، ئەو بنێشتەی ئەوان تێچووی هەیە و دەڵێت "هەر یەکێک لە ئێمە کە بنێشت بەرهەم دێنێ، دەبێ ساڵانە بڕێک پارە بداتە ئەنجوومەنی گوند بۆ پڕۆژە، بۆ نموونە من ئەمساڵ ملیۆنێک و 400 هەزار دینارم داوە، ئێستاش بڕیار دەرچووە کە نابێت بنێشت بەرهەم بهێنین".

سەبارەت بە بڕی ئەو بنێشتەی ساڵانە کۆی دەکاتەوە، عەبدوڵڵا گوتی "ساڵی وا هەیە 20 تاوەکو 25 تەنەکە بەرهەممان دەبێت، هەر تەنەکەشی شانزە تا بیست کیلۆ دەگرێت، هەر کیلۆی بە 25 هەزار دینار دەفرۆشین".

هەر لەوبارەوە عوسمان ئەمین لە گوندی تەڕاتەوەنی نزیک پێنجوێن کە ئەویش نزیکەی بیست ساڵە ئەو کارە دەکات، دەڵێت ساڵی وا هەیە نزیکەی سەت تا دوو سەت کیلۆ بەرهەم دێنێت "داهاتم بەپێی ساڵە، ساڵی وا هەبووە ملیۆنێک تا دوو ملیۆن دینارم دەستکەوتووە".

سەبارەت بەو پارەیەی ساڵانە لە بەرهەمهێنانی بنێشت خەرجی دەکات، عوسمان گوتی "بەپێی شوێنەکە دەگۆڕێت لە 250 تاوەکو 750 هەزار دینار دەدەینە ئەنجوومەنی گوند".

جەمال ڕەشید، بەڕێوەبەری دارستان و پاوانی سلێمانی هۆکاری قەدەغەکردنی بەرهەمهێنانی بنێشتی کوردی لە ناوچەی پێنجوێن ڕوونکردەوە و بە (ڕووداو)ی گوت "بەرپرسی هۆبەی دارستان و پاوانی پێنجوێن لە ڕۆژی 2016/2/7 نووسراوی بۆ کردووین و دەڵێت زۆربەی ئەو دارانەی سنوورەکەیان ماندوو بوون و پێویستە بواریان بدەنێ بۆ ژیانەوەیان تا لە وشکبوون بپارێزرێن، ئێمەش سێ ڕۆژ دواتر وەڵاممان دانەوە و پێمان گوت "ڕێگە نەدرێت سێ تاوەکو پێنج ساڵی تر هاووڵاتیان بنێشت بەرهەم بێنن".

جەمال ڕەشید تێبینی لەسەر نووسراوەکەی خۆیان هەیە و گوتی "دەبوو لە نووسراوەکەدا بمانگوتایە ئەو دارانەی ماندوو بوون ڕێگە نەدرێت بنێشتیان لێ بەرهەم بهێنرێت، نەک هەموو دارەکان، بۆ ئەو مەبەستەش نووسراوێکی دیکەیان بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو نووسراوەی پێشوو بۆ دەنێرینەوە، ئەو نووسراوەی مانگی شوباتیش تەنیا بۆ ناوچەی پێنجوێن بووە".

بەڵام عەلی ئەحمەد کە لە ناوچەی قەرەداغ ساڵانە بنێشتی کوردی بەرهەم دێنێت، گوتی "ئێمە ساڵانە هەر لەو دارەی کە پێشتر بەرهەممان



هێناوە دووبارە بەرهەمی دێنینەوە و باوەڕیش ناکەین زیانی هەبێت".

وەکو ئەو بەرپرسەی کشتوکاڵ باسی کرد، بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی کشتوکاڵیش ئەگەر ساڵێک لە دارێک بنێشت وەرگیرا، دەبێت لە سێ تا پێنج ساڵ وازی لێ بهێنرێت.

بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەو جووتیارەی دەیەوێ بنێشت بەرهەم بێنێت سەرەتا دەبێت ڕەزامەندی ئەنجوومەنی گوندەکەی وەربگرێت بۆ ئەوەی کێشەی لێنەکەوێتەوە، پاشان نووسراو بداتە یەکەی کارگێڕیی ناوچەکەی خۆی و لەلایەن لیژنەیەکەوە کەشفی بۆ بکرێت و ئەو ڕاپۆرتەش بۆ بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوانی شارەکان بەرز بکرێتەوە، ئەگەریش داواکە پەسەند کرا بۆ هەر دارێک بڕی دوو هەزار دیناریان لێوەردەگیرێ، ئەو پارەیەش تەنیا بۆ یەک وەرزە.

بەپێی ئامارێکی ساڵی 1999ی بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوانی سلێمانی کە دراوەتە (ڕووداو)، لە 321 گوندی سنووری پارێزگای سلێمانی بنێشتی کوردی لە 114 هەزار و 855 دار بەرهەمهاتووە. بەرهەمی ئەو ساڵیش نزیکەی 56 تۆن بووە. جەمال ڕەشید دەڵێت "هەرچەندە ئاماری وردی ئەم چەند ساڵەمان لەبەردەستدا نییە، بەڵام پێشبینی دەکەین ئێستا نزیکەی 75 هەزار دار بۆ بەرهەمهێنانی بنێشت مابن، ئەوانی دیکەش بەهۆی سووتان و وشکبوون لەنێوچوون".

# عێراق لە بازاڕی نەوتی هیندستاندا پێش سعودیە دەکەوێت

ڕێبوار قاسم
ڕووداو- هەولێر




گەرمای وەرزی هاوین و بەرزبوونەوەی داوای ناوخۆیی، سعودیەی تووشی کێشەیەکی نوێ کردووە، لە کاتێکدا ئەم وڵاتە نایەوێت لە کاتی هەرزانبوونی نەوت و خنکانی بازاڕەکان لەنێو نەوتدا، ئاستی بەرهەمهێنانی بەرزتر بکاتەوە.

لە ماوەی ساڵی 2016دا ئاستی نەوتی کۆگاکانی سعودیە بە بەردەوامی دابەزیوە، لە کاتێکدا شانشینی سعودیە دەبێت پێداویستی نێوخۆیی بە وزە دابین بکات.

بەگوێرەی داتاکانی گرووپی دەستپێشخەریی زانیارییەکان کە بنکەی سەرەکی لە ریازە، لە مانگی ئابی 2014ەوە ئەوە یەکەمجارە ئاستی کۆگا نەوتییەکانی سعودیە بەو ڕێژەیە دابەزێت. بەپێی زانیارییەکانی هەمان گرووپ لە مانگی تشرینی یەکەمی 2015ەوە نەوتی ناو کۆگاکان بە ڕێژەی 12% دابەزیوە و ئاستی گەیشتووەتە 289 ملیۆن بەرمیل. ئەوە یەکەمجارە لە ماوەی 15 ساڵی ڕابردوودا ئاستی نەوتی کۆگاکانی سعودیە بەشێوەیەکی بەردەوام دابەزێت.

شرۆڤەکاران پێیانوایە ئەم هەنگاوەی حکومەتی سعودیە ئاماژەیە بۆ ئەوەی سعودیە دەیەوێت باڵانسێک لە نێوان دابینکردنی پێداویستی نێوخۆیی و پاراستن و زۆرکردنی پشکەکانی لە بازاڕەکان دروست بکات، بەو مانایەی سعودیە دەیەوێت لە لایەکەوە پێداویستییە نێوخۆییەکان پڕ بکاتەوە، بەبێ ئەوەی ئەمە کاریگەری لەسەر هەناردەکردنی نەوتی بەرهەمهاتوو دابنێ.

دۆخی بازاڕەکانی نەوت هەستیارە، هەر بۆیە سعودیە نایەوێت ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتەکەی لە 10.5 ملیۆن بەرزتر بکاتەوە کە ئاستێکی پێوانەیی بەرهەمهێنانی نەوتە لە سعودیە و لە مانگی حوزەیرانی 2015دا تۆمار کراوە. ئەگەر سعودیە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خۆی بەرزبکاتەوە، ئەمە ئاماژەیەک دەبێت بۆ وەبەرهێنەران کە هیچ هیوایەک نییە بەوەی بەمزووانە باڵانسی تەواو لە نێوان بەرهەمهێنان و بەکارهێناندا دروست ببێت، لە کاتێکدا هەر ئەم نەبوونی باڵانسەش وای کرد، زستانی ئەمساڵ نرخی نەوت بۆ نزمترین ئاست لە 13 ساڵی ڕابردوودا دابەزێت.

لە مانگی ئابی 2015ەوە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی سعودیە جۆرێک لە هاوسەنگی بەخۆیەوە بینیوە و لە نێوان 10.14 بۆ 10.28 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا ماوەتەوە.

بەڵام کێشەی سەرەکیی سعودیە پاراستنی پشکەکانی خۆیەتی لە بازاڕەکانی جیهاندا و لەم پەیوەندییەشدا کۆمەڵێک ڕکابەری سەرەکی وەکوو ڕووسیا، ئێران، عێراق و ئەمریکا هەن. ئێران پاش لادانی سزاکان گەڕاوەتەوە نێو بازاڕەکان و دەیەوێت زۆرترین پشکی مومکین لە بازاڕەکاندا بەدەست بهێنێت، ڕووسیاش لە ئاستێکی پێوانەییدا نەوت بەرهەم دەهێنێت و ئەمریکاش بۆ یەکەمجار لە ماوەی 40 ساڵی ڕابردوودا دەستی بە هەناردەکردنی نەوتی خاوی خۆی کردووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی ئیکۆنۆمیک تایمز، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا عێراق بوو بە یەکەم گەورەترین دابینکەری نەوتی هیندستان، واتە بۆ یەکەمجار لە مێژوودا پلەی یەکەمی لە سعودیە سەندووە. بەشێکی ئەمەش بۆ ئەو نەوتە قورسە دەگەڕێتەوە کە دەکرێت بۆ دروستکردنی قیر بەکاربهێنرێ.

ئەمە گوشارێکی نوێی لەسەر کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی سعودیە (ئارامکۆ) دروست کردووە، بۆ ئەوەی نرخی نەوتەکەی دابەزێنێ و پشکە لەدەستچووەکانی خۆی لە هیندستان وەربگرێتەوە، بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە ئارامکۆ بە نیازە وەکوو لە پڕۆژەی ڕوئیای 2030 هاتووە، پشکەکانی بخاتە بازاڕەوە.

سعودیە 18%ی پێویستیی نەوتی هیندستان دابین دەکات و بەمەش 5% لە چاو ساڵی پار دابەزیوە. عێراق پێشتر 61%ی نەوتی هیندستانی دابین دەکرد، بەڵام حاڵی حازر نزیکەی 21%ی پێویستیی نەوتی ئەم وڵاتە دابین دەکات.

بەشێک لە هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە سعودیە لە ماوەی چوار مانگی ڕابردوودا نرخی گرێبەستەکانی خۆی بەرزتر کردووەتەوە. ئیحسان ئەلحەق، شرۆڤەکاری بازاڕی نەوت لە کۆمپانیای KBC بەریتانی جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە "ئەگەر ئارامکۆ دەیەوێت پشکەکانی خۆی لە بازاڕەکاندا بەرز بکاتەوە، ئەوە دەبێت کۆمەڵێک گرێبەستی درێژخایەن بە نرخی سەرنجڕاکێش بخاتەڕوو، بۆ ئەوەی بتوانێت ڕووبەڕووی ڕکابەرەکانی خۆی ببێتەوە".

پێویستییە نێوخۆییەکانی وزە لە وەرزی هاویندا بەرز دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی زۆربەی کارەبای ئەم وڵاتە لە ڕێگەی نەوتەوە بەرهەم دێت، هەر بۆیە وەکوو یەکێک لە بەرپرسانی ئارامکۆ بە وۆڵ ستریت جورناڵی ڕاگەیاندووە، ئەمە دۆخێکی نوێ نییە بۆ شانشین و بەردەوامیش دەبن لەوەی نەوتی کۆگاکان بەکاربهێنن نەک ئاستی بەرهەمهێنان بەرز بکەنەوە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا، داوای نێوخۆیی لەسەر نەوت ڕووی لە بەرزبوونەوە ناوە، ساڵی پار 25%ی کۆی نەوتی سعودیە بۆ دابینکردنی پێویستییە نێوخۆییەکان تەرخان کراوە.

بەگوێرەی داتاکانی گرووپی دەستپێشخەریی زانیارییەکان (JODI)، سعودیە لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا 7.3 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە، ئەمەش لە چاو مانگی ئایاری ساڵی پار 5% بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە. ئەمە بەو مانایەیە کە سعودیە لەگەڵ لەدەستدانی پشکەکانی هیندستان و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، کۆمەڵێک پشکی نوێی لە بازاڕەکانی دیکەدا بەدەستهێناوە.

ئۆلیڤەر جاکوب، شرۆڤەکاری نەوت لە گرووپی ڕاوێژکاری پێترۆماتریکس لە سویسرا، پێیوایە سعودیە هیچ چارەیەکی دیکەی نییە جگە لەوەی پەنا بۆ کۆگاکانی بەرێت، چونکە "ئەگەر وای نەکردبا، دەبوو ئاستی هەناردەکردن دابەزێنێت، لە کاتێکدا ئێران لە بۆسەدایە بۆ ڕفاندنی پشکەکانی ریاز لە بازاڕەکانی جیهاندا."

لە 2011ەوە سعودیە هیچکات هێندەی ئەم نزیک یەک ساڵە پشتی بە کۆگاکان نەبەستووە، ئەو کات بەهۆی ڕووخانی حکومەتی موعەمەر قەزافی و وەستانی هەناردەکردنی نەوتی لیبیا بۆشاییی گەورە لە بازاڕەکانی نەوتی جیهاندا دروست بوو، سعودیە بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە و وەرگرتنی پشکی نوێ لە بازاڕەکانی ئەورووپا ناچار بوو لە پاڵ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بۆ دابینکردنی پێویستییە نێوخۆییەکان پشت بە کۆگاکانی نەوتی وڵاتەکەی ببەستێت.

نرخی نەوت لە چاو مانگەکانی یەکەمی ئەمساڵدا بە ڕێژەی 80% بەرزبووەتەوە، بەڵام هێشتاش نرخی نەوت (واتە 47 دۆلار بۆ بەرمیلێک) نیوەی بەهاکانی نەوتە لە نیوەی یەکەمی 2014دا، وەکوو خالد فالیح، وەزیری وزەی سعودیە، ڕایگەیاندووە، وڵاتەکەی پێویستی بەوەیە نرخەکانی نەوت لە نێوان 50 بۆ 100 دۆلار بێت بۆ ئەوەی وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت بەردەوام بێت، دەشڵێت "سعودیە دەتوانێت ڕۆڵێکی سەرەکی هەبێت لە گەڕاندنەوەی باڵانس بۆ نرخەکانی نەوت لە بازاڕە جیهانییەکاندا، لەبەر ئەوەی سعودیە لە بازاڕەکانی نەوتدا بایەخێکی ستراتیژی هەیە".

شرۆڤەکارانی بازاڕەکانی نەوت پێیانوایە تەرکیزی سعودیە لەم قۆناغەی ئێستا لەسەر نرخەکان نییە، بەڵکو لەسەر ڕاگرتنی ئاستی بەرهەمهێنانە لە 10.2 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا.

بەپێی داتاکانی ئارامکۆ، سعودیە دەتوانێت ڕۆژانە 12.5 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنێ، بەڵام هیچکات ئەو ئاستە پێوانەییەی بەشێوەی کردەیی نەپێکاوە. هەندێک لە بەرپرسانی سعودیە دەڵێن تەنیا لە بارودۆخێکی لە ناکاودا بیر لەو بەرهەمهێنانی ئەو بڕە نەوتە دەکەنەوە، یەکێک لەو بارودۆخانەش دەکرێت دابەزینی ئاستی خستنەڕووی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا بێت.

# تورکیا... ترانزێتی وزەی ئەورووپا



بیلال سەعید*

ڕۆژانی ڕابردوو، بەشێوەیەکی خێرا کاریگەریی هەوڵی کودەتا لە تورکیا، لەسەر بازاڕی وزەی جیهانی دەرکەوت و بەهای نەوت بە ڕێژەی 1.5% بەرز بووەوە. هەرچەندە کودەتاکە سەری نەگرت و نرخی نەوتیش جارێکی دیکە ئاسایی بووەوە.

بەڵام پرسیارێک کە پێویستە لێرەدا بکرێت، ئەمەیە: ئایا ڕۆڵی تورکیا لە بازاڕی وزەی جیهانیدا چییە؟ ئایا بارگرژی لە تورکیا چ کاریگەرییەکی لەسەر وزەی جیهان دەبێت؟

تورکیا، بەهۆی ئەوەی تەنیا توانای دابینکردنی 3%ی پێداویستی وزەی لە ناوخۆی وڵاتەکەیدا هەیە، بۆیە دەتوانین بڵێین وڵاتێکی بێ وزەیە، لەبەرئەوە پێویستییەکانی لە بواری وزە لە وڵاتانی دراوسێیەوە دابین دەکات، بەڵام بەهۆی سیاسەتی گرنگیدان بە وزە لە پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکانی و ئابووری و سیاسەتی ئەو وڵاتە، تورکیا توانیویەتی ڕۆڵی ترانزێتی وزە بۆ وڵاتانی ئەورووپا ببینێ.

ئەگەر شیکردنەوەش بۆ داتاکانی یەدەگ و هەناردەی نەوتی وڵاتانی دراوسێی تورکیا بکەین، دەبینین تورکیا دراوسێیە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی زیاتر لە 70%ی نەوتی جیهانن، توانیویەتی وەکوو پردێکی پەیوەندی لە نێوان وڵاتانی خاوەن سەرچاوەکانی وزە و بازاڕەکانی بەکارهێنەری ئەم وزەیە، ڕۆڵ ببینێت.

جگە لەوە بەپێی داتاکانی ناوەندی وزەی ئەمریکا کە ساڵی 2013 بڵاوی کردووەتەوە، تورکیا ڕۆژانە 2.9 ملیۆن بەرمیل نەوت دەگەیەنێتە بازاڕی جیهانی کە دەکاتە 3%ی وزەی جیهان، لەبەرئەوەشە تورکیا ڕۆژ بە ڕۆژ کاریگەرییەکانی لەسەر وزەی جیهان زیاتر دەبێت.

بۆیە پێویستە بزانین پەرەسەندنی نیگەرانییەکان لەبارەی پاراستنی پرۆسەی دابینکردنی وزە لە بازاڕەکانی ئەورووپا و زیادبوونی سەرچاوەکانی دابینکردنی ئەو وزەیە بووەتە هۆی ئەوەی کە تورکیا دەرفەتی بوون بە ترانزێتی وزە بۆ ئەورووپا لەدەست نەدات، ئەمەش یەکێک لە هۆکارەکانی پەنابردنی تورکیا بوو بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا و ئیسرائیل ئاسایی بکاتەوە. لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین هەر هەوڵێک بە ئاراستەی تێکدان و تێکچوونی باری سیاسی و ئابووریی تورکیا ڕەنگدانەوە و کاریگەرییەکی زۆر لەسەر دۆسیەی وزە لە جیهان و بەتایبەت ناوچەکە دروست دەکات.

تورکیا ئەگەر بە وڵاتی بێ وزەش ناسرابێت، بەڵام بە ڕۆڵ بینینی لە پێکەوە گرێدانی بۆڕییەکانی ناوچەکە بە بازاڕەکانی ئەورووپاوە ڕۆژ بەڕۆژ کاریگەریی لەسەر ئابووری و سیاسەت و بازاڕی وزەی جیهانی زۆرتر دەبێت، یەکێک لەو بۆڕییانەش بۆڕیی نەوتی کوردستان- تورکیایە.

لە سەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی هەواڵی کودەتای سەربازی لە تورکیا، میدیای جیهانی بەدوای وەڵامی پرسیارێکدا دەگەڕا: ئایا بۆڕیی نەوتی کوردستان- تورکیا ڕووبەڕووی گرفت بووەتەوە یان نا؟ بۆیە پێویستە بزانین و بپرسین ڕووداوەکانی تورکیا چ کاریگەرییەکی لەسەر دۆسیەی نەوت و گازی کوردستان دەبێت؟

لە ساڵانی ڕابردوودا، هەرێمی کوردستان پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی لەگەڵ تورکیا بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد کرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی کوردستان و تورکیا بەرزببێتەوە.

جگە لەوەی کوردستان دەرگای بۆ کۆمپانیا تورکییەکان لە بواری جیاواز جیاواز واڵا کرد، بەشداربوونی کۆمپانیا تورکییەکانیش لە دۆزینەوە و گەڕان بەدوای نەوتدا لە چەند کێڵگەیەکی نەوت و گەیاندنی نەوتی کوردستان لە ڕێگەی بۆڕی کوردستان- تورکیا پرۆسەیەکی لەبەرچاوترە.

بەڵام ئایا بارودۆخی سیاسی تورکیا کاریگەری لەسەر دۆسیەی نەوتی کوردستان دەبێت؟ ئەوەندەی لە زاری بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و تورکیا لە میدیای تورکیا و کوردستان لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا بڵاوکراوەتەوە، کۆی کارکردن و گرێبەستکردن لە دۆسیەی نەوت لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، وەک پارتێکی سیاسی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی دادوگەشەپێدان، یان پارتی و یەکێتی و ئاکپارتی نەکراوە، بەڵکو کۆی گرێبەستە واژووکراوەکان لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی تورکیا کراوە.

هەرچەندە ئەم وەڵامە نەبووەتە هۆی ئەوەی کە ڕۆژنامەنووسان و پەرلەمانتار و تەنانەت بەشێک لە یەکێتی کە مێژوویەکی لەکارکردن لەگەڵ پارتی هەیە، قەناعەتی بەوە هەبێت کە پرۆسەی نەوت لە نێوان هەرێم و تورکیا وەک حکومەت نەکراوە، بەڵکو هەموو پرۆسەکە بە گرێبەستی نێوان پارتی و ئاکپارتی دەخوێنرێتەوە.

بۆیە بەخوێندنەوە بۆ کاریگەریی تورکیا لەسەر بازاڕی وزەی جیهانی و هەروەها بەهۆی هەبوونی چەندین گرێبەستی جیاوازی وزە لەنێوان هەرێم و تورکیا، بەدڵنیاییەوە هەر بارێکی سیاسی لە تورکیا یان هەرێم بێتە کایەوە ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر ئاڵوگۆڕی بازرگانی و دۆسیەی نەوت و گازی سروشتی لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەبێت، بۆ نموونە لە ماوەی ڕابردوودا بەهۆی شەڕو ئاڵۆزییەکانی باکووری کوردستانەوە، هەناردەی نەوتی کوردستان بۆ نزیکەی یەک مانگ ڕاگیرا و نەوت هەناردەی بازاڕ نەکرا، لە ژێر کاریگەریی هەڕەشە و گوشارەکانی پارتی کرێکاراندا گرفت بۆ پرۆسەی ڕاکێشانی بۆڕیی گازی سروشتیی کوردستان دروست بووە.

جگە لەوەی نزیکەی 20%ی کێڵگە نەوتییەکانی کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی کۆمپانیا نەوتییەکانی تورکیا و بەتایبەت کۆمپانیا نەوتییەکانی نزیک لە حکومەتی تورکیادایە، بۆیە هەر حاڵەتێکی نائاسایی بێتە کایەوە مەترسی پاشەکشەی کۆمپانیا تورکییەکان ئاسانتر دەبێت.

یەکێک لە دۆسیە گرنگەکانی وزە لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، ڕێککەوتننامەی 50 ساڵەی وزەی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیایە، هەرچەندە تا ئێستا ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتنامەیە دیار نییە، بۆیە زۆر گرنگە ئێستا کە ئەگەری هەیە، ئاڵۆزییەکانی تورکیا بەئاسانی کۆتاییان نەیەت، پێویستە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بە دۆسیەی وزە لەگەڵ تورکیادا بچێتەوە. وەڵامی هەموومان بدرێتەوە، ئایا لە ئاڵۆزییەکانی تورکیا و ئەگەری گۆڕانکاری لە پرۆسەی سیاسیی تورکیا، ئایندەی دۆسیەی نەوتی کوردستان لەگەڵ تورکیا چی دەبێت؟

***ڕۆژنامەنووسی ئابووری**



بەرژەوەندییەکانی ئێران و سعودیە لە هەرێمی کوردستان

# ئایا سعودیە پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکات؟



جۆشوا لێفکویتس*

عێراق گۆڕەپانێکی سەرەکیی ململانێی نێوان ئێران و سعودیەیە، هەردوو وڵاتیش هەوڵ دەدەن لە ناوچەی کەنداو باڵادەست بن. کاریگەریی ئێران لە دەیەی ڕابردووەوە لە عێراق دەرکەوتووە و لە زۆر ناوچەی ئەم وڵاتەدا باڵادەستە، یەک لەو ناوچانەش هەرێمی کوردستانە. قسەیەکی باو هەیە دەڵێت "کورد بێجگە لە شاخەکان هیچ دۆستێکی دیکەی نییە"، بەڵام سعودیە دەشێت دۆستێکی نوێی کورد بێت، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت سنوورێک بۆ کاریگەریی ئێران لە عێراق دابنێت، ئەمە جگە لەوەی بەهێزکردنی هەولێر دەکرێت بە مانای لاوازکردنی دەسەڵاتی شیعەمەزهەبی بەغدا بێت. کورد بە هێواشی، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو دەنێت، ئەمەش دەکرێت بوارێکی ستراتیژی و چاوەڕواننەکراو بێت بۆ سعودییەکان بۆ ئەوەی لەوێوە کێشە بۆ ئێران دروست بکەن.

## پەیوەندیی تاران و هەولێر

کوردی عێراق پەیوەندیی کولتووری و زمانیی بەهێزیان لەگەڵ ئێراندا هەیە، ماوەی زیاتر لە چارەکە سەدەیەکیش دەبێت ئێران لە ڕێگەی بەگژیەکداکردنی پارتە سیاسییەکانیەوە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ کوردی عێراق دامەزراندووە. ئێران کاریگەرییەکی زۆری لەسەر یەکێتی نیشتمانیی کوردستان هەیە کە بنکە جەماوەرییەکەی هاوسنووری ئێرانە. بەڵام ئێران پەیوەندییە ئەمنی و بازرگانییەکانی خۆی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەهێز کردووە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش خۆیان لە پارتی دیموکراتی کوردستان نزیک کردووەتەوە.

پەیوەندییەکانی ئێران و حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیرییەکی جەماوەریی خەڵکی ئێرانیشی لە پشتە. ئەمساڵ لە ڕاپرسییەکدا 90%ی ئێرانییەکان پشتگیریی خۆیان دەربڕیوە بۆ ئەوەی وڵاتەکەیان لە جەنگی دژی داعشدا یارمەتی پێشکەش بە کوردی عێراق بکات. جودا لەمە، ڕەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئێران و حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستی ڕاکێشانی بۆڕییەکی گواستنەوەی نەوت واژۆ بکەن کە لە ڕێگەیەوە نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ کەنداو بگوازرێتەوە. حاڵی حازر، نەوتی هەرێمی کوردستان تەنیا لە ڕێگەی یەک بۆڕییەوە لە تورکیاوە بۆ بازاڕەکانی جیهان دەگوازرێتەوە. ئەم گرێبەستە دەکرێت ڕێگە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆش بکات بۆ ئەوەی هێندە وابەستەی بۆڕییەکەی تورکیا نەبێت و هەروەها ئێران و هەرێمی کوردستانیش لە یەکدی نزیک دەکاتەوە.

## هاوکارییەکانی سعودیە

لە بارودۆخێکی ئاوهادا سعودییەکان چییان پێیە بۆ ئەوەی لە پێناو پێشخستنی ئەجێندای خۆیان و ئەجێندای بارزانی بیخەنە سەر مێز؟ حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر پێویستی بە پارەیە و تووشی قەیرانی ئابووری و سیاسی بووە. نزیکەی 250 هەزار پەنابەری سووری پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێناوە، نەتەوە یەکگرتووەکانیش سەرەتای مانگی حوزەیران لە ڕاپۆرتێکیدا لەسەر ئاوارە عێراقییەکان گوتی "ئێستا هەرێمی کوردستان زیاتر لە یەک ملیۆن ئاوارەی عێراقیی تێدایە". چاوەڕێش دەکرێت زیاتر لە ملیۆنێک ئاوارەی عێراقیی دیکە ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن، هەر ئەوەندەی دەست بە جەنگی ئازادکردنی مووسڵ کرا.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێنەوە هەرێمی کوردستان وردە وردە بەرەو سەربەخۆیی هەنگاوی ناوە. ڕیاز هەر لە کاتی دەستبەکاربوونی نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراقەوە، ترسی ئەوەی لێ نیشتبوو کە عێراق ببێتە دەروازەیەک بۆ ئێران، بۆ ئەوەی لەوێوە کاریگەری لەسەر جیهانی عەرەبی دابنێ. سعودییەکان ئاواتەخواز بوون هەرێمی کوردستان بتوانێت ببێتە لەمپەرێک لەبەردەم باڵادەستیی ڕەهای ئێران لە عێراق.

بەڵام جەنگی سووریا لەلایەکەوە ڕێگەی بۆ دەرکەوتنی داعش خۆش کرد و لەلایەکی دیکەوە گرۆتینێکی نوێی بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بەخشی. ئەم دوو گۆڕانکارییە گوشارێکی گەورەیان لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان دروست کرد، بە تایبەتی لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێم. هەر ئەم گۆڕانکارییانە ئەجێندای دیپلۆماتیک، پەیوەندییە سیاسییەکان و هاوبەشییە ئابوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیاشیان تووشی ناسەقامگیری کرد. هەرچەندە چاوەڕێ دەکرێت تورکیا و ئێران وەکوو لایەنی باڵادەست لە هەرێمی کوردستان بمێننەوە، بەڵام سعودیە دەتوانێت سامانە داراییەکەی خۆی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی قورساییەکی زیاتری لە هەرێمی کوردستاندا هەبێت، بە تایبەتیش لە کاتێکدا سعودیەکان دەتوانن قەیرانی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بقۆزنەوە بۆ یارمەتیدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

پەیوەندییە دیپلۆماتیکەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و سعودیە پەرەیان سەندووە. مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، زوو زوو سەردانی ئەوێ دەکات. کاتێک لە کانوونی یەکەمی 2015دا چووە سعودیە، شا سەلمان کوڕی عەبدولعەزیز خۆی پێشوازی لێکرد و لە کەسە پایەبەرزەکانی خێزانی شاهانە، وەکوو وەلیعەهد و وەلی وەلیعەهدی سعودیە، بەشداری مەراسیمی پێشوازییەکە بوون، ئەمەش تەنیا بۆ سەرۆکی وڵاتان دەکرێت.

ئەمە ئەگەرچی ڕەنگە نمایشێک بووبێت کە گوزارشت لە پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی هەرێم و سعودیە دەکات، بەڵام لە هەمانکاتدا گوزارشت لە پابەندیی سعودییەکانیش دەکات. سعودیە لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا کۆنسوڵخانەی وڵاتەکەی لە هەولێر کردووە. عەبدولمونعیم عەبدولڕەحمان ساڵح، کۆنسوڵی گشتیی سعودیە لە هەولێر ڕایگەیاند "شانشین بەهیچ شێوەیەک پشتی هەرێمی کوردستان بەرنادات" و گوتی کە کردنەوەی کۆنسوڵخانەکە هەنگاوێکە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکان.

## گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی

پارتی دیموکراتی کوردستان وای دەبینێت کە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ سعودیە دەرفەتی نوێیان بۆ دەڕەخسێنێ. خەسرەو گۆران، پەرلەمانتار لەسەر لیستی پارتی، دەڵێت "کوردستان دەبێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو لایەنانەدا گەرموگوڕ بکات، کە داهاتووی کوردستان و هەوڵەکانی بۆ بنیاتنانی دەوڵەت قەبووڵ دەکەن".

سعودییەکانیش هەستیان بە بایەخی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و سعودیە کردووە، هەر بۆیە ئەنوەر عەشقی، ژەنەراڵی خانەنشینی سعودی و سەرۆکی ناوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوەی ستراتیژی و یاسایی لە جەددە، جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە پشتگیریی لە کورد بۆ "لاوازکردنی خەونی ئێران، تورکیا و عێراق" لە ناوچەکەدا گرنگە.

گەورەترین تاقیکردنەوە بۆ سعودییەکان پەیوەندی بە پشتگیرییان لە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی هەیە. عێراقیش بە قۆناغێکی تەواو ناسەقامگیردا تێدەپەڕێت و ڕەنگە کۆمەڵێک ناوچەی باشووری عێراق بۆ هەمیشە لە عێراق جودا ببنەوە و ببنە بەشێک لە خاکی سعودیە.

پێناچێت ریاز پشتگیری لە سەربەخۆیی ڕەهای هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام پشتگیری لە گشتپرسییەکە ڕەنگە قازانجی هەردوو لایەنی تێدابێت. ئەمە لەلایەکەوە هەولێر لە بەرامبەر بەغدا بەهێزتر دەکات، لە کاتێکدا بەغدا لەژێر کۆنترۆڵی ئێراندایە، چونکە ئەمە کۆنترۆڵی بەغدا بەسەر هەموو عێرادا لاواز دەکات، لە کاتێکدا کۆتاییش بە خەونی ئێرانییەکان بۆ زاڵبوون بەسەر عێراقی یەکگرتوودا دەهێنێ. لەلایەکی دیکەوە پێگەی جەماوەریی سعودیە لەناو هەرێمی کوردستاندا بەهێزتر دەبێت و بەمەش هەرێمی کوردستان لە بازنەی عەرەبی سوننە نزیکتر دەبێتەوە. هەروەها دەکرێت پشتگیری کورد بۆ دروستکردنی هەرێمێک بۆ سوننەکانی عێراق بەدەستبهێنێ، هاوکاتیش قەناعەت بە هێزی پێشمەرگە بکەن بەشێوازێکی بەهێزتر ڕووبەڕووی میلیشیا شیعەکانی عێراق ببنەوە.

بەمە سعودیە دەستی ئێران دەبەستێتەوە. ئێران دەبێت بیر لەوە بکاتەوە باشترین کاردانەوە بەرامبەر بە هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی چییە. بەڵام بڕیاردان لەسەر ئەمە ئاڵۆزە. پشتگیریکردن لە هەنگاوەکانی کورد بۆ سەربەخۆیی دەشێت هەستی نیشتمانپەروەری لەناو دانیشتووە کوردەکانی ئێرانیشدا بورووژێنێت. ئەگەریش دژی ئەم هەنگاوە بوەستێتەوە، ئەوە ڕێگە بۆ بەهێزبوونی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی نێوان ریاز و هەولێر خۆش دەکات. لە هەرکام لەم حاڵەتانەدا سعودیە دەبێت بتوانێت کاردانەوەی ئێران بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندییەکانی تاران بدات.

**سەرچاوە: ئینستتیوتی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی لە واشنتن.**

# بەنداو... چەکێکی دیکەی تورکیا لە دژی پەکەکە

ڕووداو– Stratfor

سەت ساڵ لەمەوبەر و بەپێی ئامانجە سیاسییەکانی ڕێککەوتننامەی سایکس–پیکۆ، سنوورەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تەواوەتی گۆڕانیان بەسەردا هات. بێ گوێدانە دیمۆگرافیای ئەتنیکیی ناوچەکە کێشرانەوە، هەر ئەمەش لە ماوەی 100 ساڵی دوای ڕێککەوتنەکەدا ئاڵۆزیی زۆری دروستکرد. یەکێک لە گەورەترین قوربانیانی ئاڵۆزییەکەش کوردستان بووە.

کورد گەلێکی بێ سنوورە و خەڵکەکەی (ئەگەر هەر بەناویش بێت) هاووڵاتی چەند وڵاتێکن. زۆرترین ژمارەی دانیشتووانی کورد لە تورکیان کە نزیکەی 15 ملیۆن کەسن و پەیوەندییەکی ئاڵۆزیان لەگەڵ حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تورکیادا هەبووە. شەڕ و پێکدادان لە عێراق و سووریاش هێندەی دیکە پەیوەندییەکانی نێوان کورد و حکومەتی تورکیای ئاڵۆز کردووە. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا بۆ ئەوەی پشتگیریی ناوخۆیی بۆ سیاسەتی دەرەوەی حکومەتەکەی مسۆگەر بکات، لەم کاتەدا ڕووبارەکانی ناوچەکە دەکرێت ڕۆڵێکی سەرەکی لە ستراتیژەکەی و کاردانەوەی هێزە چەکدارە کوردییەکاندا بگێڕن.

## سیاسەت و ئیدارەکردنی ئاو

دیجلە و فورات شادەماری عێراق و سووریان، بەڵام سەرچاوەی هەردووکیان دەکەوێتە ناوچە کوردییەکانی تورکیاوە. سەرچاوەی فورات ناوچە شاخاوییەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیایە، واتە نێوان وان و دەریای ڕەش، لەوێشەوە دەڕژێتە نێو خاکی سووریا، لەوێش لەگەڵ دوو لقی دیکە یەک دەگرێتەوە و دواتر دەڕژێنە نێو عێراق و لەم وڵاتەوە دەچێتە نێو کەنداوی عەرەبی. بەم پێیەش نزیکەی 90%ی ئاوی فورات لە خاکی تورکیاوە دێت و دانانی بەنداوێک دەتوانێت ڕێگە لە ڕەوتی ئاوەکە بگرێت.

دیجلەش لە ناوچە شاخاوییەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیاوە سەرچاوە دەگرێت و تەنیا مەودایەکی کورتی دەکەوێتە نێو سووریا و لەم وڵاتەوە بەرەو عێراق دەچێت. لقەکانی ڕووباری دیجلە، بەپێچەوانەی لقەکانی فورات، زۆر بەربڵاون. تەنیا 44%ی ڕووبارەکە دەکەوێتە نێو تورکیا، ئەگەرچی ئەمە پشکێکی زۆرە، بەڵام ئیدارەکردنی ڕووباری دیجلە ئاڵۆزترە لە ڕووباری فورات.

هەر لە کاتی دەسەڵاتی مستەفا کەمالەوە تورکیا خەون بەوەوە دەبینێ کە ئاوی ئەم دوو ڕووبارە گلبداتەوە و بۆ وزەی کارەبا و ئاودێری بەکاریان بهێنێ. ساڵی 1960 تورکیا یەکەم بەنداوی لەسەر فورات دروست کرد، ئەمەش دەستپێکی هەوڵەکانی ئەنقەرە بوو بۆ ئیدارەکردنی سەرچاوەکانی ئاوی تورکیا. هەتا سەرەتای سەدەی 21 تورکیا نزیکەی 600 بەنداوی دروستکردبوو، لە کاتێکدا 200 بەنداوی دیکەش کاریان لەسەر دەکرێت.

بەڵام ئیدارەکردنی ئاو تەنیا بۆ بەرهەمهێنانی وزە و ئاودێری نییە، بەڵکو لە پێناو دەسەڵاتیشە. ئەنقەرە بەنداوەکان بۆ هاوکاری، یانیش ڕەنگە کۆنترۆڵکردنی ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا (واتە ناوچە کوردییەکان) بەکاربهێنێ. ئەگەرچی لەڕووی سەرچاوەکانی ئاوەوە دەوڵەمەندن، بەڵام ناوچەیەکی پێشنەکەوتوون. ئەم بەنداوانەش بریتین لە بەنداوی کاراکایا کە لە 1988 تەواو بووە. بەنداوی ئەتاتورک کە لە ساڵی 1992 تەواوکراوە و یەکێک لە گەورەترین بەنداوەکانی جیهانە. هەردوو بەنداوەکە بەشێک لە "پرۆژەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئانادۆڵ" پێکدەهێنن. بەگوێرەی حکومەت ئامانج لە دروستکردنیان پەرەپێدانی چالاکی ئابووریی ناوچەکە و دروستکردنی هەلی نوێی کار و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی خەڵکی ناوچەکەیە، بە تایبەتیش بە بەرزکردنەوەی بڕی کارەبا و سەرچاوەی پێویست بۆ ئاودێری.

بەڵام ئەم پرۆژانە بە کردەوە هۆکاری جێگۆڕکێی خەڵکی ناوچەکە بوون، ئەمە جگە لەوەی مەترسی لە ناوبردنی شوێنەوارە مێژووییەکانیشیان لێدەکرێت، ئەمەش وا دەکات هەندێک لایەن پێیانوابێت نیازی تورکیا لەناوبردنی کوردە نەک یارمەتیدانیان.

زەقترین نموونەی ئەمجۆرە مشتومڕانە لە بەنداوی ئیلیسوو بەدیدەکرێت. ئەم بەنداوە ئەگەر تەواو بکرێت 80%ی شارۆچکەی دێرینی حەسەن کێف دادەپۆشێ، نزیکەی 80 هەزار کەس ناچار دەکات کۆچ بکەن و ژمارەیەکی زۆر شوێنەواری مێژوویی دەکەونە ژێر ئاوەوە. دروستکردنی بەنداوەکە 10 ساڵ لەمەوبەر دەستی پێکردووە، بەڵام وەبەرهێنەرە ئەوروپییەکان هەر زوو پارەی خۆیان لە پرۆژەکە کێشایەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پرۆژەکە دوابکەوێت. تورکیا بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەمە ئەڵتەرناتیڤی دیکەی دۆزییەوە و سەرەڕای ناڕەزایەتی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی، کارکردن لەسەر بەنداوەکە بەردەوام بوو. لە 2013 دادگای ئامەد داوای کرد پرۆژەی بەنداوەکە بوەستێنرێت، بەڵام ئەم داوایە نەیتوانی ئەنقەرە سارد بکاتەوە، لە کانوونی دووەمی ئەمساڵیشدا پەرلەمانی تورکیا پرۆژە بڕیاری وێستگەی کارەبای ئیلیسووی تێپەڕاند. ئەم پرۆژەیە دانیشتووانی حەسەن کێف ناچار دەکات ناوچەکە جێبهێڵن. بڕیار بوو ئەمساڵ بەنداوەکە پڕ لە ئاو بکرێت، بەڵام ئەمەش دواکەوت. ئەگەرچی پرۆژەکە بچووک دەکرێتەوە، بەڵام دژایەتی کورد لەگەڵ ئەم بەنداوە دەکرێت ڕووی لە زیادبوون بێ.

## ئامرازێکی بەسوود بەڵام سنووردار

لە کاتێکدا لە عێراق و سووریا داعش دوژمنی هاوبەشی کوردە، تورکیا لە بۆردومانکردنی هێزەکانی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان بەردەوامە. لە نێوخۆی تورکیاش، ئەردۆغان سیاسەتێکی توندتری لە دژی کوردی تورکیا گرتووەتەبەر، ئەمەش هەوڵێکە بۆ جووڵاندنی هەستی ناسیۆنالیستانەی نێوخۆیی و لەوێشەوە بناغەی پشتگیری لە سیاسەتەکانی خۆی لە تورکیا فراوان بکاتەوە. بەنداو لە داهاتووشدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە ململانێکانی نێوان کورد و حکومەتی تورکیادا، لە کاتێکدا هەردوو لایەن دەیانەوێت بەنداوەکان بۆ ئامانجەکانی خۆیان بەکاربهێنن.

لە ڕوانگەی تورکیاوە بەنداوەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی جموجوڵەکانی پەکەکە لە ناوچە شاخاوییەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا بەکاردەهێنرێت، بە تایبەتیش ئەو سنوورەی دەکەوێتە نێوان تورکیا و کوردستانی عێراق. دواجار کۆنترۆڵکردنی ناوچە ئاوییەکان ئاسانترە لە کۆنترۆڵکردنی وشکانی، ئەمە جگە لەوەی بە دابڕاندنی ناوچە کوردییەکانی سەرەوە و خوارەوە، ئەنقەرە ئاسانتر دەتوانێت بەربەست بۆ چالاکییەکانی پەکەکە دابنێت. هەر بۆیەش هیچ سەیر نییە کاتێک دەبینین سەرچاوەکانی هەواڵ ئاماژە بە پلانی حکومەتی تورکیا بۆ دروستکردنی بەنداوی دیکە لە هەکاری و شرناخ دەکەن، ئەگەرچی وردەکاریی پرۆژەکان زۆر کەم ئاشکرا کراون.

لە کاتێکدا تورکیا لەسەر دروستکردنی بەنداوەکان بەردەوامە، هێزە کوردییەکانیش بەردەوام هێرش دەکەنە سەر بەنداوەکان. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا هێرشی سەر بەنداوەکان زیادیان کردووە. ژمارەیەک لە کرێکارانی پرۆژەکان ڕفێنراون و ساڵی 2012ش 22 ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لە شوێنی پرۆژەکان سووتێنران. هەموو ئەم ڕووداوانە دراونەتە پاڵ گەریلاکانی پەکەکە. لە کۆتایی 2014شدا دوو بەڵێندەری لاوەکی پرۆژەکە ڕفێنران، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کارکردن لە پرۆژەی بەنداوی ئیلیسوو بۆ ماوەی چوار مانگ بوەستێ. کاتێکیش کارکردن لە پرۆژەی بەنداوەکە دەستی پێکردەوە، بە تانک و چەکی قورس پارێزگاری لە کاروانی ئۆتۆمبێلی کرێکار و کارمەندە غەیرە کوردەکانی پرۆژەکە دەکرا. پەکەکە هەروەها بە دانانی بۆمب لەسەر ڕێگای بەنداوەکە، بەنداوی سیلڤانیشی لە ئامەد کردووەتە ئامانج، ئەم هەڕەشە ئەمنیانەش وایان کردووە کارکردن لەسەر بەنداوەکە چەندین جار تووشی وەستان ببێت. پێناچێت ئەمجۆرە هێرشانە بەمزووانە ڕابگیرێن، لە کاتێکدا پەکەکە لە تەمووزی 2015 ڕایگەیاندبوو کە هێرشەکانیان بۆ سەر وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا بەردەوام دەبن.

بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە زێدەڕۆیی لە ڕۆڵی بەنداوەکان لە توندکردنەوەی شەڕ و پێکدادانەکان بکەین، گرژییەکان لە ناوچەکانی نزیک ڕووبارەکان شتێکی نوێ نییە، هەروەها پێناچێت تورکیا بەنیاز بێت بە یەکجاری ڕێگەی ڕووباری دیجلە و فورات بگۆڕێت و لەوێشەوە شادەماری هێزە کوردییەکان لە سووریا و عێراق بگرێت. هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بەسن بۆ ئەوەی ڕێگە بە تورکیا نەدەن دەست بۆ ئەم بڕاره بەرێت، لەبەر ئەوەی وشککردنی سەرچاوەکانی ئاو لە کوردی عێراق و سووریا بە مانای وشککردنی ئەو سەرچاوانە لە خەڵکانی دیکەی عێراق و سووریاشە. ئەمە جگە لەوەی بژارەکانی بەردەستی پەکەکە بۆ هێرشکردنە سەر حکومەتی ئەنقەرە لە ڕێگەی بەنداوەکانەوە زۆر سنووردارن، واتە ئەگەرچی تەقاندنەوەی ڕێگاکان، هێرشکردنە سەر بارهەڵگرەکان و هەڕەشەکردن لە کرێکارانی پرۆژەکان دەشێت بەردەوام بن، بەڵام ئەمانە ناتوانن زیانێکی بەردەوام و جەوهەری بە پرۆژە ژێرخانییەکانی ئاوی تورکیا بگەیەنن.



تاراوگە
رووداو
ژمارە ( 417 ) - دووشەممە 2016/7/25



## کۆچبەرێک جولەی شەمەندەفەرەکانی ئەڵمانیا رادەگرێ

**رووداو- بەرلین**

کۆچبەرێکی عێراقی بەهۆی هەڕەشەی خۆکوشتنەوە جولەی شەمەندەفەرەکانی شاری درێسدنی ئەڵمانیا رادەگرێ. پۆلیسی شاری درێسدن رایگەیاند "ئێوارەی رۆژی 2016/7/24 کۆچبەرێکی عێراقی خۆی بە ستوونێکی کارەبای تایبەت بە شەمەندەفەری شارەکە هەڵواسی، ئەمەش وایکرد کە پۆلیس جولەی شەمەندەفەکانی ئەو شارە بۆ ماوەی چەند کاژێرێک بوەستێنێ و بۆ ماوەی دوو کاژێریش وزەی سەر ئەو ستوونانە ببڕن". پۆلیس دەڵێت "کارمەندێکی ئاگرکوژێنەوە توانیویەتی ئەو کۆچبەرە رازی بکات بەوەی خۆی نەکوژێ و دواجار خۆی رادەستی هێزەکانی پۆلیس بکات".

## کوردی سوێد لە بەریتانیا دەڕۆن

# "برێکست خەونەکانی ئێمەی پووچەڵ کردەوە"

رووداو- لەندەن، ستۆکهۆڵم

قادر عەزیز، هاوشێوەی سوێدییە رەسەنەکان شانازیی بەوەوە دەکرد کە لە لەندەن دەژی، بەڵام زۆری نەبرد ئەو ژیانەی لێ تێکچوو "بە ناچاری هاتینەوە ستۆکهۆڵم، تا ئێرەشمان لە کیس نەچێ".

قادر عەزیز هەورامی کە خەڵکی باشووری کوردستانە و زیاتر لە 40 ساڵە لە سوێد دەژی، دەڵێت ژیانی کوردستانی وەک خەو بەبیر دێت "هەرگیز خۆم وەکو کەسێکی غەیرە سوێدی نەبینیوە، وەک ستۆکهۆڵمییەک چوومە لەندەن بۆ ژیانێکی نوێ، بەڵام شکستمان هێنا".

قادر نموونەی ئەو کوردە سوێدیانەیە کە بۆ پێشخستنی بوار و پیشە بازرگانیەکەیان روویان لە بەریتانیا کردبوو، دوای راگەیاندنی ئەنجامی ریفراندۆمەکەی بەریتانیا بۆ دەرچوون لە یەکێتیی ئەوروپا، دەبێ بگەڕێنەوە ستۆکهۆڵم و ئێستا بیر لە کار و ژیانێکی نوێ دەکەنەوە.



### چاویان لە سوێدییەکان کرد

چوونی سوێدییەکان بۆ بەریتانیا و ولایەتە یەکگرتووەکان بۆ کار، مێژوویەکی دێرینی هەیە، ئەو کوردانەی ساڵانێکە لە سوێد دەژین و وڵاتینامەی سوێدیان هەیە، چاو لە سوێدییە رەسەنەکان دەکەن، بەڵام دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا خەونی زۆر لەو کوردانە لەبار دەبات کە بۆ کارکردن چووبوونە ئەو وڵاتە.

زۆر کوردی نیشتەجێی سوێد لەوانەی ساڵانێکی درێژە لەو وڵاتەن، پاش سەرکەوتنیان لە سوێد، کۆچیان بەرەو بەریتانیا کردووە.

کەم کوردی دێرینی ستۆکهۆڵم هەیە نەجمەدین حەسەن نەناسێت، چونکە ئەو کەسایەتییەکی پێشەنگ بووە و خاوەنی یەک لە سوپەرمارکێتە ناسراوە کوردییەکانی سوێد بوو لە ساڵانی هەشتا و نەوەتەکانی سەددەی رابردوودا، دواتر پرۆژەکانی فراوانتر کرد و دەستی بە بازاڕەکانی لەندەنیش راگەیشت. نەجمەدین دەڵێ "دوای دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا ناچارم بگەڕێمەوە سوێد بۆ ئەوەی بیر لە پرۆژەی دیکە بکەمەوە".

رێکخراوی (سوێدییەکان لە دەرەوە) ئاماری سوێدییەکانی دانیشتووی وڵاتانی جیهانی بە زیاتر لە ملیۆن و نیوێک هەژمار کردووە، بەڵام هیچ ئامارێکی ورد لەبارەی سوێدییەکانی بەریتانیا بڵاونەکراوەتەوە.

نەجمەدین حەسەن دوای بەسەربردنی کەمتر لە 15 ساڵ ژیان لە سوێد، بووە ئەو بازرگانەی زۆر لە سوێدییەکان بیناسن، ئەو گوتی "لەندەن بۆ من ژینگەیەکی لەبار بوو کە بازرگانییەکەی خۆمی تێدا فراوان بکەم".

نەجمەدین کە نزیکەی دوو ساڵ و نیوە چووەتە لەندەن، گوتیشی "زەحمەت بوو ببمە خاوەن رەگەزنامەی بەریتانی، بەپێی پێشبینییەکانیش، دوای دەنگدانی خەڵک بۆ دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا، زەحمەتە بتوانین لەم وڵاتە کار بکەین".

قادر عەزیز لەگەڵ ئەوەی بە ئاستێکی بەرزی خوێندن گەیشتووە، بەڵام هەر لە منداڵییەوە خولیای بازرگانی هەبووە. دەڵێت "مانەوەمان لە لەندەن زیاتر لە ستۆکهۆڵمی دوورخستینەوە، دوای شکستمان لە لەندەن، دەبێت لە سفرەوە دەست پێ بکەینەوە".

تارا پێشتر بزنسێکی بچووکی لە بواری جوانکاری و سەرتاشین هەبووە. ئەو توانی ببێتە خاوەنی زۆر شت و پێیوابوو بە گەیشتن بە لەندەن دەتوانێ سەرمایەکەی زۆر زیاد بکات. تارا دەڵێت "خاوەنی زۆرتر لە نیو ملیۆن دۆلار بووم، بەڵام دوای چوونم بۆ لەندەن، پرۆژەکەم شکستی هێنا و ناچارم بگەڕێمەوە سوێد".

تارا بواری ئەوەی نەماوە لە شارە کۆنەکەی خۆی کە دەکەوێتە باشووری سوێد، درێژە بە کارەکەی بدات و هاتووەتە ستۆکهۆڵم. ئەو بە ئەسەفەوە لە ئەنجامی ریفراندۆمەکەی بەریتانیا دەڕوانێت و دەڵێت "بەڕاستی لام سەیر بوو کە هاوڕێ کورد و بیانییەکانم لە لەندەن بە بەڵێ دەنگیان دا بۆ دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا".

وا دەردەکەوێ کە زۆرینەی بیانییەکانی نیشتەجێی بەریتانیا لەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە، بە بەڵێ دەنگیان بۆ دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا دابێت.

هەرچەندە زۆر لەو کوردانەی سوێد کە لە بەریتانیا نیشتەجێ بوون بە ئەسەفەوە لە ئەنجامی گشتپرسییەکە دەڕوانن، بەڵام هەندرێن ئەنوەر کە 12 ساڵە لە لەندەن دەژی و بە "بەڵێ" دەنگی داوە، بە (رووداو)ی گوت "بوونی بەریتانیا لە سنووری یەکێتیی ئەوروپا بۆ من جگە لە زیان هیچ سوودێکی نەبووە".

هەندرێن دەڵێ ئەوان ساڵانێکی زۆر بوو بەدەست رکابەری لەگەڵ کرێکارە پۆڵۆنی و رۆمانییەکانەوە دەیانناڵاند. چونکە کرێکارە ئەوروپییەکان زۆر ئاسانتر لە کرێکارە بە رەچەڵەک رۆژهەڵاتییەکان کاریان دەستدەکەوێت.

چالاک محەممەد، چالاکڤانی کورد لە سوێد کە ماوەیەکی زۆر لە لەندەن ژیاوە، دەڵێت مەسەلەی کرێکارە ئەوروپییەکان هۆکاری سەرەکی بوو بۆئەوەی رۆژهەڵاتییەکان بە "بەڵێ" دەنگ بۆ دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا بدەن "ئەوان پێیانوایە رۆمانی و پۆڵۆنی و ئیستۆنییەکان چیدی هەڕەشە نین لە بەردەم کارکردنیان".

# نەوەی نوێی کورد لەگەڵ سوێدییەکان خێزان پێکەوە دەنێن

## باوکێکی کورد: قەت رێ بە کچەکەم نادەم شوو بە بیانییەک بکات

رووداو- ستۆکهۆڵم

پێچەوانەی زۆرینەی پەنابەرە کوردە دێرینەکانی سوێد کە پێشتر لەگەڵ سوێدییەکان خێزانیان پێکەوەناوە و بەڵام زۆربەیان هەڵوەشاونەتەوە، ئێستا زۆر لەو کوڕ و کچە کوردانەی لە سوێد گەورە بوون، هاوڕێ و هاوژینی سوێدییان هەیە.

"ئەو خێزان و هاوڕێیەتییەی لە نێوان نەوەی نوێ هەیە، پێچەوانەی نەوەکانی رابردووە، بنەمایەکی دروست و راستەقینەی هەیە". بەیان ساڵح، چاودێری کۆمەڵایەتی لە سوێد وای بە (رووداو) گوت، بەڵام دەشڵێت خێزانی کورد کەمتر رێگە بە کوڕ و کچەکانیان دەدەن ببنە هاوژینی سوێدییەکان.

هاوسەرێتی، هاوڕێیەتی و کارکردن لە دامەزراوە فەرمییەکاندا وەکو نموونەی سەرکەوتوویی پرۆسەی شیاندن و خۆگونجاندن دەبینرێت. لەم رووەوە کورد یەکێکە لە پێکهاتە سەرکەوتووەکانی شیاندن و گونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگەی سوێدی، بەڵام بەیان ساڵح دەڵێت "نەوەی نوێ ئەم سەرکەوتنە بەرەوپێش دەبات و ئێمەی دایک و باوکیش کە بەنەوەی کۆنی کوردی سوێد هەژمار دەکرێین، رێگری دەکەین".

سامان سەیفەدین، 27 ساڵ، خەڵکی باشووری کوردستانە و ئێستا لە باوک و دایکی جیابووەتەوە تەنیا لەبەر ئەوەی رێگەیان نەداوە کچێکی سوێدی بکاتە هاوژینی خۆی. سامان بە (رووداو)ی گوت "ئەوان رازی نەبوون لەگەڵ هاوڕێ سوێدییەکەم خێزان پێکەوە بنێین، لە کاتێکدا ئێمە زیاتر لە سێ ساڵ بوو پەیوەندیمان هەبوو، یەکدیمان خۆشدەویست".

دوای ئەوەی چاودێرە کۆمەڵایەتییەکان دەزانن سامان کێشەی هەیە و هۆکارەکەشی ئەوەیە دایک و باوکی دەست لە ژیانی وەردەدەن، لە خێزانەکەی دووری دەخەنەوە و خانوویەکی دەدەنێ و کچە سوێدییەکە مارە دەکات.

سامان لەبارەی ژیانی ئێستایان دەڵێت "ئەگەرچی ئێستا کەمێک پەیوەندی و هاتوچۆم لەگەڵ دایک و باوک و خوشک و براکانم هەیە، بەڵام تا لەگەڵ هاوژینە سوێدییەکەم بم، ئەوان من بە کوڕی خۆیان نازانن".

پێشتر (رووداو) چەند راپۆرتێکی لەبارەی یەکێک لە سەرکەوتووترین و پڕفرۆشترین کتێبە سوێدییەکانی تایبەت بە کورد بڵاوکردەوە، بەناوی (stjärnlösa nätter) واتە (شەوە بێ ئەستێرەکان) کە ناوەڕۆکەکەی باس لە باوکێک دەکات، دەیەوێت بەزۆر برازایەکی خۆی بۆ کوڕەکەی بهێنێ، تەنیا بۆ ئەوەی شوو بە سوێدییەک نەکات.

بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە چەند ساڵێک بەر لە ئێستا، دەنگدانەوەیەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا و وای کرد چاودێری لەسەر ئەم بابەتە توندتر بکرێ.

هەر بەهۆی ئەمەشەوە، ئێستا ئەرکان ئەسعەد، نووسەری ئەم کتێبە بە پشتگیریی دەوڵەت، ساڵانە راهێنان بە هەزار گەنجی سوێدی دەکات بۆ ئەم پرسە.

بەپێی راپۆرتێکی رێکخراوی (KYEO)ی سوێدی، گەنجانی کوردی سوێد، لەو نەتەوانەن کەمتر لەگەڵ یەکدی و زۆرتر لەگەڵ سوێدی و نەتەوەکانی دیکە خێزان پێکەوە دەنێن.

لە راپۆرتەکەدا چاوپێکەوتن لەگەڵ 98 گەنجی کوردی سوێد کراوە کە هەموویان لە سوێد لەدایک بوون و گەورە بوون و تەمەنیان لە 18-24 ساڵیدایە، هەموو ئەمانە هاوڕێی سوێدی، یان سەر بە نەتەوەی دیکەیان هەیە.

جەلال یەعقوب کە یەک لە توێژەرانی راپۆرتی ئەو رێکخراوە کوردییەی سوێد بووە، بە (رووداو)ی گوت "تێگەیشتین لە نێو ئەو حەوت نەتەوەیەی کارەکەمان لەگەڵ کردوون، نەوەی نوێی کورد باشترین بوون". لە دەرەوەی راپۆرتەکەش وەک بۆچوونی خۆی گوتی "بەڵام کورد لەو نەتەوانەن دایک و باوک زۆرترین دەستوەردان لە ژیانی منداڵەکانیان دەکەن و کێشەیان بۆ دروست دەکەن".

بەیان ساڵح کە کەمێک زانیاری لەسەر راپۆرتی ئەو رێکخراوە هەیە، دەڵێت "راستە ئەو تێکەڵاویەی نەوەی نوێی کورد لەگەڵ بیانییەکان روو لە هەڵکشانە، بەڵام ئەنجامەکەی زیاتر دروستبوونی کێشە و ترازان و دابڕان بووە". گوتیشی "بەداخەوە هەڕەشە و رفاندن و بگرە زیندانیکردن و کوشتنیشی لێکەوتووەتەوە".

### بەهۆی منداڵەکانیانەوە لێکترازان

سیما و ئیبراهیم نموونەی خێزانێکی سەرکەوتووی کوردی ستۆکهۆڵم بوون، دایکەکە لە دامەزراوەیەکی دەوڵەتی و ئیبراهیمی مێردیشی کاری ئازادی دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی منداڵەکانیان هێدی هێدی گەورە دەبن، کێشەکانیان بەشێوەیەک زیاد دەکات، گرتن و جیابوونەوەی بەدوادا بێت.



کێشەی ئەمماڵە دوای ئەوە ئاڵۆز دەبێت کە نزای کچیان دەیەوێ شوو بە کوڕێکی سوێدی بکات. نزا بە (رووداو)ی گوت "کێشەی من و دایک و باوکم، تەنیا ئەوەیە شوو بە ئادەم نەکەم".

لەگەڵ ئەوەی ئادەمی بەڕەچەڵەک سوێدی، ئامادەیە بەهەموو ئەو رێسا کۆمەڵایەتی و ئاینیانەدا بڕوات کە خێزانە کوردەکان پەیڕەوی دەکەن، بەڵام دەڵێت "ئەوان هەر ئامادە نین ببینە خێزان. تەنانەت ئامادە بووم ببمە موسوڵمان و لە مزگەوت مارەی بکەم".

ئیبراهیم، 49 ساڵان و باوکی نزا دەڵێت "باوەڕم بەهەموو کرانەوەیەک بە رووی کۆمەڵگەی سوێدی هەیە و تەنانەت ئاسایی بووە لام کە کچەکەم چەندین ساڵە هاوڕێی سوێدی هەیە، بەڵام هەرگیز ناهێڵم شوو بە بیانییەک بکات". چونکە پێیوایە عاقیبەتی ئەو پەیوەندییە هەر لێکجیابوونەوەیە "ئیدی من بۆ ژیانی کچەکەم بخەمە رەوشێکەوە کە دڵنیا بم لە داهاتوودا جیادەبنەوە و منداڵەکانیان سەرگەردان دەبن".

سیماش هەمان بۆچوونی مێردەکەی هەیە لەبارەی شووکردنی کچەکەی "بە دەستی خۆم چارەنووسی کچەکەم تێکنادەم، چونکە ئەو تێناگات".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، بە ماوەیەک دوای ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، بەهۆی هەڕەشە و لێدان، ئیبراهیم سێ رۆژ زیندانی کرا، دوای دوورخستنەوەی نزای کچیان، ئێستا سیما و ئیبراهیم پێکەوە ناژین، هەردوو منداڵەکەی دیکەشیان کە حەوت ساڵ و نۆ ساڵن، لای دوو خێزانی سوێدی و لەژێر چاودێریی دامەزراوەی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی سوێدی (سۆسیال) دوور لە دایک و باوکیان دەژین.



## سێ خانمە گۆرانیبێژ دوێت دەکەن

**میوا سەلاح / رووداو- هەولێر**

هونەرمەند نارین فەقێ، چۆپی فەتاح و خانمە گۆرانیبێژێکی دیکە گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردی پێکەوە دەڵێن.

نارین فەقێ دەربارەی ئەم بەرهەمە هاوبەشە بە (رووداو)ی راگەیاند "هەرسێکمان بڕیارمان داوە کارێکی هاوبەش بکەین کە هەر یەکەمان گۆرانی فۆلکلۆری ناوچەکەی خۆی بەشێوازی گەشت ئامادە بکات و لە چوارچێوەی ڤیدیۆکلیپ بڵاوی بکەینەوە، چونکە لەنێو گۆرانیی کوردیدا کاری دوێت زۆر کەمە، لەگەڵ ئەوەشدا گۆرانی و میوزیکی رەسەنی رۆژهەڵات و باشوور و رۆژئاوای کوردستان تێکەڵی یەکدی دەکەین". نارین کە ئێستا لە سوێد دادەنیشێ، سەرقاڵی بەرهەمێکی سینگڵە بەناوی (پێلیستانک) کە لەداهاتوودا بەشێوازی ڤیدیۆکلیپ بڵاو دەبێتەوە".

### میران عەلی بۆ (رووداو):

# گۆرانیی سلێمانی شۆکی کردم



پێش جەژنی رەمەزان یەکەم ئەلبوومی گۆرانی بەنێوی (جەژنی مەرگ) بڵاوکردەوە. بەڵام بەر لە ئەلبوومەکە بە گۆرانیی (سلێمانی) ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد. میران محەممەد عەلی پێیوایە بە تەمەنێکی کەمەوە توانیویەتی پێگەیەکی باش لە هونەری گۆرانیی کوردیدا بۆ خۆی بگرێ.

میران ساڵی 1995 لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. ساڵی 2013 بەشداریی بەرنامەی خۆشترین دەنگی کرد. بەڵام نەیتوانی سەربکەوێت. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باسی وردەکاریی ئەلبوومە نوێیەکەی و ژیانی تایبەتیی خۆی دەکات.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال

رووداو- سلێمانی

### بەهۆی هونەرەوە سێ ساڵ لە خوێندن دواکەوتم

**رووداو: هاوتەمەنەکانی تۆ زانکۆیان تەواو کردووە، بەڵام تۆ تازە لە پۆلی شەشی ئامادەییت، بۆچی وا دواکەوتی؟**

**میران:** بەداخەوە بەهۆی هاتنە نێو بواری هونەرەوە، ماوەی سێ ساڵ لە پۆلی شەشی ئامادەیی دەرنەچووم، ئێستاش لە پۆلی شەشم، تاقیکردنەوەم کردووە و چاوەڕێی ئەنجامی تاقیکردنەوەم.

**رووداو: لە خێزانەکەت تەنیا تۆ بە کاری هونەرییەوە سەرقاڵی؟**

**میران:** دەنگخۆشمان زۆرە، بەڵام تائێستا وەکو دەرکەوتن هەر منم، برایەکی دیکەشم بەنیازە لە بەرنامە نوێیەکەی کوردسات بەنێوی کورد ئایدڵ بەشداریی بکات.

**رووداو: زۆرتر کاریگەریی چ هونەرمەندێکت لەسەر بووە؟**

**میران:** هەر لە منداڵییەوە حەزم لە گوتنی گۆرانی بوو، بەڵام لەگەڵ گەورەبوونم کاریگەریی هونەرمەندان مامۆستای خوالێخۆشبوو حەمەجەزا و ئیبراهیم تاتڵیساسم لەسەر بوو، ئەوان لەڕووی مەقامات و چۆنیەتی گوتنی گۆرانیەوە وەکو قوتابخانەیەک بوون بۆ من.

**رووداو: بە گوتنەوەی گۆرانیی سلێمانی کە پێشتر عەتا قەرەداغی گوتبووی زیاتر ناسرایت، چۆن بوو ئەو گۆرانییەت گوتەوە؟**

**میران:** تێکستی ئەو گۆرانییە لەلایەن ئیسماعیل محەممەدەوە دانراوە، راستە پێشتر هونەرمەند عەتا قەرەداغی گوتوویەتی، بەڵام من بە مەقامێکی جیاوازتر گوتوومە و گۆران دڵشادی هاوڕێم میلۆدی بۆ داناوەتەوە. دەتوانم بڵێم بەو گۆرانییە چەند پلەیەک چوومە پێشەوە. بۆ هەڵبژاردنی ئەو گۆرانییەش جیاواز لە خۆشەویستیم بۆ سلێمانی، سەرەتا شارەزای هونەر نەبووم و نەمدەزانی چ کارێک باشە، لەبەرئەوە گۆران دڵشاد گۆرانییەکەی هەڵبژارد، پاشان پەیوەندیم بە عەتا قەرەداغییەوە کرد کە لەسەر میلۆدیی جیاوازتر دەیڵێم و ئەویش رازی بوو.

**رووداو: پێشبینی سەرکەوتنی ئەو گۆرانییەت بەو شێوەیە دەکرد؟**

**میران:** بۆ سەرکەوتنی گۆرانییەکە تووشی شۆک بووم، چونکە سەرەتا بڕوام وا بوو تەنیا لە سلێمانی دەنگدانەوەی دەبێت، بەڵام لە دەرەوەی وڵاتیش دەنگدانەوەی زۆری هەبووە.

**رووداو: لەنێو خەڵکدا دەگوترێت گۆرانییەکەت گوتووەتەوە؟**

**میران:** نەخێر، دەمەوێت لەو رووەوە روونکردنەوەیەک بدەم، من تەنیا تێکستەکەم وەرگرتووە بە مەقام و میلۆدییەکی دیکە گوتوومەتەوە، نەک بەهەمان میلۆدی.

**رووداو: گۆرانییەکی دیکەت لەگەڵ هونەرمەند کەمال محەممەد گوت، کارکردن لەگەڵ ئەو هونەرمەندە بۆ تۆ قورس نەبوو؟**

**میران:** ئەو بەرهەمە پێشنیازی من بوو، چونکە لەو بەرنامەیەی بەشداریم کرد چەند گۆرانییەکی کاک کەمالم گوتەوە و ئامادەبووان گوتیان دەنگت لەوەوە نزیکە، دواتر پێشنیازی ئەو بەرهەمەم بۆ کاک کەمال کرد و ئەویش رەزامەندی نیشاندا.

**رووداو: بەرهەمە نوێیەکەت 13 گۆرانییە، لەم کاتەدا کە زۆربەی هونەرمەندان ئەلبووم بڵاوناکەنەوە، 13 بەرهەم زۆر نییە؟**

**میران:** راستە زۆرە، بەڵام سوپاس بۆ خوا لەماوەیەکی کەمدا توانیم پێگەیەکی باش بۆ خۆم جێگیر بکەم، کاتێکیش کەسێک دەیەوێت گوێگری کارەکانم بێت رەنگە ئەو چەند گۆرانییەی پێشتر کەم بووبێت، لەبەرئەوە 13 گۆرانیم بڵاوکردەوە، بەڵام پێنجیان بەرهەمەکانی پێشترن.

### خۆشەویستەکەم جێیهێشتم، بۆیە دووبارەی ناکەمەوە

### بە دڵی دایکم خێزان پێکەوە دەنێم

**رووداو: دوو بەرهەمی ئەلبوومەکە گەشتن، بۆچی وات لێکردووە؟**

**میران:** ئەوە یەک بەرهەمە و هەشت خولەکە، گەشتێکە بەنێو گۆرانییە فۆلکلۆرییەکاندا و بیرۆکەیەکی جوان بوو ئیشیان تێدا بکرێتەوە. هەر لەو گەشتەشدا دوو گۆرانیی حەمەجەزا و دوو گۆرانیی عوسمان عەلیم گوتووەتەوە، لە داهاتووشدا کلیپ بۆ بەرهەمێکی ئەلبوومەکە دەکەم.

### کاریگەری حەمەجەزا و تاتڵیساسم لەسەر بوو

**رووداو: دەڵێن براکانت بۆ ئەلبوومەکە هاوکارییان کردووی؟**

**میران:** راستە براکانم و چەند کەسێکی نزیکم پاڵشتییان کردم و لە ئەلبوومەکەشدا زەرەر دەکەم، بۆیە داوا لە حکومەت دەکەم رێ لە کۆپی بگرێ، چونکە بەو هۆیەوە زەرەر دەکەین.

**رووداو: دەگوترێت کەسێکی کەمدوویت؟**

**میران:** بۆ کەسێک کەمدووم ئەگەر نەیناسم، بەڵام ئەو کەسانەی لێمەوە نزیکن ئەوەندە قسە دەکەم لێم بێزار دەبن، بە گشتیش حەزم لە قەرەباڵغی نییە و شەرمنم، وا هەست دەکەم دەچمە شوێنێکەوە هەمووی سەیرم دەکەن تەنانەت پێش کاری هونەرییش هەروا بووم.

**رووداو: دەڵێن زۆر رقت لە سواربوونی فڕۆکەیە؟**

**میران:** راستە، لەبەرئەوەی جارێک سەفەرم کرد لە کاتی گەڕانەوەدا و کاتێک فڕۆکەکە ویستی بنیشێتەوە زۆر ناخۆش بوو لەوەشەوە زۆر ترسام، بۆ لەمەودواش هەتا زۆر ناچار نەبم بە فڕۆکە گەشت ناکەم.

**رووداو: خۆشەویستت نییە و باوەڕیشت پێی نییە، وایە؟**

**میران:** راستە، لەبەرئەوەی پێشتر خۆشەویستم هەبووە و جێیهێشتم، ئیدی دووبارەی ناکەمەوە.

**رووداو: ئەی ئەگەر ویستت هاوسەرگیری بکەیت؟**


**میران:** بەدڵی دایکم هاوسەرگیری دەکەم، لەبەرئەوەی زۆرم خۆشدەوێت و لە منداڵییەوە بەڵێنم پێداوە بە دڵی ئەو ژن بهێنم.

**میران: واتە هەر کچێکی بەدڵ بێت، لای تۆش پەسەندە؟**

**میران:** بێگومان و بێ دوودڵی، چونکە هیچ پێوەرێکم نییە بۆ خۆشەویستی دایکم بیڵێم، بەنیازیشم گۆرانییەکی زۆر باش بۆ دایک بڵێم.

### هونەرمەند قادر ئەلیاسی بۆ (رووداو):

# باشتر وایە گۆرانیبێژ تەنیا گۆرانی بڵێت



هونەرمەندی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، قادر ئەلیاسی بۆچوونی وایە کە دەبێت گۆرانیبێژ تەنیا گۆرانی بڵێ، نەک خۆی بە دانانی میلۆدی و هۆنراوە بۆ گۆرانییەکانی سەرقاڵ بکات. ئەلیاسی یەکێکە لەو هونەرمەندانەی بە زۆربەی شێوەزارەکانی زمانی کوردی گۆرانی گوتووە.

تا ئێستا خاوەنی شەش بەرهەمە، یەکەمیان کاسێتێکە بەنێوی دەردی دووری، پاشان سیدییەکانی شڵە و خانان، سلێمانی، میلکان، لە هەر باخێ گوڵێ و پەرتەونامە. دوایین بەرهەمی ئەلیاسی گۆرانییەکە بۆ پێشمەرگەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەنێوی (راسان). ئەلیاسی لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) زۆرتر لەبارەی ژیانی خۆی و کارە هونەرییەکانی باس دەکات.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال

رووداو – سلێمانی

**رووداو: دەگوترێ تەمەنت گەورە بووە کە چوویتە قوتابخانە؟**

**قادر ئەلیاسی:** بەڵێ، چونکە ئاواییەکەمان قوتابخانەی لێ نەبوو، کە قوتابخانە لە دێیەکەمان کرایەوە تەمەنم زیاتر لە 10 ساڵ بوو. تاوەکو پێنجی ئامادەییم خوێند، بەڵام دواتر دەستم بە کاری سیاسی کرد و بوومە پێشمەرگە، هەر لەبەر ئەوەش وازم لە خوێندن هێنا.

**رووداو: ئەی چۆن ئاشنای کاری هونەری بوویت، یان بڵێین کەی دەستت بە کاری هونەری کرد؟**

**قادر ئەلیاسی:** سەرەتا بە لاساییکردنەوە لە چالاکی قوتابخانەکان دەستم پێکرد، پاشان لە کاتی شەڕی عێراق- ئێران بنەماڵەکەمان هاتنە باشووری کوردستان، دواتر رەوانەی ئۆردوگای ئەڵتاش لە رومادی کران. منیش بوومە پێشمەرگە و گۆرانیم دەگوت، بەڵام دوای ئەوەی لە ساڵی 1992 چوومە نەرویج، لەوێ خۆم بۆ هونەر یەکلایی کردەوە.

**رووداو: لە ئەورووپا بە شەوە ئاهەنگ یان بەرهەمی خۆت دەستت پێکرد؟**

**قادر ئەلیاسی:** لەوێ زیاتر بە شەوە ئاهەنگی بۆنە نەتەوەیی و حیزبییەکان دەناسرێی.

**رووداو: خۆت لە دایکبووی ناوچەیەکی کە بە شێوەزاری لوڕی قسە دەکەن، بەڵام بە شێوەزارەکانی دیکەش گۆرانیت هەیە، ئەوە کارێکی زەحمەت نییە؟**

**قادر ئەلیاسی:** هەر لە سەرەتاوە مەبەستم بووە لەسەر فۆلکلۆر کار بکەم و ئێستاش بەهەمان شێوەم. بە شێوەزارەکانی کورمانجیی خواروو و نێوەڕاست و سەرووش گۆرانیم گوتووە. گوتنەکانیش بەو مەرجەی بۆ مانەوە بێت نەک خراپبوونی بەرهەمەکە. ئەوەی لە گۆرانی گوتندا بەلامەوە گرنگە ئەوەیە کە بەرهەمێک پێشکەش بکەم پێشوازی لێ بکرێ، نەک بە چ شێوەزارێک گۆرانی دەڵێم.

**رووداو: وەک تێبینی دەکرێ هونەرمەندانی کوردی ناوچەی کرماشان و سەرپێلی زەهاو ئەوانەی بە شێوەزاری لوڕی گۆرانی دەڵێن زۆرتر بەرهەمی هونەرمەندانی پێش خۆیان دووبارە دەکەنەوە، بۆچی؟**

**قادری ئەلیاسی:** راستە، بەڵام ئەوە لەبەر ئەوە نییە کە شاعیر و ئاوازدانەری تازە نییە، بەڵکو هەندێکیان مۆڵەتی تۆمارکردنیان نییە، لەڕووی داراییش هونەر ئەوەندە گەشەی نەکردووە تا بیکەنە پیشە، بۆیە لەبەکارهێنانی هۆنراوە و میلۆدیی نوێ چەقیون و پەنایان بۆ فۆلکلۆر و لاساییکردنەوە بردووە. جگە لەوەش ئێران پەیڕەوی شەریعەتی ئیسلام دەکات و کاری هونەری بە حەرام دەزانێت.

**رووداو: بۆ ئەوانەشی کار لەسەر فۆلکلۆر دەکەن؟**

**قادر ئەلیاسی:** ئەوانەشی گوتراون و دەگوترێنەوە هەر کێشەیان بۆ دروست دەکەن، بەڵام رەنگە ئەو هونەرمەندە لەڕێگەی نایاساییەوە تۆماری بکات، بەگشتی دەسەڵات دژی هەموو کارێکی هونەرییە و بەرهەمی رۆژهەڵاتی سنووردار کردووە.

### بە هەموو شێوەزارەکان گۆرانیم گوتووە

### سیاسەت بەشێکە لە ژیانم

**رووداو: دوای ئەوەی چوویتە ئەورووپا تا ئێستا پێنج ئەلبوومت بڵاوکردووەتەوە، بۆچی بەرهەمەکانت وا کەمن؟**

**قادر ئەلیاسی:** من نەمویستووە زۆر و بۆر بن و ئێستاش هەست دەکەم بەرهەمم زۆر تۆمار کردووە، هونەرمەند دەبێت بەردەوام کاری نوێ پێشکەش بکات، بەڵام من هەر چوار ساڵ جارێک بەرهەمێکم هەبووە.

**رووداو: هەموو ئاوازەکانی بەرهەمە نوێیەکەت خۆت داتناون، بۆچی؟**

**قادر ئەلیاسی:** پێموانییە ئەوەی کردوومە هونەرێکی گەورە بێت و لە پێشکەوتوویی هونەریم نییە، بەڵکو لە هەژاریی میللەتەکەمانە. خۆزگە شاعیر هۆنراوەی بدایەتە ئاوازدانەر و دوای دانانی ئاواز لەلایەن تیپ و موزیسیانەکانەوە موزیکی بۆ دابنرایە و گۆرانیبێژ تەنیا دەنگی بخستایەتە سەر، بەڵام من دەبێت گۆرانیبێژ و ئاوازدانەر و هەندێجار شاعیریش بم، لە کاتێکدا بەبۆچوونی من دەبێت گۆرانیبێژ تەنیا گوتنی گۆرانییەکەی لەئەستۆ بێت. ئەگەر کەسێک هۆنراوە و ئاوازی بۆ دابنامایە کارم ئاسان دەبوو، بۆ نموونە لە سەردانی ئەمجارەدا بۆ سلێمانی لەبەرئەوەی هۆنراوە و میلۆدی ئامادەبوو توانیم لە سێ رۆژدا سروودی راسان تۆمار بکەم.

### نەمویستووە بەرهەمەکانم زۆر و بۆر بن

**رووداو: کەی خێزانت پێکەوە نا؟**

**قادری ئەلیاسی:** 1988 کاتێک چوومە ئۆردوگای رومادی لەگەڵ خاتوونێک یەکدیمان ناسی و خێزانمان پێکەوە نا، خاوەنی کوڕ و کچێکین، ئەوانیش چوونەتە نێو ماڵ و ژیانی خۆیان.

**رووداو: لە نەوریج چی دەکەیت؟**

**قادری ئەلیاسی:** لە بەشی کارگێڕی فەرمانگەیەکی پۆست کار دەکەم.

**رووداو: کاری هونەرییش دەکەیت؟**

**قادری ئەلیاسی:** لە بەرئەوەی هونەر ناتوانێ بمژێنێت، بۆیە زۆر کاتی بۆ تەرخان ناکەم، مەگەر بۆ شەوە ئاهەنگێک بێت.

**رووداو: بەو پێیەی پێشمەرگایەتیت کردووە، حەزت لە کاری سیاسی ماوە؟**

**قادری ئەلیاسی:** کورد و هونەر و سیاسەت لێک جیاناکرێنەوە، لەبەرئەوە سیاسەتیش بەشێکە لە ژیانم.

### قادر ئەلیاسی:

- قادر محەممەد ئەڵماس ناسراو بە (قادر ئەلیاسی).
- ساڵی 1961 لە گوندی ئەلیاس بەر عەلی لە پارێزگای کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە.
- ساڵی 1980 بەهۆی شەڕی ئێران و عێراقەوە، ئاوارەی باشووری کوردستان بووە.
- ئەلیاسی تا ساڵی 1988 پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە.
- لە ساڵی 1992ەوە لە نەرویج نیشتەجێیە.


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
★ رووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆڵی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
یەکێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - رێگای کەرکوك - پشت بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
رز محمود
ممتاز
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MiLk
powder



## کارەبا کچە مەلایەک دەکوژێت

**ڕووداو- ڕاپەڕین**

کچێکی تەمەن سێ ساڵ لە کاتی مەلەکردندا، دەستی بەر وایەرێکی کارەبا کەوتووە و دەستبەجێ گیانی لەدەستداوە. عوسمان محەممەد، جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشـخانەی گشـتیی شەهیدان لە شـارۆچکەی قەڵادزێ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەو ڕووداوە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی 2016/7/23 لە گەڕەکی ئاشتی ڕوویداوە و گوتی "باوکی کچەکە مەلای مزگەوتە و ئەو کاتە کچەکەشی لەگەڵ خۆی بردووەتە مزگەوت، کاتێک باوکی سەرقاڵی نوێژکردن بووە، کچەکەی ویستوویەتی لەناو حەوزێکدا مەلە بکات، بەڵام دەستی بەر وایەرێکی کارەبا کەوتووە و دەستبەجێ گیانی لەدەستداوە".

## پێنج ساڵە بووەتە جووتیار

# کچێک لە هەولێر ساڵانە 76 دۆنم زەوی بە گەنم دەچێنێ

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

کچێکی دانیشـتووی شـاری هەولێـر ماوەی پێنج سـاڵە 76 دۆنـم زەوی بە گەنم دەچێنێ و هەندێکجاریـش خۆی زەوییەکانی دەکێڵێت. ئەو کچە بەهۆی پیشـەکەیەوە نەیهێشت خەڵک خێر بە خۆی و خوشک و براکانی بکەن.

ژاڵە بەهجەت، 24 سـاڵ، دانیشـتووی شاری هەولێرە و خاوەنی خوشکێک و سێ برایە کە لە خۆی بچووکترن. ئەم خێزانە بەهۆی لەدەستدانی باوکیـان کە بـە شـێرپەنجەی خوێن مـردووە، ژیانیان سەرتاپا دەگۆڕێت.

نەخۆشی و نەهامەتییەکانی ئەم خێزانە، هەر بە کۆچی باوکیان نەوەستا، دوای مردنی باوکیان بە ماوەیەکی کورت، دایکیشان تووشی جەڵتەی دەمـاغ دەبێت، هـەر بۆیە ئەرکـی بەڕێوەبردنی خێزانەکە دەکەوێتە ئەستۆی ژاڵە کە وەک خۆی دەڵێت، ئەوکات تەمەنی تەنیا 18 سـاڵ بووە و قوتابی پۆلی شەشـی ئامادەیی بووە، بەڵام هەر چۆنێک بێـت توانی خوێندنەکـەی تەواو بکات، چونکـە دەڵێـت باوکی لـە سـەرەمەرگدا داوای لێکـردووە بەڵێنـی پێبدات کە خۆی و خوشـک و براکانـی خوێندن تەواو بکـەن و ئاگای لێیان بێـت. ژاڵە دەڵێت "توانیم ببمە دایک و باوک بۆ خوشک و براکانم".

باوکی ژاڵە زەوییەکی کشتوکاڵی بە هاوبەشی لەگەڵ مامی لە گوندی خەزنەی سەر بە ناحیەی شـەمامکی دەوروبەری هەولێر هەبوو، ژاڵە بڕیار دەدات بە پارەی ئەو خانووە کۆنەی هەیانبووە، بەشـی مامەکەی لە زەوییە هاوبەشەکەی باوکی بکڕێتـەوە و لە 76 دۆنمی زەوییەکە دەسـت بە چاندنی گەنم بکات.

ژاڵـە دەڵێت "بۆیە ئـەم کارەم هەڵبژارد، تا بیسەلمێنم کچێک بەم تەمەنە کەمەوە دەتوانێت کارێـک بـکات کە بـە کاری پیاوانـە دەزانرێت، بڕیـارم دا ئەم زەوییە دابچێنـم کە مامەکانم بە پارەیەکی زۆر کەم و ساڵانە بە تەنیا 3000 دۆلار بەکرێیان دابوو".

ژاڵـە ڕووبـەڕووی زەحمەتـی زۆر دەبێتەوە، بـەڵام کۆڵ نـادات "سـەرەتا خزمەکانم قبوڵیان نەدەکرد ئەم کارە بکەم، بەڵام گوێم بە قسـەی کـەس نەدا و دەسـتم کرد بە چاندنـی گەنم لە زەوییەکەی خۆماندا".

ژاڵـە بەردەوام دەبێت لەسـەر ئەو سـەختی و دژوارییـەی ڕووبـەڕووی دەبـووەوە و دەڵێـت "کارەکە لە دوو ساڵی سەرەتادا زۆر سەخت بوو، لەلایـەک بەرهەمـی دانەوێڵەکەی جـوان نەبوو، چونکـە بەوەم نەزانیبوو کە پێشـتر جۆیان لەم زەوییەدا چاندووە، بۆیە کاتێک گەنمم لێ چاند، بەرهەمەکـەی تێکەڵە دەرچـوو. لەلایەکی دیکە کڕیار و فرۆشیاران کە دەیانزانی شارەزاییم نییە لە کارەکە، هەڵیانخەڵەتاندم، بەجۆرێک لە ساڵی یەکەمدا 34 تۆن گەنمم بە عەلاف فرۆشـت، هەر تۆنـی بە 500 هـەزار دینار کـە زۆر زەرەر بوو بۆ من. بەڵام نەمدەتوانی زۆر چاوەڕوانی سـایلۆ بـم، چونکە دەچوومـە زانکۆ و لـە زانکۆش بە پارە دەمخوێنـد، بۆ ئەوەی کرێی خوێندن بدەم گەنمەکەم هەرزانفرۆش کرد".



ژاڵە وردە وردە فێری کارەکە دەبێت و دەڵێت "وام لێهات ئۆتۆمبێلی کێڵانەکەم لە شـوفێرەکە وەرگرت و خۆم زەوییەکەم دەکێڵا، ساڵانە گەنمی نمرە یەکم بەرهەم دەهێنا".

وەک هەر جووتیارێکی دیکە، ژاڵەش کێشەی لەگـەڵ سـایلۆکان هەیـە کـە لە چەند سـاڵی ڕابردوودا بەرهەمی گەنمەکەی داوەتە سایلۆکان، بەڵام هێشـتا پارەی بەرهەمەکـەی وەرنەگرتووە "هێشتا پارەی بەرهەمی گەنمی پاریان پێنەداوم کە 21 تەن بوو، پێراریش بەم هۆیەوە ناچاربووم بە زەرەر گەنمەکەم بە عەلافەکان فرۆشت".

ژاڵە بۆ بەرهەمی گەنمی ئەمساڵیشـی دەڵێت "بۆ ئەمسـاڵیش بڕیـار بوو 32 تـەن گەنمم لێ وەربگیرێـت، بەڵام دواتر بڕەکەیـان کەمکردەوە بـۆ 26 تـەن و 900 کیلـۆ، بۆیە ئـەو گەنمەی کـە ماوەتـەوە دەبێـت دیسـان بیفرۆشـمەوە بـە عەلافـەکان بـە نرخێکـی زۆر هەرزانتـر لە سایلۆکان".

ژاڵـە وێـڕای سـەرقاڵبوون بـە کارەکەیەوە، بـەڵام لە خوێندن دانابڕێت و بـەردەوام بووە تا زانکۆی تەواو کردووە و دەرچووی بەشی زانستی بایۆلۆژییە، هەروەها توانیویەتی خەونی براکەی کە پزیشـکی بـووە بهێنێتە دی و بـۆ خوێندن ناردوویەتـی بۆ هیندسـتان، هەروەها هاوکاریی خوشـک و براکانی دیکەی دەکات خوێندن تەواو بکەن.

ژاڵـە کە پێنج سـاڵە خەریکـی گەنم چاندنە و لەنێو جووتیارانی ناوچەکەدا ناسـراوە، دەڵێت "داوا لـە حکومەت دەکەم ئەو خەونەی کە هەمە نەیمرێنـن و هـاوکارم بـن، چونکـە نامەوێت لە چاندنی گەنم دابـبڕێم".

# ژنە بە تەمەنەکەی خۆی بە تاپڕ دەکوژێت



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

پیاوێکی بەتەمەن بە فیشەکی تاپڕ ژنەکەی خۆی کوشـت و لـە لێکۆڵینەوەی سـەرەتایی پۆلیسیشـدا گوتی "بەهۆی شـەڕ و دەمەقاڵێ عەسـەبی بـووم، بۆیـە کوشـتم". برازایەکـی ژنەکەش دەڵێت "ئەو پیاوە لەگەڵ پوورمدا زۆر خراپ بووە"، بەڵام کوڕەکەی بەرگری لە باوکی دەکات و دەڵێـت باوکی تووشـی "نەخۆشـیی پووکانەوەی مێشک" بووە.

ڕۆژی 2016/7/18 لـە گونـدی هەرمـن لە ناوچـەی شـارباژێر، ژنێکـی تەمەن 72 سـاڵ بەنێوی ئەمنە، بەدەسـتی (م،ح)ی مێردی کە تەمەنی 74 ساڵە، لە بەردەم ماڵی خۆیاندا و بە فیشـەکێکی تاپڕ کوژرا. بکوژەکە دواتر لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کرا.

نەقیـب سـەرکەوت ئەحمـەد، گوتەبێـژی پۆلیسی سـلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو ژن و پیاوە لەسـەر کێشـەی خێزانـی بووەتە دەمەقاڵێیان و پیاوەکەش باری دەروونیی باش نەبووە، بە چەکی تاپڕ فیشەکێکی بە ژنەکەیەوە نـاوە و تـا گەیاندوویانەتە نەخۆشـخانە گیانی دەرچووە.

نەقیب سەرکەوت گوتیشی "دوای ڕووداوەکە تۆمەتبارەکە دەستگیرکراوە و لە لێکۆڵینەوەدا گوتوویەتی شەڕمان بووە و عەسەبی بووم، بۆیە کوشتم".

بەختیـار کەریم، برازای ئەمنە، دەڵێت "(م) لەگـەڵ پوورمدا خراپ بـوو، بـەردەوام ئازاری داوە، تەنانـەت پوورم لەبەر خاتری مێردەکەی، هاتوچۆی ئێمەشی کەم کردبووەوە".

ئـەو برازایەی بە پشتبەسـتن بـە ڕاپۆرتی پزیشـکی گوتی "مێردی پـوورم، پێش ئەوەی بیکوژێ لە ژنەکەشـی داوە، چونکە شوێنەواری لێدان لەسـەر جەسـتەی هەبووە. جگە لەوەش بە قسـەی ژنـی برازاکـەی خـۆی، (م) پێش ئەوەی بیکوژێ لە ژوورەوە پوورمی بەند کردووە و خـۆی چووەتـە دەرەوە و دەرگای لەسـەر داخستووە، پاشان چووەتە ماڵی برازاکەی و بە ژنی برازاکەی گوتووە ئەمنە دەرگام لێناکاتەوە، کاتێک ژنی برازاکەی دەرگاکەی لەسـەر پوورم کردووەتەوە، دەستبەجێ مێردەکەی لە پێشەوە فیشەکێکی پێوە ناوە".

بـە گوتەی بەختیار، هـەر بەهۆی مامەڵەی خراپی مێردەکەیەوە، سێ مانگ لەمەوبەر پووری تۆراوە، کوڕەکەی و کچەکەی لەگەڵ دوو برازای هاتـوون بیبەنەوە. بەختیار دەڵێت "پێمانگوتن ئەو ژنە ئەمانەتی ئێوەیە، چونکە بەرگەی لێدانی زیاتـر ناگرێت، کوڕەکەشـی بەڵێنی پێداین کە ژیانی دایکی پارێزراو دەبێت".

تەنیا کچەکەی بەشـداری پرسـەی ئەمنەی کردووە و ڕێگە بە کوڕەکەی نەدراوە بەشـداری بـکات. بەختیار گوتی "منداڵەکانـی دەیانزانی باوکیـان لە دایکیان دەدا و پێیان نەگوتبووین، بـەڵام کوڕەکەی کەمتەرخەم بـوو، لەبەرئەوەی دوای ژنهێنان چووە سـلێمانی و بەڵێنەکەی بۆ پاراستنی دایکی بەجێ نەگەیاند".

ڕزگار حەوێـز کـە بـرازای بکوژەکەیـە، نەیشـاردەوە ئەو ژن و پیاوە کێشەیان هەبووە. ڕزگار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەمنە لای خێزانم گوتبووی مامم قسـەی پێدەڵێت و دەریدەکات، ئێمـەش دەمانگـوت ئەگـەر مامـم تەحەمولی نەمـاوە، تـۆ تەحەمول بکـە، بۆیـە هەندێجار باشبوون و هەندێجاریش کێشەیان هەبوو، بەڵام بۆ لێدانەکەی ئاگام لێی نەبووە".

ڕزگار دانـی بـەوەدا نـا کە مامـی، ژنەکەی بەنـد کردووە و گوتی "پێش کوشـتنەکە مامم هاتـووە بە دوای ژنەکەمدا و گوتبووی ژنەکەمم بەندم کردووە و ژنەکەشـم ویستبووی بیهێنێتە ماڵـی خۆمان، بەڵام کاتێک دەسـتی ئامۆژنمی گرتووە، مامم فیشەکێکی بە ئامۆژنمەوە ناوە و کوشتوویەتی".

ڕزگار پێیوایـە مامـی لەژێـر کاریگەریـی نەخۆشـییەکەیدا ئەو تاوانەی کـردووە و گوتی "مامم زیاتر لە ساڵێکە بەهۆی چوونە تەمەنەوە مێشـکی پووکاوەتەوە، بردمانە لای پزیشـکی دەروونـی. تەنانەت دوای نیو کاژێر لە تاوانەکە پرسیبووی ژنەکەی لە کوێیە".

(بەهائەدیـن.م) کـە کـوڕی ئەمنەیـە، بە (ڕووداو)ی گوت "11 ساڵ لەمەوبەر ژنم هێناوە، دایکم و باوکم هیچ کێشـەیان نەبوو، من لەسەر خواستی ئەوان ماڵم لە سلێمانی دانا".

بەهائەدینیـش دەڵێـت باوکـی نەخۆشـیی دەروونی هەبووە "باوکم بەهۆی تووشـبوونی بە نەخۆشـیی پووکانەوەی مێشک، باری دەروونی باش نییە و بەو هۆیەوە لەگەڵ دایکمدا تووشی کێشە دەبوون. زۆرجار بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە دەیگوت شتم لێ براوە، لە کاتێکدا هیچشی لێ نەبرابوو، دایکیشم پێیدەگوتم کێشەیان هەیە و زۆرجـار بە 10-15 ڕۆژ دایکمـم دەهێنایەوە بۆ سلێمانی و خۆی دەیگوت دەڕۆمەوە بۆ لای".

بەهائەددین بە لەدەستدانی دایکی زۆر خەمبار بووە و دەڵێت "ئەگەر بمزانیایە نەخۆشییەکەی باوکـم دەگاتـە ئـەو ڕاددەیەی دایکـم بکوژێ، هەرگیز نەمدەهێشت دایکم بگەڕێتەوە".

## بەهۆی دەرنەچوونیان لە تاقیکردنەوە

# دوو کچە قوتابی کۆتایی بە ژیانیان دێنن

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو — هەولێر**

دوو کچـە قوتابـی کـە یەکێکیـان لـە پۆلی شەشـەمی ئامادەیی و ئـەوەی دیکەیان لە پۆلی هەشـتی بنەڕەتی بوو، بەهۆی دەرنەچوونیان لە تاقیکردنـەوەکان، یەکەمیـان خۆی سـووتاند و ئەوەی دیکەشیان خۆی خنکاند.

پاشـنیوەڕۆی ڕۆژی 2016/7/12 ، دوای ڕاگەیاندنـی ئەنجامی تاقیکردنەوە گشـتییەکانی پۆلەکانـی دوانـزەی ئامادەیی و نـۆی بنەڕەتی، دەشنێ محەممەد، تەمەن 19 ساڵ و دانیشتووی ناحیەی عەربەتی نزیک شاری سلێمانی، لە ماڵی خۆیاندا ئاگری لە جەستەی بەردا و لە نەخۆشخانە گیانی سپارد.

چـوار ڕۆژ دواتر کچـە قوتابییەکی تەمەن 15 سـاڵ بەنێوی شەیما عارف، دانیشتووی گەڕەکی ڕۆشـنبیریی شـاری هەولێر لە ژوورەکەی خۆیدا و بـە لەچکەکـەی خۆی، خۆی خنکاند. شـەیما خوێنـدکاری قۆناغی هەشـتی بنەڕەتـی بووە و ئەمساڵیش دووەمین ساڵی بووە لەو قۆناغەدا.

نەقیـب سـەرکەوت ئەحمـەد، گوتەبێـژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسـی سـلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد، کچێکـی دانیشـتووی ناحیـەی عەربەت بەنێوی دەشـنێ، بەهـۆی دەرنەچوونی لە تاقیکردنەوەکاندا خۆی سـووتاندووە و ڕێژەی سـووتانەکەی 96% بـووە و لـە کاتـی هەوڵدان بۆ کوژانەوەی، نەنکیشـی بەشـێک لە جەستەی سووتاوە.

لە کاتی خۆسووتاندنی ئەو کچەدا تەنیا نەنکی و براژنێکـی لە ماڵەوە بـوون، فێنک محەممەدی براژنی کە شـایەدحاڵی ڕووداوەکەیـە، لە یەکەم ڕۆژی پرسـەکەدا بـە (ڕووداو)ی گـوت "خـۆم نمرەکانـم بۆ هێنا، سـەیری کـرد 59ی هێنابوو، لە وانەی ئینگلیزیشدا دەرنەچووبوو، لە بیرکاریدا نمرەی کەمی هێنابوو، ئیتر دەستی بە گریان کرد، بەڵام بارودۆخی هەر باش بوو".

بـە گوتـەی فێنـک، دەشـنێ دواتـر بـەدەم قسـەکردنەوە چووەتـە دەرەوە و گوتـی "چووە حەوشـەی پشـتەوە و دەرگای داخسـت، من لە ژوورەوە ئاگام لێبوو نەوتی بە خۆیدا کرد و ویستی ئاگر لە خۆی بەربـدات، بەڵام زوو فریای کەوتین و لە پەنجەرەیەکەوە گەیشـتمە لای و چەرخەکەم لێسـەند و دەرگاکەم کردەوە، پاشـان گوتی بڕۆ ماکسییەکی دیکەم بۆ بێنە، تا ڕۆیشتم بۆی بێنم، ڕایکـردە نهۆمـی دووەم و لـەوێ ئاگری لە خۆی بەردا".

وەکو فێنک باسـیکرد، کاتێـک لەگەڵ نەنکی دەشـنێ چوونەتە سـەرەوە بـۆ بەهاناوەچوونی، دەشـنێ بە ئاگرەوە دەرگای کردووەتەوە و تەنیا هـاواری کردووە، نەنکی ویسـتوویەتی ئاگرەکەی جەستەی بکوژێنێتەوە، ئەویش سووتاوە و ئێستا لە نەخۆشخانەیە.

دەشـنێ ئەمسـاڵ دووەمین سـاڵی خوێندنی بـووە لـە شەشـی وێژەیی، فێنـک گوتی "پێش وەرگرتنەوەی نمرەکانیشـی پێیگوتـم دەربچم و دەرنەچم ناڕۆمەوە بۆ خوێندن، بەڵام هۆکارەکەی ڕوون نەکردەوە و باسی خۆسووتاندنیشی نەکرد، جگـە لە نمرە و دەرنەچوونـی لە وانەیەکدا، هیچ کێشەیەکی دیکەی نەبوو، تەنانەت پێشتریش کە دەیگـوت ناخوێنمەوە دڵنەوایی‌مـان دەدایەوە کە ئەگەر دەریشنەچوو دەبێت بخوێنێتەوە".

سـامان سـیوەیلی، بەڕێوەبـەری توێژەرانـی دەروونـی و کۆمەڵایەتـی لە وەزارەتـی پەروەردە گوتـی: "پۆلـی دوانـزە حاڵەتێکـی دەروونـی و دڵەڕاوکـێ لای خوێنـدکاران دروست دەکات، لەبەرئـەوەی ئـەو قۆناغـەی خوێنـدن، قۆناغی هەرزەکاریی مرۆڤیشە، دووبارە خوێندکار بەهۆی گۆڕانکارییە هۆرمۆنییەکانەوە جۆرێک لە شڵەژانی دەروونی لا دروست دەبێت".

### لاسایی ئەکتەرێکی تورکی دەکاتەوە


ڕائیـد هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسـی هەولێر بـە (ڕووداو)ی گـوت، هەفتەی ڕابردوو کچێکی تەمەن 15 سـاڵ بەنێوی شـەیما عارف لەنێو ماڵەکەیدا خـۆی خنکاندووە و دوای خۆیشـی نامەیەکی جێهێشـتووە کە دەڵێت دڵی تەنگ بووە بۆیە خۆی کوشتووە.

ڕائیـد هۆگر گوتی "بەپێـی ئەو هێڵکارییەی بۆ ڕووداوەکە کراوە، ئەو کچە هاوشـێوەی خانمە ئەکتەرێکـی زنجیـرە درامایەکـی تورکـی خۆی کوشـتووە، بۆیە ڕەنگە کاریگـەری ئەو درامایەی لەسەر بووبێت بۆ ئەو کارە".

بـەڵام عـارف عەبدولوەهـاب، باوکی شـەیما ڕەتیکـردەوە کچەکەی لەژێـر کاریگەری دراماکان خـۆی خنکاندبـێ و جگـە لـە دەرنەچوونـی لە خوێندندا هیـچ هۆکارێکی دیکە بۆ خۆخنکاندنی کچەکەی شـک نابات "هیچ کێشـەیەکی نەبووە و هەموو پێداویستییەکم بۆ دابین کردبوو، تەنانەت لـە هەموو بۆنەیەکیشـدا کـە حەزی لـێ بووایە بەشداری دەکرد".

باوکـی شـەیما هەروەهـا گوتـی "لـە وەرزی دووەمی ئەمسـاڵی تاقیکردنەوەکانـدا کە نمرەی وەرگرتبـووەوە، لە چەند وانەیەکدا نمرەکانی کەم بوون و گوتی چیدی ناخوێنم، ئێمەش گوتمان بە ئـارەزووی خۆت بکە، ڕەنگە هـەر لەبەر ئەوەش خۆی کوشتبێت".





## بە گوللەی تاپڕ خۆی دەکوژێت

**ڕووداو- سۆران**

نەقیب محەممەد ئەرگوشی، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2016/7/21 قوتابییەکی تەمەن 15 ساڵ دانیشتووی گەڕەکی وەستا ڕەجەب لە شارۆچکەی سۆران لەگەڵ هەندێک لە کەسوکاری چووەتە باخێک لەسەر ڕێگەی کاولۆکان- جندیان، بەڵام لە ژوورێکی باخەکەدا گوولەیەکی تاپڕ بەر سینگی کەوتووە و کوژراوە، ناوبراو گوتی "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان پێدەچێت ڕووداوەکە خۆکوشتن بێت، بەڵام تائێستا گوتەی کەسوکاری و ئەو کەسانەشی لەگەڵی بوون وەرنەگیراوە و لێکۆڵینەوەش بەردەوامە بۆ زانینی ڕاستی ڕووداوەکە".



موقەدەمی مافپەروەر

ژیلەمۆ عەبدولقادر

## خەریک بوو حاشا لە باوکی بکات

ئافرەتێک هەفتەیەک بوو بەردەوام تێلی دەکرد و دەیگوت دەمەوێ مێرد بە کەسێک بکەم، بەڵام باوکم ڕازی نییە. هەرچەند ڕێنمایی دەکرا کە تەمەنی یاسایی خۆی و ئەو کەسەی دەیەوێ شووی پێ بکات، تەواوە و دەتوانن بچن بۆ دادگا بەبێ ڕەزامەندیی باوکی گرێبەستی هاوسەرگیری بکەن، بەڵام هەر دەیگوت نابێت، تا ڕۆژێک خۆی سەردانی کردین.

کاتێک لێمان پرسی ئەو کەسە کێیە کە دەتەوێ شووی پێ بکەی، گوتی کەسێکە باکگراوندێکی ئاینی و کۆمەڵایەتی هەیە و سێ ژنیشی هەیە، 30 ساڵیش لە خۆی بەتەمەنترە. ئامۆژگاریمان کرد کە وازی لێ بهێنێ، بەڵام ئەو پێداگیریی دەکرد شووی پێ بکات.

بانگی باوکی کچەکە و ئەو پیاوە کرا کە دەیویست ئەو کچە بخوازێت، لە پیاوەکەمان پرسی ئامادەی ئەو کچە بخوازی؟ گوتی "بەڵێ، چوومەتە خوازبێنیشی، بەڵام باوکی ڕازی نییە". بەڵام باوکی کچەکە زۆر بە توندی وەڵامی دایەوە و گوتی "تۆ کچەکەی منت هەڵخەڵەتاندووە، ئەگەر ژنەکانت ڕازین من کچەکەی خۆمت دەدەمێ". پیاوەکەش گوتی "نەخێر ڕازی نین، بەڵام کێشە نییە لە دادگای مەخموور مارەی دەکەم".

باوکی کچەکە ڕووی لە ئێمە کرد و گوتی "ئێوە ڕێگە دەدەن کچەکەم مێرد بە کەسێک بکات سێ ژنی هەبێت و 30 ساڵ لە کچەکەی من گەورەتر بێ؟".

ئێمە لەو حاڵەتەدا تەنیا توانیمان ئامۆژگاری کچەکە بکەین کە باش نییە مێرد بەو پیاوە بکا. بە پیاوەکەشمان گوت دەبێ ژنەکانی ڕازی بن، ئەگەر ڕازی نەبن و سکاڵات لەسەر تۆمار بکەن، ئەوا بەپێی یاسای باری کەسی هەموارکراو ژمارە 15ی ساڵی 2008 دادگایی دەکرێی و سزاکەشت بەلانیکەم شەش مانگ زیندانی و 10 ملیۆن دینار غەرامە دەبێت، بەڵام ئەو دەیگوت باکم نییە و دەچم لە مەخموور مارەی دەکەم ئەگەر باوکی کچەکە ڕازی بێت.

باوکی کچەکە گوتی من بە هیچ شێوەیەک ڕازی نیم کچەکەم شوو بەو پیاوە بکات، کچەکەشی گوتی من تەمەنم 30 ساڵە و ناگەڕێمەوە ماڵەوە. بەڵام پیاوەکە بە کچەکەی گوت بە تەمای من مەبە و بۆ خۆت بڕۆوە ماڵی باوکت. کچەکە کە گوێی لەو قسەیە بوو گوتی واتە تۆ منت ناوێت! من لەبەر خاتری تۆ خەریکە حاشا لە کەسوکارم دەکەم، تۆش ئەوە هەڵوێستتە!

لە کۆتاییدا کچەکە گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو شووکردنە لە بەرژەوەندیی ئەو نییە و پەشیمان بووەوە، بەڵام بەر لەوەی بڕوات گوتی: "بۆیە ئەو کارەم کرد چونکە هەر کەسێک دەهاتە خوازبێنیم باوکم کۆسپی بۆ دروست دەکرد". بۆیە بەڵێننامە لە باوکی وەرگیرا کە چیدی گرفت بۆ شووکردنی کچەکەی دروست نەکات.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

چوار ژنی بێوەژن کرد

# باوکی خۆی بە شەش فیشەک دەکوژێت

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- هەولێر**

فەرماندەیەکی پێشمەرگە لەنێو باخەکەی خۆی لەلایەن کوڕەکەیەوە کوژرا و کوڕەکەشی هەڵهات، بەڵام دواتر خۆی ڕادەستی هێزەکانی پێشمەرگە کرد و ئەوانیش ڕادەستی پۆلیسیان کرد، برایەکی کوژراوەکە دەڵێت "پێمانوایە دەستێک لە پشت ئەو تاوانە هەیە".

ئەم ڕووداوە ڕۆژی 2016/7/18 لە گوندی سیاوی سەر بە ناحیەی شەمامکی پارێزگای هەولێر ڕوویدا. شێروان فەریق، تەمەن 37 ساڵ کە پلەی نەقیب بووە لە هێزەکانی پێشمەرگە و لە میحوەری مەخموور- گوێر پێشمەرگە بووە، لەلایەن کوڕە تەمەن 18 ساڵانەکەی خۆیەوە بەنێوی (م) لە نێو باخەکەی خۆیان بە شەش فیشەک کوژرا. تۆمەتبار ڕۆژی دواتر خۆی ڕادەستی هێزێکی پێشمەرگە لە میحوەری گوێر کرد.

شێروان چوار ژنی هەبووە و لە سێ ژنی یەکەمیان 13 منداڵی هەیە. ڕائید هۆگر عەزیز گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "تۆمەتبارەکە دوای دەستگیرکردنی گوتی، باوکی بەردەوام لە دایکی و خێزانەکانی دیکەی داوە و کێشەی خێزانییان هەبووە، بۆیە کوشتوویەتی".



بەکر فەریق، برای کوژراوەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەنێو خێزانەکاندا کێشە هەر دەبێت، بەڵام هیچ کێشەیەک ناگاتە ئەوەی گەنجێک پەنا بۆ کوشتنی باوکی ببات. ئەو گوتی "کاتێک براکەم لە دەوام گەڕاوەتەوە، ئۆتۆمبێلەکەی لەنێو باخەکەیدا ڕاگرتووە و کوڕەکەشی داوای سویچی ئۆتۆمبێلەکەی لێکردووە گوایە ئیشێکی هەیە، بەڵام چووە دەمانچەی باوکی لەنێو ئۆتۆمبێل دەرهێناوە، سەرەتا چەند گوللەیەکی لە قاچی باوکی داوە و دواتر بە چەند فیشەکێک کوشتوویەتی".

تۆمەتبار کوڕە گەورەی ژنی یەکەمی شێروانە، خێزانەکانی شێروان هەریەکەیان لەنێو خانووی خۆیاندا بوون لەو باخەدا کە نزیکەی چوار دۆنمە.

بەکر گوتی "لە کاتی ڕووداوەکەدا هەر چوار ژنەکەی لە ماڵەوە بوون، بەڵام پێمانوایە دەستێک لە پشت ئەو تاوانە هەیە، چونکە کاتێک کەسێک یەکێکی دیکە دەکوژێت، دەشڵەژێت، بەڵام ئەم کوڕە بەهێمنی جانتا و شتی کۆکردووەتەوە و بردوویەتی و بە ئۆتۆمبێلەکەوە ڕۆیشتووە، واتە تاوانەکەی بە بەرنامە کردووە".

بەکر کارگەی غازی هەیە لە شاری هەولێر، بە گوتەی خۆی، پێشتر برازاکەی ماوەیەک لای ئەو کاری کردووە و گوتی "کە هاتە لام ڕێنماییم دەکرد بۆ ئەوەی کار بکات و پارە کۆبکاتەوە، بەڵام دوای ماوەیەک گوتی دەڕۆمەوە لای باوکم و دەبمە پێشمەرگە".

بەکر ڕەتیکردەوە کە براکەی هیچ کێشەیەکی گەورەی هەبووبێ و گوتی "شێروان برا گەورەمان بوو، ئەو کێشەی بۆ چارەسەر دەکردین، ڕەنگە کێشەی زۆر سادەیان هەبووبێت بۆ نموونە داواکردنی پارە و کڕینی مۆبایل کە ئەوانە کێشەی گەورە نین".

بەکر بە ئاماژەدان بەوەی براکەی کێشەی دارایی نەبووە، گوتی "شێروان لە ماوەی دوو ساڵی شەڕی داعشدا لەسەر حیسابی خۆی بایی نزیکەی شەشت هەزار دۆلار چەکی کڕیوە". هەرچەندە هێشتا ئەو ڕووداوە لەسەرەتای لێکۆڵینەوەدایە، بەڵام وەکو ئەو برایەی شێروان گوتی "بەهیچ شێوەیەک لە بکوژ خۆشنابین و داواکارین یاسا سزای بدات".

لە ماوەی مانگێکدا لەشاری هەولێر ئەوە دووەمین حاڵەتی کوشتنی باوکە بەدەستی کوڕ. ڕۆژی 2016/6/21 لە گەڕەکی مهابادی شاری هەولێر، حوسێن جەلال لەلایەن کوڕە تەمەن 23 ساڵانەکەی خۆیەوە لە شیرینیی خەودا کوژرا.

# زیندانییەک خۆی دەخنکێنێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- دهۆک**

سیامەند تەنیا شەش مانگ بەرگەی ئەو سزایەی گرت کە بەسەریدا سەپێنرابوو، لە ژوورەکەی خۆیدا و بەپەتێکی دروستکراو لە بەتانی خۆی خنکاند، پۆلیس سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە بۆ ئەوەی بزانێ بۆچی خۆی خنکاندووە.

ڕۆژی 2016/7/18 سزادراوێک لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی گەورانی دهۆک بەنێوی (سیامەند.ل) لەنێو ژوورەکەیدا خۆی خنکاند. ڕائید هێمن سلێمان گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دهۆک بە (ڕووداو) ڕاگەیاند "ئەو سزادراوە تەمەنی 35 ساڵ بووە و بەپێی ماددەی 405 لە یاسای سزادانی عێراقی و بە تاوانی کوشتن، بە 12 ساڵ بەندکردن حوکم درابوو".

بە گوتەی ڕائید هێمن، ئەو کەسە شەش مانگە سزا دراوە، سێ مانگ لە حوکمەکەی لە هەولێر تەواو کردووە و دواتر گواستراوەتەوە زیندانی چاکسازیی گەورانی دهۆک، بەڵام تائێستا نەزانراوە بۆچی خۆی خنکاندووە.

ئەو سزادراوە ماڵیان لە گوندێکی سەر بە شارۆچکەی سۆرانە، سەرچاوەیەک لە چاکسازیی گەورانی هەولێر کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو سزادراوە دوو ساڵ لەمەوبەر کەسێکی نزیکی خۆی بە هەڵە کوشتبوو، ئەمساڵ بۆ ماوەی نزیکەی سێ مانگ لای ئێمە بوو، بەڵام بەهۆی ئەو ڕووداوەی بەسەری هاتبوو، باری دەروونیی تێکچووبوو، زۆر پەشیمان بوو زۆر جار دەگریا، چونکە مەبەستی کوشتنی ئەو کەسە نەبووە و لەدەستی دەرچووە".

سەبارەت بە گواستنەوەی سزادراوەکە بۆ دهۆک، سەرچاوەکە گوتی "لەسەر داوای خێزانەکەی گواسترایەوە، بەڵکو بە گۆڕینی شوێنەکەی باری دەروونی باشتر ببێ".

نووسینگەی مافی مرۆڤ لە شاری دهۆک، ڕۆژی 2016/7/19 بۆ بەدواداچوون لە هۆکاری خۆخنکاندنی ئەو سزادراوە، سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان کردووە. دلێر عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری نووسینگەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لیژنەیەکمان پێکهێنا و سەردانی زیندانەکەمان کرد، لەوێ پێیانگوتین خێزانی سزادراوەکە داوای لێکۆڵینەوەیان لە ڕووداوەکە کردووە، بەڵام ئەگەر داواش نەکەن، لەبەرئەوەی ڕووداوەکە دەچێتە چوارچێوەی تاوانەوە، داواکاری گشتی داوای لێکۆڵینەوە دەکات".

بە گوتەی دلێر، بە بڕیاری لیژنەیەک لە چاکسازیی گەورانی دهۆک، ئەو سزادراوە چەند ڕۆژێک پێش خۆخنکاندنەکەی خراوەتە ژووری تاکەکەسی و لە 10یەمین ڕۆژیشدا کە لەو ژوورەدا بووە، خۆی خنکاندووە.

ئەحمەد نەجمەدین، بەڕێوەبەری گشتیی چاکسازییەکان لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بەڕێوەبەری چاکسازیی گەورانی دهۆکەوە پێمان گەیشتووە، ئەو سزادراوە نەخۆشیی دەروونی هەبووە و بردوویانەتە لای پزیشکیش، هەر بۆ هێوربوونەوەی باری دەروونیشی بردوویانەتە ژوورێکی تاکە کەسی".

ئەمساڵ ئەوە دووەمین حاڵەتی خۆخنکاندنی زیندانیانە لە کوردستان. ڕۆژی 18ی کانوونی دووەمی ئەمساڵیش سزادراوێکی تەمەن 26 ساڵ کە بە تاوانی کوشتن بۆ ماوەی 25 ساڵ سزادرابوو، لە ژوورەکەی خۆیدا لە چاکسازیی گەورانی سلێمانی خۆی خنکاند.



# بە ئۆتۆمبێل لێی دەدات و بە گوللەیەکیش دەیکوژێت

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- گەرمیان**

سوڵحکردنەکەی دادی نەدا، لوقمان لەلایەن کەسێکەوە کوژرا کە 21 ساڵ لەمەوبەر باوکی ئەو کەسەی کوشتبوو، بەڵام بکوژ بە پێچەوانەی زۆربەی ئەوانەی تاوان دەکەن، خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد.

ئێوارەی 2016/7/8 لە نزیک مەیدانی ئاژەڵان لە ناحیەی ڕزگاری تەرمی پیاوێکی تەمەن 43 ساڵ بەنێوی (لوقمان.ج) دانیشتووی شارۆچکەی کەلار، دۆزرایەوە. لوقمان پێشمەرگەی کەمئەندامی سەنگەر بوو. دوای نۆ ڕۆژیش لە تاوانەکە، بکوژەکە خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد.

ڕائید عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، دوای کوژرانی ئەو پێشمەرگەیە، تیمێکی لێکۆڵینەوە پێکهێنرا، لە ماوەی کەمتر لە 24 کاژێردا لەڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاری و کامێرای چاودێرییەوە، توانرا ئەو ئۆتۆمبێلە بدۆزرێتەوە کە تاوانەکەی پێکراوە، پاشان زانیاری لەسەر بکوژەکە (ک.ع) کە گەنجێکی تەمەن 23 ساڵە وەرگیرا و ڕۆژی 17ی ئەم مانگە خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد.

قەدوری گوتی "تۆمەتبار لە لێکۆڵینەوەدا باسی چۆنیەتی کوشتنی ئەو پیاوەی کرد و گوتی سەرەتا بە ئۆتۆمبێل لێیداوە، بەڵام نەمردووە، دواتر خستوویەتییە نێو ئۆتۆمبێلەکەی و لە نزیک مەیدانی ئاژەڵان لە ناحیەی ڕزگاری بە فیشەک کوشتوویەتی".

سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکەش جەمال قەدووری گوتی "هۆکاری ڕووداوەکە بۆ دوژمنایەتییەکی کۆن دەگەڕێتەوە، کاتی خۆی باوکی (ک) بە هەڵە بە دەستی لوقمان کوژراوە و دواتر سوڵحیان کردووە. بەڵام (ک) ئەوکات منداڵ بووە و ئێستا گوایە تۆڵەی باوکی کردووەتەوە".

(ک.ع) دانیشتووی شاری سلێمانییە، بە گوتەی قەدووری، (ک) پێشتر پلانی بۆ کوشتنی بکوژەکەی باوکی داناوە "تۆمەتبار لە سلێمانییەوە بەتایبەت بۆ کوشتنی ئەو پێشمەرگەیە هاتووە و ئۆتۆمبێلەکەشی تایبەت بۆ ئەو تاوانە کڕیوە".

21 ساڵ لەمەوبەر لە ناوچەی شانەدەری نزیک سەیدسادق، لوقمان باوکی (ک)ی کوشتووە. کەسێکی نزیکی لوقمان بە (ڕووداو)ی گوت "لە شانەدەر برایەکی لوقمان کە ئێستا لە ژیاندا نەماوە، لەگەڵ برایەکی (ک) کە منداڵ بوونە شەڕیان کردووە، لوقمانیش لەو کاتەدا چەکی پێ بووە و فیشەکێکی تەقاندووە و فیشەکەکە بەر باوکی (ک) کەوتووە".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "ئەوکات باوکی (ک) جەڵتە لێی دابوو، فیشەکەکە بەر لەپی دەستی کەوتبوو، بردمانە نەخۆشخانە و دوای چەند ڕۆژێک گیانی دەرچوو، پاشان بە فەرمانی دادوەر دوای 31 ڕۆژ لە گۆڕەکەی دەرهێنرایەوە و پشکنینی بۆ کرایەوە، دەرکەوت هۆکاری مردنەکەی بەهۆی جەڵتەکەوە بووە نەک فیشەکەکە، بەڵام ئێمە گوتمان لەبەرئەوەی گوللەی لوقمانی بەرکەوتووە، ئەوکات بە 50 هەزار دینار سوڵحمان کرد، لوقمانیش نزیکەی ساڵێک لە زیندان مایەوە".

خزمەکەی لوقمان پێیوایە لوقمان بە "ناحەق" کوژراوە و دەڵێت "لوقمان بە ناهەق کوژراوە، چونکە پێشتریش مەبەستی کوشتنی ئەو پیاوە نەبووە، دوای ڕووداوەکەش کەسوکاری (ک) پەیوەندییان پێوە نەکردووین و ئێمەش دۆسیەکەمان داوەتە دەست یاسا".

لوقمان دەبێتە چوارەمین قوربانی کە ئەمساڵ لەسەر دوژمنداری لە کوردستان کوژراون. لە کۆتایی مانگی ئاداردا پیاوێک لە شارۆچکەی دەربەندیخان کوژرا کە ساڵانی نەوەدەکان کەسێکی کوشتبوو، لە مانگی نیسانیشدا پیاوێکی دیکە لە نزیک بانی مەقان لەلایەن کەسێکەوە کوژرا کە پێشتر برای پیاوەکە برایەکی ئەو کەسەی کوشتووە.

هەر بەهۆی دوژمندارییەوە مانگی ڕابردوو لە شارۆچکەی سۆران مامۆستایەک کوژرا.



روونکردنەوەی وەزارەتی پەروەردە لەسەر راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی:

# "تێچووی چاپی کتێبمان لە 60 ملیۆن دۆلارەوە بۆ 10 ملیۆن دۆلار کەمکردووەتەوە"




رۆژنامەی (رووداو) لە ژمارە (416)ی خۆیدا کە لە رێکەوتی 2016/7/18ی زایینی چاپ و بڵاوبووەتەوە، راپۆرتێکی (دیوانی چاودێری دارایی)ی بڵاوکردووەتەوە سەبارەت بە "گرێبەستەکانی چاپکردنی پەرتووکەکانی وەزارەتی پەروەردە"، بۆیە وەک وەزارەت پێویستە راستییەکان وەک خۆیان بخەینە روو تاوەکو هۆکارێکیش بین بۆ راستکردنەوەی ئەو هەڵەشەیی و شاگەشکەبوونەی دەزگا میدیاییەکان لە بڵاوکردنەوەی زانیاری نادروست و ناپەیوەندیدار. بۆیە ئەم سەرنج و راستیانەی خوارەوە سەبارەت بە داتا و ژمارەکانی نێو راپۆرتەکە دەخەینەروو:

یەکەم: ئەم راپۆرتە بڵاوبووەوەی رۆژنامەی (رووداو)، پەیوەندی بە کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە کە بەڕێز د.عیسمەت خالید، وەزیری پەروەردە بوو. بەپێی رێنماییەکان و ئالیەتی چاپکردنی پەرتووکی خوێندن بۆ هەر ساڵێکی خوێندن، ساڵێک پێشتر رێکارە یاساییەکان دەگیردرێنەبەر و پاشان پرۆسەی چاپکردنەکە دەست پێدەکات. هەر بۆ زانیاری هەموو لایێک، لەم کابینەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، تاوەکو ئێستا تێچووی قەرزی چاپی کتێبی ساڵی رابردوو نەدراوە، بۆ ئەمساڵیش گرفتی نەبوونی بودجە (پارە) هەیە و تا ئێستا هەنگاوی کردەیی نەنراوە. ئەوەی لە راپۆرتەکەی دیوانی چاودێری دارایی هاتووە، لە بنەڕەتدا بەمشێوەیە پرۆسەی چاپکردنی پەرتووکەکانی ساڵی2014 ئەنجامدراوە:

– راگەیاندنی تەندەری یەکەم لە رێکەوتی 2014/2/28ی زایینی بووە و کردنەوەی تەندەری چاپی پەرتووکەکان لە رێکەوتی 2014/3/12ی زایینی بووە و شیکردنەوەی تەندەر لە رێکەوتی 2014/4/6ی زایینی بووە و بە هاوپێچ هەموو ئەو نووسراو و دۆکیۆمێنتانەی کردنەوە و شیکردنەوە و لیژنەکان و بەها و وردەکارییەکانی رێککەوتنەکە، واژووی وەزیری پەروەردەی پێشوویان لەسەرە.

– راگەیاندنی تەندەری دووەم لە رێکەوتی 2014/5/12 بووە کە لە لایەن بەڕێوەبەری گشتیی دیوان (بورهان عەبدوڵڵا) بۆ وەزیری پێشوو بەرز کراوەتەوە، لە رێکەوتی 2014/5/14 ئاگادارییەکە لە رۆژنامەی (هەولێر) بڵاوکراوەتەوە و لە رێکەوتی 2014/5/26 لیژنەی کردنەوەی تەندەر کاری خۆی کردووە. لە رێکەوتی 2014/6/11 لیژنەی شیکردنەوە، بڕیاری خۆی داوە و هەمان رۆژ وەزیری پەروەردەی پێشوو، واژۆی لەسەر گرێبەستەکە کردووە.

– دەبووایە رۆژنامەی (رووداو) وەک ئەرکێکی پیشەیی و ئەخلاقی کاری رۆژنامەنووسی، لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی پەیوەندیدار لە وەزارەتی پەروەردە گفتوگۆی کردبایە و رای ئەوانی وەرگرتبووایە، چونکە ئەم راپۆرتەی دیوانی چاودێری دارایی، زۆر خاڵ و برگەی وەک پێویست نییە و هەر لەم چوارچێوەیەشدایە کە وەزارەتی پەروەردە لیژنەی پێکهێناوە بۆ وەڵامدانەوەی، چونکە وەک نەریت هەموو راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری لە لایەن وەزارەتەکانەوە وەڵام دەدرێنەوە، جا چ بە سەلماندن یا نەسەلماندن بێت. واتە لەوانەیە هەندێ خاڵ و برگە هەبێت، چاودێری دارایی پسپۆری تێدا نەبێت، بۆیە پێویستی بە روونکردنەوەی زیاتر هەیە، هەرچەندە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان تێبینییەکانی دیوانی چاودێری دارایی بە هەند وەردەگرن و ئەگەر خاڵی جەوهەری لە سەرپێچیی یاسایی لە هەر وەزارەتێک هەبێت، ئەوا کاری جدی لەسەر دەکرێت و لایەنی کەمتەرخەم دەبێتە بدرێتە دادگە.

– بردنی نووسراو و راپۆرتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمشێوەیە و پێش لە وەڵامدانەوەی وەزارەتەکان، لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە بە (دزی) هەژمار دەکرێت و لە چوارچێوە یاساییەکەیدا پێیدەڵێن "سرقە الاوراق الرسمیە" و بەپێی یاسا سزای خۆی هەیە، چونکە دەکرێت داوای زانیاری بکرێت لەم پرۆسانە.

– ئێستا پرۆسەی چاپکردنی پەرتووکەکانی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردە، لە رووی دارایی و کارگێری و هونەرییەوە گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا هاتووە، بۆیە ریپۆرتەرەکەی رۆژنامەکە کەوتووەتە هەڵەیەکی گەورەوە بەوەی دەریخستووە نە تاقەتی بەدواداچوونی هەبووە و نە ئاگای لەم دۆخە و گۆڕانی گەورەی ئابووری و کەمکردنەوەی خەرجییەکان هەبووە کە ئەمەیش بە هەموو پێوەرێک دەکاتە ئەوەی کە ریپۆرتەرەکە تەنیا بە ناوی وەزارەتی پەروەردە شاگەشکە بووە و زانیارییە سەرەتاییە تاوتوێنەکراوەکانی بڵاوکردووەتەوە. بۆیە دەکرێت بەم شێوەیە بۆی روون بکەینەوە:

**یەکەم:** ئەو کۆمپانیایانەی کە لە ساڵی 2007 تاوەکو 2014ی زایینی، پەرتووکیان چاپ دەکرد، دوورخراونەتەوە و ئێستا بە شێوەی شەفاف و یاسایی پەرتووکەکان چاپ دەکرێن و بەمەش تێچووی چاپکردنی پەرتووک ساڵانە کە 50 بۆ 60 ملیۆن دۆلار بوو، کەم کراوەتەوە بۆ 9 بۆ 10 ملیۆن دۆلار.

**دووەم:** ماوەی ساڵێکە، بە راگەیاندنی ئاشکرا بۆ هێنانی چاپخانە بۆ هەرێمی کوردستان هەوڵمان داوە دەرفەتێک دروست بکەین تا پەرتووکەکانمان لە کوردستان چاپ بکەین و هەلی کاریش بۆ زۆر کەس فەراهەم بکەین. راستە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان توانای دارایی لاوازە بۆ هەنگاونانی ئەم پرۆسە گەورەیە، بۆیە دەمانەوێت بە شێوەی هاوبەش لەگەڵ کەرتی تایبەت ئەم کارە ئەنجام بدەین.

**سێیەم:** دەربارەی هەڵە زمانەوانییەکان کە لە پەرتووکەکانی خوێندن هەیە، وەزارەتی پەروەردە زیاتر لە 1100 ناونیشانی پەرتووک چاپ دەکات کە ئەمەش دەکاتە چەندین ملیۆن وشە. بۆیە ئێمە نکۆڵی لەوە ناکەین کە بە هۆی نەبوونی زمانێکی ستاندارد و یەک رێنووسییەوە لە هەرێمی کوردستان، هەندێک هەڵە لە کاتی وەرگێڕانی پەرتووکەکان لە شێوەزارێکەوە بۆ یەکێکی دیکە تێپەڕیون، بەڵام ژمارەی ئەم هەڵانە ناکاتە هیچ ژمارەیەک لە سەدی، هەرچەندە ماوەی ساڵ و نیوێکە (بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پرۆگرامەکان)ی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی خودی جەنابی وەزیری پەروەردە لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی و مامۆستایانی زمان، سەرقاڵی پێداچوونەوەی گشتیی پەرتووکەکانن لە رووی زمانەوانییەوە و تا ئێستا نزیکەی 25%ی پرۆسەی پێداچوونەوەکە ئەنجام دراوە و تا کۆتاییەکەی نزیکەی سێ ساڵی دیکەی پێویستە.

**چوارەم:** لە مانگی ئابی ئەمساڵدا، بڕیارە سەرجەم پەرتووکەکانی خوێندن لە ماڵپەڕێکی تایبەت بە پرۆگرامەکان دابنرێت بۆ ئەوەی قوتابی بەشێوەی (pdf) بتوانێت بە بەردەوام دەستی بە گشت پەرتووکێکی خوێندن را بگات، ئەمەش دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بەدەر لەو دۆخە گشتییانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێدراوە، لێرەوە وردەکاری ئەو گرێبەستانە دەخەینەڕوو کە لە راپۆرتە بڵاوکراوەکەی (رووداو) دا ئاماژەیان پێدراوە و بێئاگا و دەستی ئەنقەست دراونەتە پاڵ ئەم کابینەیەی وەزارەتی پەروەردە:

## هەڵسەنگاندنی زانستی بۆ پەرتووکەکان:

سەبارەت بە گرێبەستی ژمارە (21)، راستییەکان بەم شێوەیەی خوارەوەن:

1- پێدانی ئەم کۆمەڵەیەی کتێب لەسەر بڕیاری بەڕێز وەزیری پێشووی پەروەردە دراوە بە کۆمپانیای (دارا پرێنتینگ)، بەڵام بە هەمان نرخی کۆمپانیای (مەتیک) نەوەک گرانتر کە کەمترین نرخ بووە و ئەمەیش لەبەر ئەوەی ئەم کۆمپانیایە هیچ کارێکی هاوشێوەی نەبووە.

2- سەبارەت بە درەنگ گەیشتنی 20 دانە پەرتووک بۆ (بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان) و 10 دانە پەرتووک بۆ (بەڕێوەبەرایەتی تەجهیزات)، ئەم ژمارە پەرتووکانە بۆ هەڵسەنگاندنی زانستی و پێداچوونەوەیە بۆ ساڵی دواتر. ئەمەش کەمتەرخەمی کۆمپانیاکان بووە لە ساڵانی پێشوو و ئێستا رێکاری پێویست دانراوە بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەو حاڵەتە.

3- ئەو هەڵسەنگاندنە زانستییەی لە راپۆرتەکەدا هاتووە کە پەیوەستە بە بەندێکی گرێبەستی چاپی پەرتووک، بریتییە لە هەڵسەنگاندنی زانستی و ئامادەکاری بۆ چاپکردن، نەوەک دانانی پرۆگرام.

## گرێبەستی ماکمیلان:

دەربارەی گرێبەستی کۆمپانیای (ماکمیلان) بۆ ساڵی خوێندنی (2013 – 2014)ی زایینی، راستییەکان بەم شێوەیەی خوارەوەن:

– مێژووی واژۆکردنی رێککەوتننامەی لێکگەیشتنی وەزارەتی پەروەردە و کۆمپانیای ماکمیلان بۆ ساڵی 2005ی زایینی دەگەڕێتەوە و لە ساڵی 2006دا رێککەوتنەکە کەوتووەتە واری جێبەجێکردنەوە و زۆربەی بەراییەکانیش لە لای گرێبەستە گشتییەکان پارێزراون، کەچی بەپێی راپۆرتەکە هیچ بەراییەک لە وەزارەت نەبووە.

– گۆڕینی پرۆگرامی زمانی ئینگلیزی لە لایەن لیژنەی تایبەتەوە ئەنجام دراوە، نەک ئەوەی لە راپۆرتەکەدا هاتووە کە گوایە لیژنەیەک نەبووە بۆ ئەم مەبەستە.

– یەکێک لەو کێشانەی لە راپۆرتەکەدا باس کراوە ئەوەیە کە "مافی فکری و خاوەندارێتی لە لای کۆمپانیا دەمێنێتەوە"، ئەم کێشەیە مێژووەکەی بۆ ساڵی 2005 و کۆمپانیای (جیۆپرۆجێکشن)ی لوبنانی دەگەڕێتەوە کە زۆربەی پەرتووکەکانی وەزارەتی پەروەردە لای ئەم کۆمپانیایە بوو. وەزارەتمان لە ساڵی خوێندنی (2014 ـ 2015) و (2015 ـ 2016)ی زایینی، کاری لەسەر گەڕانەوەی ئەم مافە کردووە و تێشیدا سەرکەوتوو بووە.

## زیادکردنی پارەی گرێبەست:

سەبارەت بە زیادکردنی پارەی گرێبەستی کۆمپانیا (mup) راستییەکە بەم شێوەیەیە:

کۆمپانیای ناوبراو بە 406 ملیۆن و 260 هەزار دینار تەندەرەکەی بۆ دەرچووە کە ئەم نرخەیش کەمترین نرخ بووە، بەڵام دواتر دەرکەوتووە کە هەردوو بەشی پەرتووکی (راهێنان) و (قوتابی)ی پەرتووکی زمانی عەرەبی لە یەک بەرگدا کۆ و چاپ کردووە، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە ئەم پەرتووکانە بە رێژەی 100% چاپ کراوە، واتە ئەو برە پارەیەی کۆمپانیا بۆ 50%ی ی پەرتووکەکان بووە. دواتر گرێبەستی 608 ملیۆن و 734 هەزار و 766 دینار واژۆ کردووە بۆ رێژەی 100% کە دانان و کۆکردنەوەی هەردوو پەرتووکی (راهێنان) و (قوتابی) لە یەگ بەرگدا لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە دانراوە.

## هەڵسەنگاندنی تەندەرێک:

سەبارەت بە تەندەری ژمارە (یەک) بۆ چاپی پەرتووک لە راپۆرتەکەدا، چەند خاڵێکی دوور لە راستی هاتووە و ئاماژەی پێکراوە، تەنیا پوختەی یادداشتی بەشی گرێبەستە گشتییەکانی وەزارەتمانە کە چەند تێبینییەک بووە لەسەر ئەم تەندەرە بە مەبەستی راستکردنەوەیان و سەرجەم خاڵەکانیش بەدواداچوومان بۆیان کردووە و راست کراونەتەوە. وەرگرتنەوەی چەند کۆمەڵەیەک لە کۆمپانیای (مەتیک) و پێدانی بە کۆمپانیاکانی دیکە بە هەمان نرخی کۆمپانیای (مەتیک) بووە نەوەک گرانتر و تەنیا چەند کۆمەڵەیەک لە کۆمپانیای (مەتیک) وەرگیراوەتەوە، ئەمەیش وەک ئاماژەمان پێکرد، چونکە ئەم کۆمپانیایە هیچ کارێکی هاوشێوەی چاپکردنی نەبووە.

## بۆ هەر وانەیەک 80 هەزار پەرتووک:

ئەو ژمارانەی لە راپۆرتەکەدا هاتوون و وەک خۆیان ئاماژەیان پێکردووە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (2007 تاوەکو 2010)ی زایینی و ژمارەکان خەمڵێنراوی خۆیان بۆ زیادبوون، بۆیە ناکرێت ئەم پێوەرانە بەکار بهێنرێن بۆ ئێستا و بکرێنە بنەمای مانشێتێکی نادروست و فریودەرانە، چونکە دۆخە ئابوورییەکە گۆڕاوە و وەزارەتیش رێژەی چاپی کتێبی گەیاندووەتە نزمترین ئاست (وەک پێشتر ئاماژەمان پێی کردووە) و ئەم پێوەرانە کارێکیان پێ ناکرێت. گریمانەکردن بنەمای راپۆرتێکی درووست و کارکردنێکی تەواو لەسەر ژمارە نییە.

## چاپی پەرتووک 100%

وەزارەتی پەروەردە ساڵانە رێژەی 100%ی پەرتووک بۆ ساڵی یەکەم و لە ساڵی دووەمیش بە رێژەی 50% و لە ساڵی سێیەمیش بە رێژەی 75% پەرتووک چاپ دەکات، جگە لە پەرتووکەکانی پۆلی (یەکەم، دووەم و سێیەم)ی بنەڕەتی و پەرتووکی راهێنان.

## کۆگاکان پڕن لە پەرتووک:

زۆر ئاساییە کە هەر کۆگەیەک بڕێک پەرتووک و کەلوپەلی زیادەی تێدا بێت (ئەوە نییە کۆگە ناوەکەی بە خۆیەوەیە)، بەڵام ئەم ژمارە قەبەی کە رێپۆرتەرەکە شاگەشکەئاسا ئاماژەی پێ کردووە گەوایە 723 هەزار و 676 پەرتووک لە کۆگاکان هەڵگیراون، دروست نییە و جگە لەمە زیاتر لە یەک هەزار ناوونیشانی پەرتووک لە پرۆگرامی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردە هەیە. ئامادەکارانی راپۆرتەکەی رۆژنامەی رووداو، تەنیا سەردانی دوو کۆگەیان کردووە (کە گومانمان هەیە سەردانیان کردبێت، چونکە ریپۆرتەر لەم سەردەمەدا تەنیا هۆکاری وەرگرتنی زانیاری، مۆبایلەکەیەتی!) کە زیاتر لە 300 هەزار قوتابیان هەیە و تەنیا ژمارەی پەرتووکی ئەم دوو کۆگەیان کۆ و زەرب کردووە و کردوویانەتە بنەما بۆ هەر 23 کۆگاکانی وەزارەت.

## چاپی کتێبی نوێ:

سەبارەت بە چاپکردنەوەی پەرتووکی نوێ، پێشتر لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە وەزارەتی پەروەردە و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێکهاتبوو و بەپێی یاسای رێکاری فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی، چەندین فەرمانبەر لە کار لادراون و سزای یاسایی دراون و کەسانێکیش رەوانەی دادگا کراون.

وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن

### تێبینی (رووداو) لەسەر روونکردنەوەکەی وەزارەتی پەروەردە:

**یەکەم:** لەو روونکردنەوەیەی وەزارەتدا هاتووە کە ئێمە "بێئاگا و دەستی ئەنقەست" ئەو زانیاریانەی لەبارەی گرێبەستەکاتەوە بڵاومان کردووەتەوە داومانەتە پاڵ وەزارەتی پەروەردە لەم کابینەیەی حکومەتدا، بەڵام ئێمە لە راپۆرتەکەدا ناوی هیچ کابینەیەکی حکومەتمان نەهێناوە.

**دووەم:** سەبارەت بە پەرتووک لە کۆگاکاندا، ئێمە سەردانی دوو کۆگای وەزارەتمان نەکردووە، ئەو ژمارەیەشی کە لە روونکردنەوەکەی وەزارەتی پەروەردەدا هاتووە گوایە ریپۆرتەرەکەی (رووداو) "ئەم دوو کۆگایەیان کۆ و زەرب کردووە و کردوویانەتە بنەما بۆ هەر 23 کۆگاکانی وەزارەت" ئەوە لەلایەن لیژنەی دیوانی چاودێریی دارایی کراوە و لەناو هەمان راپۆرتدا هاتووە نەک رووداو ئەو کارەی کردبێت.

# داعش.. پاش نەمانی خەلافەت

پۆڵ ئیدن
رووداو- هەولێر




چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، بەردەوام ئەو ناوچانە لە دەست دەدەن کە پێشتر لە عێراق و سووریا دەستیان بەسەردا گرتبوون، هەر بۆیە زۆر لە شارەزایان و چاودێران لە ئێستاوە دەستیان کردووە بەوەی پێشبینی ژیانی ئەو قۆناغە بکەن کە داعش هەموو ناوچەکانی لەدەستداوە.

حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق دەڵێت ئەگەر مووسڵ لە دەستی داعش دەربهێنرێ، ئەوە بەمانای شکستی یەکجاریی ئەو گرووپەیە، لەبەر ئەوەی داعش پاش کۆنترۆڵکردنی ئەم شارە لە حوزەیرانی 2014 خەلافەتی راگەیاند.

پێدەچێت ئەبو محەممەد ئەلعەدنانی، گوتەبێژی داعش، هەستی بەوە کردبێت کە گرووپەکەیان لە داهاتوویەکی نزیکدا ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان لەدەست دەدەن، بۆیە لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا و لە تۆمارێکی دەنگیدا بەڵێنی دا کە دەوڵەتی ئیسلامی کۆتایی نایەت، تەنانەت ئەگەر سەرکردەکانیشیان بکوژرێن و شارە سەرەکییەکانی ژێر دەسەڵاتیشیان (مووسڵ و رەققە) لەدەست بدەن.

پێناچێت لەدەستدانی بنکە سەرەکییەکانیان لە عێراق و سووریا بە یەکجاری کۆتایی بە داعش بهێنێ، بەڵکو رەنگە داعش بۆ گرووپێکی چەکداریی بێدەوڵەت بگۆڕێت کە هەموو کات لە دەرفەتێک دەگەڕێن بۆ ئەوەی هەڵبکوتنە سەر دوژمنەکانیان.

ئێستا داعش بەشێوەیەکی بەردەوام لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی پاشەکشە دەکات. بەپێی راپۆرتی ناوەندی (IHS Conflict Monitor) ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی بە رێژەی 12% بچووکتر بوونەتەوە، واتە داعش لە ماوەی شەش مانگی رابردوودا 12 هەزار و 800 کیلۆمەتر دووجا ناوچەی لەدەستداوە و ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەم گرووپە بۆ 78 هەزار کیلۆمەتر دووجا کەمی کردووە.

جۆڵ وینگ، توێژەر لەبارەی رەوشی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند "لە 2014دا داعش پێی لە بەرەی خۆی زیاتر درێژ کرد. بەهیچ شێوەیەک مومکین نەبوو داعش بتوانێت هەموو ئەو ناوچەیە رابگرێت. هەر بۆیە تەنیا کاتی پێویست بوو بۆ ئەوەی پاشەکشێی پێ بکرێ".

لە چەند مانگی رابردوودا داعش تەکتیکی گۆڕیوە، واتە جارێکی دی رووی کردووەتەوە تەقاندنەوەی شوێنە گشتییەکان، وەکو ئەوەی لە گەڕەکی کەڕادەی بەغدا کردی، هەروەها ئەو هێرشانەش کە لە باشووری عێراق روویاندا، واتە ئەو ناوچانەی لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا داعش هیچ کردەوەیەکی لێ ئەنجام نەدابوون.

هەروەها دەستی کردووە بە هێرش بۆ سەر ئەو شار و شارۆچکانەی لەژێر کۆنترۆڵی دەرهێنراون، لەوانەش دەکرێت ئاماژە بە هێرشەکانی لە تکریت و بێجی بکرێت، یان هێرشە پێچەوانەکانی لە پارێزگای ئەنبار.

وینگ پێشبینی دەکات "کاتێک داعش لە هەموو شارەکانی عێراق دەرکرا، روو لە گوندەکان بکات، لەبەر ئەوەی لەوێ بواری جموجۆڵی زیاترە و هێزە ئەمنییەکانیش لەو ناوچانەدا پەرشوبڵاوترن". هەروەها بە دووریشی دەزانێت "داعش جارێکی دیکە هەوڵی کۆنترۆڵکردنەوەی شارەکان بدات، بەڵکو تەنیا هەوڵ دەدات تۆڕی چالاکییە تیرۆرستییەکانی لە شارەکان بەهێزتر بکات".

وینگ رای وایە هێزە عێراقییەکان و هێزەکانی پێشمەرگە "لە ئەنجامدانی هێرش و دەستگیرکردنی سەرکردە باڵاکانی داعش زۆر باشن، بەڵام ئەمە بەس نییە بۆ ئەوەی داعش لاواز بکەیت. هاوپەیمانان دەتوانن تەکتیکی خۆیان لە جەنگی بەرەییەوە بگۆڕن بۆ جەنگی رووبەڕووبوونەوەی هێرشە لە ناکاوەکان، بەڵام ئەمەش واناکات کولتووری سوپای عێراق بگۆڕێت. سوپای عێراق تەنیا لەو جۆرە هێرشانەدا باش بووە کە یەکە سەربازییەکانی هێزی پیادەی ئەمریکا هاوشانیان بوون، بەڵام پێناچێت ئەو رۆژگارە دووبارە ببێتەوە".

هۆکاری لاوازیی پێشمەرگەش لە ناوچە سوننەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە "هێزی کوردی لەو ناوچانە قەبووڵکراو نین". لە کۆتاییشدا جۆڵ وینگ دەڵێت "رەوشی عێراق بە گشتی لە رەوشی عێراقی پێش گیرانی مووسڵ لە 2014 دەچێت".

مایکڵ نایتس، توێژەر لە پەیمانگەی واشنتن، لە کاتی راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لەلایەن ئەبوبەکر بەغدادی، گوتی کە داعش "لە دەوڵەمەندترین رێکخراوی تیرۆریستیی جیهانەوە بوو بە هەژارترین دەوڵەتی جیهان".

نایتس پێیوایە کۆمەڵێک ئاماژەی بەرایی هەن پێماندەڵێن داعش لە دوای لەدەستدانی شارەکان چی بەسەر دێت و چی دەکات. بە بۆچوونی نایتس داعش هەر ئێستاش "رووی کردووەتە هێرش (لە دیالە بۆ نموونە) یان هێرشی تیرۆریستی لە بەغدا کە هێرشی ستراتیژین".

توێژەرە ئەمریکییەکە هەروەها دەڵێت "وەکوو لە لێدوانەکەی عەدنانییشدا دەردەکەوێت، دۆخی ئێستای داعش لە دۆخی ئەلقاعیدە لە پاش 2010 دەچێت".

جۆشوا لەندیس، مامۆستای زانکۆی ئۆکلاهۆما و شارەزای کاروباری سووریا، پێیوایە داعش دوای لەدەستدانی ناوچەکان لە سووریا وەکوو هێزێکی چەکداریی دەمێنێتەوە، هەرچەندە ژمارەیەک لە چەکدارانی ئەم گرووپە "دەشێت بچنە نێو میلیشیا سەلەفییەکانی دیکەی ناوچەکە، لەوانەش بەرەی نوسرە، بەڵام ئەو نەخشەیەی داعش بۆ خەلافەتی سوننەکانی داناوە، وەکوو ئیلهامبەخشێک دەمێنێتەوە، لە کاتێکدا ئەم نەخشەیە لە نێوان عەرەبە سوننەکانی ناوچەکەدا لایەنگری زۆری هەیە".

یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی هاوپەیمانان و هێزەکانی سووریای دیموکرات لە قۆناغی پاش دەرکردنی داعش لە ناوچەکان بریتی دەبێت لە بەرەنگاربوونەوەی بیری رادیکاڵی لەو ناوچانەی ماوەیەکی زۆرە لەژێر کۆنترۆڵی داعشدان. بە بۆچوونی لەندیس "ئەمە ئەرکێکی قورسە، لەبەر ئەوەی هاوپەیمانان و هێزەکانی سووریای دیموکرات هیچ چارەسەرێکی روون و ئاشکرایان لەبەردەست نییە بۆ ئەوەی کێشە سیاسی و ئابوورییەکان چارەسەر بکەن."

لەندیس لەبارەی کێشەکانی سووریا بە (رووداو)ی راگەیاند "کوشتن و بڵاوەپێکردنی سەرکردەکانی داعش بۆ هەنگاوی یەکەم باشە، بەڵام هەتا ئێستا هیچ پلانێکی ئەڵتەرناتیڤ بۆ ناوچەکە نەخراوەتەڕوو. لەبەر ئەوەی هیچ پلانێک هەر لە ئاراشدا نییە".

ئەمریکا و هاوپەیمانان لە رابردوودا هەوڵی دروستکردنی گرووپی هاوپەیمانیی نێوخۆی سووریایان دابوو، لەوانەش پێکهێنانی سوپایەکی نوێ بۆ سووریا، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە شکستیان هێنا، هاوپەیمانێتیی نیشتمانیی سووریاش هەم هێزێکی چەکداری بچووکی لەبەردەستە و هەمیش دەسەڵاتی سیاسییان بەسەر خەڵکدا کەمە.

سەبارەت بە کێشەکانی بەردەم هێزەکانی سووریای دیموکرات، لەندیس گوتی "ئەو هێزە کە کورد سەرکردایەتی دەکات تەنیا داوای دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری لە عەرەبەکانی ناوچەکە دەکەن بۆ رۆژئاوا، بەڵام نایانەوێت خۆیان دەسەڵاتداری ناوچە عەرەبییەکان بن. وڵاتانی رۆژئاوایی هەوڵی پڕچەککردنی هۆزە عەرەبە سوننەکانی رۆژهەڵاتی سووریایان دا، بەڵام ئەم هەوڵەش سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا. سوپای سووریای نوێش لە کاتی پێشڕەوییەکانی لە بوکەمال بڕیار بوو لەگەڵ هێزە سوننەکانی لایەنگری هاوپەیمانێتی دژی داعش یەک بگرێتەوە، بەڵام ئەمەش سەری نەگرت".

لەندیس دەڵێت "هەتا ئەو کاتەی دانیشتووە عەرەبەکانی رۆژهەڵاتی سووریا خاوەنی فەرمانڕەواییەک (واتە دەسەڵاتی داعش) بن و بڕوایان وابێت ئەو دەسەڵاتە دەتوانێت سەقامگیریی ئابووری و بژێوییان بۆ دابین بکات، ئەوە داعش دەتوانێت لەناو خەڵکانی ئەو ناوچانەدا لایەنگر بۆ خۆی بدۆزێتەوە."

# سوپای عێراق بۆ ئۆپەراسیۆنی مووسڵ ئامادەیە؟

عەلی کوردستانی
رووداو- هەولێر

لە سەرەتای کەوتنی مووسڵ و دەستگرتن بەسەر زۆربەی ناوچە سەرەکییەکانی عەرەبی سوننەدا لە عێراق، هەمیشە پرسیاری سەرەکی ئەوە بووە کە ئاخۆ سوپای عێراق دەتوانێت جارێکی دیکە مووسڵ کۆنترۆڵ بکاتەوە؟ ئەگەر ئامادە نییە کەی ئامادە دەبێت بۆ ئەوەی ئەم شارە لەدەست داعش دەربهێنێت.

ئەحمەد شەوقی، شرۆڤەکاری سوپای عێراق دەڵێت "سوپای عێراق ماوەی ساڵێکە خەریکی خۆڕێکخستنەوە و خۆ سازدانەوەیە، لەم چوارچێوەیەدا فەرماندەکان گۆڕاون، ستاف و بەرپرسی سەربازیی پرۆفێشناڵیان داناوە، ئێستا لەڕووی پێداویستییەکانەوە ئامادەترن و لە هەموو رووەکانەوە باشتر بوونە".

سەرەڕای ئەم پێشکەوتنانەش، شەوقی پێیوایە توانای هێزی سەربازیی عێراق هێشتاش سنووردارە، هەر بۆیە دەڵێت "سوپای عێراق بۆ ئۆپەراسیۆنی مووسڵ پێویستە پشت بە بەشداریی پێشمەرگە ببەستێ و دەبێت هەتا ئازادکردنی ناوەندی شارەکە هەماهەنگی لەگەڵ پێشمەرگەدا هەبێت".

شارەزایەکی دیکەی کاروباری عێراق لە واشنتن پێیوایە داعش لەکاتی ئۆپەراسیۆنی مووسڵدا بەرپەرچی سوپا دەداتەوە و سوپای عێراقیش بۆ ئەوە ئامادە نییە. رەمزی مەردانی، توێژەر لە ناوەندی رەفیق حەریری لە ئەنجوومەنی ئەتلانتیک، بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەگەر داعش سوور بێت لەسەر مانەوە و رووبەڕووبوونەوەی سوپای عێراق، ئەوا هێزە عێراقییەکان ئامادە نین بۆ ئۆپەراسیۆنەکە".

رەمزی هەروەها دەڵێت "ئەگەرچی دواجار داعش لە مووسڵ دەردەکرێت، بەڵام پێناچێت هێزە عێراقییەکان توانای ئەوەیان هەبێت لە داهاتوودا رێگە لە هێرشی دیکە بگرنەوە".

سوپای نوێی عێراق کە لە 2003 و دوای هەڵوەشانەوەی سوپای کۆنی عێراق دامەزراوە، پێشتریش رەخنەی ئەوەی لێگیراوە کە خاوەنی ورە و بە دیسیپلین نین، ئەگەرچی ئەمریکا چەکی زۆر پێشکەوتووشی پێشکەش کردوون.

مەردانی دەڵێت "دامەزراوە ئەمنییەکانی عێراق لاوازن و یەکڕیزییان تێدا بەدی ناکرێت. کێشەکانی داڕشتنی سیاسەتی سەربازی، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، هەواڵگری و لۆجیستیک کۆمەڵێک کێشەن کە لە داهاتووشدا بەردەوام دەبن".

شاخەوان عەبدوڵڵا، سەرۆکی لیژنەی بەرگری و ئاسایشی پەرلەمانی عێراق، پێیوایە نەبوونی متمانە و لاوازیی سوپا هۆکار بووە بۆ ئەوەی میلیشیا شیعەکانی وەکوو حەشدی شەعبی دروست ببن. شاخەوان عەبدوڵڵا لەو بارەیەوە گوتی "ئێمە لە رابردووشدا ئەزموون و توانایی سوپامان بینیوە. هەرچەندە هاوکارییەکی زۆر کراون، بەڵام سوپا ناتوانێت وڵات بپارێزێت. ئەگەر توانیبایان ئەوە حەشدی شەعبی سەری هەڵنەدەدا".

مەردانیش بۆچوونی وایە سوپای عێراق قوربانیی سیاسەتێکی "ژەهراوی" و ئەو راستییەیە کە میلیشیا و گرووپە تایفییەکان بوونەتە بەدیلی سوپا. مەردانی دەڵێت "سیاسەتی ژەهراوی عێراق تەحەدای سەرەکییە. کەرتی ئاسایشی عێراق پێویستی بە یەکڕیزییەکی زۆرە. هێزەکانی سوپای عێراق کە میلیشیاکانیش لەخۆدەگرن، زۆرن، بەڵام هێڵێکی راستەوخۆی فەرماندەییان لەناو پێکهاتەی ئاسایشی وڵاتدا نییە. ئەگەر قۆناغی کێشەی نێوخۆیی شیعەکان بێتەئاراوە، ئەوە لێکدابڕانی نێوان ئەو هێزانە گەورەتر دەبێت و شکست بە هەموو هەوڵەکانی دروستکردنەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت دەهێنێ".

مەردانی دەڵێت ئامانجەکە ئەوەیە دەوڵەت چاودێریی بەسەر سوپاوە هەبێت و سوپا پابەندی دەوڵەت بێت، بەڵام "گەیشتن بەو ئامانجە زۆر سەختە و دەستەبەرکردنی لەم دۆخەی ئێستادا زۆر لە 2003 سەختترە".

ئیحسان قویسون، شرۆڤەکار لەبارەی سوپای عێراق، لەمەش زیاتر دەڕوات و پێیوایە سوپای عێراق تەنانەت شوناسێکی دیاریکراویشی نییە و تا جەنگی داعشیش کۆتایی نەیەت کارێکی ئاسان نییە شوناسێکی دیاریکراو بە سوپا بدرێ، قویسون هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە "سوپای عێراق لە قۆناغی خۆبنیاتناندایە و دوای جەنگی داعش شوناسی ئەم سوپایە ئاشکرا دەبێت"، بەڵام هەتا ئەو کاتەی سوپا لە جەنگدا بێت "پێدانی شوناس بە سوپا کارێکی سەختە. پاش ئەم جەنگە دەردەکەوێت سوپای عێراق سوپایەکی نیشتمانییە یان تایفی".

شەوقی لەمبارەیەوە هاوڕایە و ئاماژەی بەوەشدا کە "میلیشیای شیعە هەیە چەکی قورس و سووکیان لەبەردەستە و ئەم چەکانە دەکرێت جەنگی نێوخۆیی و کارەسات بخەنەوە".

کۆڵۆنێل پیتەر مەنسوور، مامۆستا لە زانکۆی ئۆهایۆ و شرۆڤەکاری کەناڵی سی ئێن ئێن کە لە نێوان 2007 بۆ 2008 یەکێک لە هاوکارانی دەیڤید پێترایۆس، فەرماندەی گشتیی سوپای ئەمریکا بووە لە عێراق، دەڵێت پێویستە هێزە شیعە و سوننەکان لە دامەزراندنی سوپایەکی بەهێز و پرۆفیشناڵدا بەشدار بن، بەڵام پێناچێت بەهۆی پێکدادانی تایفییەوە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەمە رووبدات.

کۆڵۆنێل مەنسوور بە (رووداو)ی راگەیاند "خاڵە سەرەکییەکانی سوپایەکی بەهێز بریتین لە سەرکردایەتی، ورە، دیسیپلین و گیانی هاوکاری، بەڵام ناکۆکیی تایفیی قووڵ وای کردووە هەموو ئەم توخمە بنەڕەتییانە لەبەین بچن". مەنسوور پێیوایە بۆ ئەوەی سوپای عێراقی بتوانێت لە درێژخایەندا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، دەبێت "هێزە شیعە و سوننەکان پێکەوە کاربکەن، بەڵام لەم ژینگە سیاسییەی ئێستای عێراقدا ئەمە سەختە دەستەبەر ببێ".

لە ساڵی 2003ەوە هەتا ئەمساڵ سوپای ئەمریکا مەشق و راهێنان و تەقەمەنی پێشکەش بە سوپای عێراق کردووە، تێچووی ئەم هاوکاری و راهێنانانە خۆی لە 25 ملیار دۆلار دەدات.

مەردانی بۆچوونی وایە هاوکاری و پشتگیریی ئەمریکا دەتوانێت ورەی سوپای عێراق بەرز بکاتەوە، بەڵام جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەمە تەنیا کاتی دەبێت، لە درێژخایەدا دەشێت وابکات سوپای عێراق پشت بە خۆی نەبەستێت و بۆ هەموو پێشڕەوی و سەرکەوتنێک لە دژی داعش پشتئەستوور بن بە هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا.

مەردانی گوتی "راستە، پشتگیریی ئەمریکییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ورەی سوپا گرنگە، بەڵام ئەمە دەشێت وابکات سوپای عێراق لە هەڵسەنگاندنی بۆ هێزی خۆی تووشی هەڵە ببێت، بەمەش متمانەیەکی لەڕادەبەدەر لەلای سوپا دروست بکات. ئاکامی ئەمەش دەشێت ئەوە بێت کە سەرکردە سیاسییەکان بڕیاری لاوازی سیاسی دەربکەن".



دوو مەلەوانگە داخراون و شەشیش ئاگادارکراونەتەوە

# سێیەکی مەلەوانگەکانی سلێمانی مەرجی تەندروستییان تێدا نییە




سەروەر سالار
رووداو– سلێمانی

خاوەنی مەلەوانگەکان دەڵێن ئێستا لە جاران زۆرتر خەڵکی سەردانی مەلەوانگەکان دەکەن، پزیشکەکانیش ئاماژە بە سوودەکانی مەلە و هەمانکات مەترسییەکانی پیسیی ئاوی مەلەوانگەکان دەکەن. لیژنە چاودێرە تەندروستییەکانیش دەڵێن ئەوان بەردەوام پشکنین بۆ ئاوی مەلەوانگەکان دەکەن و لە حاڵەتی پێویستدا رێکاریان لە بەرامبەردا دەگرنەبەر.

هیوا حوسێن، 33 ساڵ، هێندە تامەزرۆی مەلەکردنە کە جگە لە مەلەوانگەکانی سلێمانی، هەندێکجار روودەکاتە هەڵەبجە بۆ مەلەکردن. هیوا دەڵێت "مەلەوانگەکانی نێو سلێمانی هەندێکیان زۆر گرانن و بۆ هەر مەلەکردنێک 25 دۆلار وەردەگرن، هەندێکی دیکەشیان کە هەرزانن وەکو پێویست خاوێن نین".

هیوا دەڵێ وەرزش جەستە و دەروونی فێنک دەکەنەوە و هەست بە تەندروستی و ئارامییەکی زۆرتر دەکات دوای مەلەکردن "من جاران هەناسەم کورت بوو، تەنیا 35 چرکە هەناسەم بۆ رادەگیرا، ئێستا دوای ساڵێک مەلەکردن 75 چرکە رایدەگرم، ئەو گۆڕانکارییەش جێگەی دڵخۆشییە بۆ من".

هەر هیوا نییە کە بە دڵگەرمییەوە سەردانی مەلەوانگەکان دەکات، بەڵکو بە گوتەی سەرپەرشتیارانی مەلەوانگەکان ئێستا خەڵکی زیاتر هەم بۆ فێربوونی مەلە و هەم بۆ مەلەکردن، روویان لێ دەکەن.

گۆران کەمال، راهێنەری مەلەوانی لە یانەی وەرزشیی سلێمانی، دەڵێ رۆژانە 100-120 کەس سەردانی مەلەوانگەکەی ئەوان دەکەن کە هێندە نابێت کراوەتەوە "لە منداڵی دایەنگەوە سەردانیکەرمان هەیە تاوەکو کەسانی پێگەیشتوو، لە هەردوو رەگەزەکەش سەردانکەرمان هەیە".

بە گوتەی گۆران، ئێستا خانمان لە جاران زیاتر سەردانی مەلەوانگە گشتییەکان دەکەن "هەفتانە رۆژێکمان تایبەت کردووە بە خانمان، ئەوان بە تامەزرۆییەوە پێشوەخت ناوی خۆیان تۆمار دەکەن تاوەکو ئەو رۆژە سەردانی مەلەوانگە بکەن".

## سەرچاوەی تەندروستی و نەخۆشیش

پزیشکەکان کۆکن لەسەر ئەوەی مەلەکردن وەرزشێکی بەسوودە، بەڵام هۆشداریش دەدەن لەوەی ئەگەر مەلەوانگە گشتییەکان بە باشی خاوێن نەکرێنەوە، دەبنە سەرچاوەی نەخۆشیی گوازراوە.

دکتۆر سۆران محەممەد غەریب، پزیشکی جومگە و رۆماتیزم، لە سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "مەلەکردن وەرزشێکی بەسوودە بۆ بەهێزکردنی ماسولکەکان و باشتر کارکردنی جومگەکان و باشترکردنی کاری بڕبڕەکانی پشت، ئەوە جگە لەوەی بۆ تەندروستیی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن و کۆئەندامی هەناسەش بەسوودە".

دکتۆر سۆران دەڵێ ئەوان رێنمایی تووشبووانی رۆماتیزم و ئازاری پشت دەکەن کە مەلەکردن باشترین وەرزشە بۆیان.

لە مەلەکردندا زۆربەی ماسولکەکانی جەستە لە جووڵە و چالاکیدان، بۆیە وزەیەکی زۆر بەکاردەبەن، ئەوەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ رێکخستنی کێش و دووربوون لە قەڵەوی.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پیسبوونی ئاوی مەلەوانگەکان بە میکرۆب و ڤایرۆس و وردە زیندەوەرە جیاوازەکان رێگە خۆش دەکات بۆ هەوکردنی کۆئەندامی هەرس، هەناسە و میز.

بۆ کەمکردنەوەی زیانی ئەو وردە زیندەوەرە نەخۆشخەرانە، کلۆر دەکرێتە ئاوی مەلەوانگەکانەوە، بەڵام ئەوەش باڵانسێکی وردی دەوێت، چونکە کەم بەکارهێنانی کلۆر ئەو زیندەوەرانە لەنێونابات و زیاد بەکارهێنانیشی دەبێتە هۆی سووتاندنەوەی پێست، چاو، ناوپۆشەکانی کۆئەندامی هەرس و هەناسە و چەندین زیانی دیکە، بەتایبەتی لە منداڵاندا.

## مەلەوانگەکان مەرجی تەندروستییان تێدا نییە

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی سلێمانی کە بە (رووداو) دراون، لەنێو شاری سلێمانی 24 مەلەوانگە هەن و ئەمساڵ دوو مەلەوانگەیان داخراون و شەش دانەش ئاگادارکردنەوەیان بۆ دەرچووە. بەمەشدا دەردەکەوێت کە سێیەکی مەلەوانگەکانی سلێمانی مەرجی تەندروستییان تێدا نییە.

لەبارەی پێوەرەکانی خاوێنیی مەلەوانگەکانەوە، لەشکر حەمید، سەرۆکی لیژنەکانی پشکنین و بەدواداچوونی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "دەبێ لەگەڵ چوونە ژوورەوە، کەسەکە پێیەکانی بە گیراوەی پەرمەنگەنات بشوات، پاشان هەموو جلەکانی بگۆڕێ و پاش وەرگرتنی دووشێک بە جلێکی تەواو خاوێنەوە مەلە بکات، هەموو بەشداربوویەکیش دەبێ کارتی تەندروستی هەبێ کە بیسەلمێنێ نەخۆشیی گوازراوەی نییە".

لەشکر حەمید دەڵێ ئاوی مەلەوانگە دەبێ بەردەوام بپاڵێورێتەوە و خاوێن بکرێتەوە و لە سووڕاندا بێت، هەفتانەش تەواوی ئاوەکە بگۆڕدرێت و ماوە ماوەش پشکنینی کیمیایی و میکرۆبی بۆ ئاوەکەی بکرێ.

بەپێی ئەو پێوەرەی لە کوردستان و عێراق هەیە و (رووداو) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی وەریگرتوون، ئاوی مەلەوانگە دەبێ پێوەری ترشییەکەی (PH) لەنێوان 6.5-8.5 دا بێت و خەستیی کلۆرەکەیشی لەنێوان 0.5-1.5 ppm دا بێت.

لەڕووی پلەی گەرمیشەوە ساونا هەڵمییەکان نابێ پلەی گەرمییەکەیان لە 50 پلەی سیلیزی و ساونا وشکەکانیش نابێ لە 60 پلە گەرمتر بن. هەروەک نابێ تووشبووانی رەبۆ لە 15 خولەک زۆرتر تێیاندا بمێنێتەوە، چونکە دەبێتە هۆی هەناسە توندی. کلۆریش نابێت بە دەست بکرێتە نێو ئاوی مەلەوانگەکانەوە، بەڵکو بە پەمپی ئۆتۆماتیکی و بە بڕی ستاندارد بۆیان زیاد بکرێ، چونکە کەمی و زۆریی بڕی کلۆر زیانبەخشە.

بە گوتەی لەشکر حەمید، تیمەکانی ئەوان لانیکەم 15 رۆژ جارێک هەریەک لە مەلەوانگەکانی سلێمانی بەسەردەکەنەوە و هەرکامیان مەرجە تەندروستییەکانیان تێدا نەبێت، سزایان دەدەن.

# خۆر بردن

دکتۆر زانا ئەحمەد*

وەک هەر ئامێرێک، لەشی مرۆڤیش کە گەرم دادێت، پێویستی بە ساردبوونەوەیە. ئەم کردارە لە رێگەی ئارەقەکردنەوە دێتەدی، بەڵام وەنەبێ ئارەقە هەر لە ئاو پێکهاتبێ، بەڵکو کۆمەڵێک ماددەی دیکەیشی لەگەڵدا دێتەدەرەوە وەکو خوێیەکانی نێو خوێن، بەتایبەتیش سۆدیۆم. جا کاتێک ئەم ئارەقەکردنە ئاستێک تێدەپەڕێنێ، حاڵەتێک دروست دەبێ کە پێیدەگوترێ (خۆر بردن– Heat Exhaustion)

ئەو حاڵەتە لە کەشی گەرمادا روودەدات کە لای ئێمە زۆر باوە. خۆ ئەگەر لەگەڵ ئەوەشدا رادەی شێ بەرز بێت، بە جۆرێک بگاتە 60% (کە ئەمەیان بەهۆی دووریمان لە دەریاوە بەزەحمەت لای ئێمە روودەدات)، ئەوە ئەگەری روودانی خۆربردن زۆر زیاتر دەبێت.

نابێ خۆر بردن بە کەم وەربگیرێ، چونکە ئەگەر زوو چارە نەکرێ، کێشەی جددیی تەندروستی لێدەکەوێتەوە و سەردەکێشێ بۆ حاڵەتێکی تەنگەتاویی تەندروستی کە پێیدەگوترێ (جەڵتەی گەرمی– Heat Stroke).



لەو حاڵەتەدا جەستە توانای خۆ فێنککردنەوە لەدەستدەدات و گەرمیی لەش بەرز دەبێتەوە بۆ 40 پلەی سەدی، ئیدی ئەندامەکانی لەش بەرگەی ئەو گەرمییە زۆرە ناگرن و ئەگەر زوو تایەکە چارە نەکرێ، پەکیاندەکەوێ. بەم جۆرەش مەترسی لەسەر ژیان دروست دەبێ. باشترین رێگەی ناسینەوەی ئەوەی حاڵەتەکە گەیشتووەتە ئەم ئاستە یان نا، بوونی هەر نیشانەیەکی پەیوەست بە ناوەندە کۆدەمارە وەک سەرەگێژە و گەشکە و بوورانەوە. لە کاتی بوونی ئەم نیشانانەدا دەبێت نەخۆشەکە لە ئاوی سارد هەڵبکێشرێ و سەهۆڵ بخرێتە بن باڵ و بینەقاقای و بە زووترین کات ببرێت بۆ نەخۆشخانە.

### نیشانەکانی خۆربردن:

ژانی سەر و ماسوولکە، دڵتێکەڵاتن، سەرگێژخواردن، تینوێتی، بێهێزی، تا لێهاتن، ئارەقەکردنی زۆر، کەمبوونەوەی میز و تۆخبوونی رەنگەکەی، خێرا لێدانی دڵ.

ئەوانەی ئەگەری تووشبوونیان زۆرە:

1- منداڵ و بەساڵاچووان
2- ئەوانەی نەخۆشییەکانی وەکو شەکرە، دڵ، هەناسە و گورچیلەیان هەیە.
3- ئەوانەی تووشی سکچوون و نەخۆشییەکانی تاداری هاتوون.
4- قەڵەوەکان
5- شارنشینان.
6- ئەوانەی کار و مەشقی قورس دەکەن، وەک سەرباز و وەرزشوانان

### چارەسەر:

1- چوونە بەر سێبەر و خۆ دانە بەر هەوای فێنککەرەوە
2- داکەندنی جل
3- بەکارهێنانی خاولی تەڕ
4- زۆر ئاو خواردنەوە.
5- پاڵکەوتن و قاچ بەرزکردنەوە

### رێنمایی بۆ تووشنەبوون:

1- خۆنەدانە بەر خۆر لە رۆژی گەرمدا و بەتایبەت لە کاتی نیوەڕۆیاندا
2- ئاوخوارنەوەی زۆر و کەم خواردنەوەی چای و قاوە
3- دوورکەوتنەوە لە خواردنەوەی مەی
4- پۆشینی جلی تەنک و بەرین و رەنگ کاڵ
5- بەکارهێنانی چەتر یان کڵاوی گەورە
6- بەکارهێنانی کرێمی دژە خۆر لە کاتی چوونە دەرەوەدا
7- نابێت خۆت ماندوو بکەی
8 — خۆشووشتن
9- کەمکردنەوەی گەرمی و تیشکی خۆر لەنێو ماڵ لە رێگەی پەردە دادانەوە و کوژاندنەوەی هەرچی ئامێری کارەبایی ناپێویست هەیە.

* خوێندکاری بۆرد لە هەناو و شارەزا لە دروستیی خۆراک



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

# سەردانی نەخۆش و زیادکردنی مەینەتی

د.زانیار نووری*

کاتێک کەسێک نەخۆش دەکەوێت، کەسە نزیکەکانی و هاوڕێ و دراوسێکانی سەردانی دەکەن، ئەمەش یەکێکە لە نەریتە جوانەکانی میللەتی ئێمە و بگرە لە زۆربەی ئاینەکانیشدا پێویست کراوە کە سەردانی نەخۆش بکرێت.

ئەو ساتەی کە نەخۆش دەکەوین، زۆربەمان خۆمان نین! زۆربەمان بیرکردنەوە و تێڕوانینمان دەگۆڕێت بە تایبەت ئەگەر تووشی نەخۆشییەکی قورسی وەکو شەکرە ببین، یان نەخۆشییەک کە وامان لێبکات لە کارکردن دووربکەوینەوە و بمانخاتە نێو جێگە، ئەمەش وا دەکات باری دەروونیمان ئاڵۆز بێت، تەنانەت هەندێک کەس دەکەوێتە بازنەیەک لە نەمانی متمانە بە خۆی و بە چاکبوونەوە. ئەمانە هەمووی ئاسایین رووبدەن چونکە ئێمە مرۆڤین، سەردانی نەخۆشیش بۆ ئەوەیە نەخۆشەکە نەکەوێتە ئەو حاڵەتەوە. نەخۆش بە بینینی کەسە نزیکەکانی دڵخۆش دەبێت، تێدەگات کە بە تەنیا نییە لەو میحنەتەی تێیکەوتووە. بەڵام زۆرکات لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە دڵخۆشییەوە دەبێتە مەینەتی!

کەسێک کە نەخۆش دەکەوێت و لە ماڵەوە کەوتووە و خێزان یان کەسوکاری خزمەتی دەکەن، تاکوو نەخۆشییەکە گرانتر بێت نەخۆشەکە و کەسوکاریشی دەروونیان ئاڵۆزتر دەبێت. بۆیە ئەو کەسەی کە سەردانی نەخۆشەکە دەکات دەبێ نزای چاکبوونەوەی بۆ بکات نەک بڵێت "بەخوا تازە پەکت کەوت". دەبێت دەستی هاوکاری بۆ نەخۆشەکە درێژ بکات و ئەگەر کارێکی هەیە و تەواوی نەکردووە بۆی راپەڕێنێ نەک بڵێت "کاکیشم ئەو دەردەی تۆی بوو بە رەحمەت بێت". دەبێ هانی بدات رێنمایی پزیشکەکە جێبەجێ بکات نەک بڵێت "هەمووی فشەیە سیر بخۆ بۆ شەکرە باشە". ئەمانە مشتێکن لە خەروارێک.

کەسێک تووشی ئەنفلۆنزا بووە و هەموو شتێکی بۆ کراوە و تەنیا سووڕی چاکبوونەوەکەی ماوە، مامی دێت کە 60 ساڵێکی نەخوێندەوارە و دەڵێت ئەوە گرانەتایە چۆن دکتۆرەکەت پشکنینی گرانەتای بۆ نەکردووی، ئیدی ئەمە بەسە بۆ ئەوەی نەخۆشەکە بکەوێتە دڵەڕاوکێ.

کەسێک تازە تووشی بەرزە پەستانی خوێن بووە و چارەسەری تەواوی پێدراوە و دڵنیاکراوەتەوە کە لەگەڵ خواردنی حەبەکان وەکو کەسێکی لەشساخ دەبێ، یەکێک پێی دەڵێت "حەب مەخۆ بەیانیان لیمۆیەک بخۆ بەسە". یەکێکی دیکە دەڵێت "ئەو حەبەی من بخۆ باشە بەخوا من ئەوەندە باشم پێی". یەکێکی دی دەڵێت "ئۆی دکتۆر فلان بۆی نووسیت؟ با بتبەم بۆ لای دکتۆر فیسار ئەو باشە بۆ زەخت". یەکێکی دیکە پێیدەڵێت "وەڵڵا من زەختم 20 بە 10 بوو، هەر گوێشم نەداوەتێ (باسی ئازایەتی خۆی دەکات).

مەینەتی دیکە، ئەگەر نەخۆشییەکە تۆزێک ئاڵۆز بێت ئەوا هەموو کەسێک بە مافی خۆی دەزانێت قسەیەکی تێدا بکات: ئەگەر کەسێک رۆماتیزمەی گرتبێت کە 50 جۆری هەیە، یەکێک دەڵێت: ئەوە رۆماتیزم نییە، ئەوە حومای ماڵتایە. یەکێک دەڵێت: بۆ نایبەن بۆ ئێران؟ یەکێک دەڵێت: منیش رۆماتیزمەم بوو هیچ نییە فشەیە (خۆی سەوەفانی هەبووە نەک رۆماتیزمە، خۆی لە نەخۆشییەکەی خۆی تێنەگەیشتووە ئامۆژگاری ئەم دەکات).

وەکو گوتم ئەمانە زۆرن و زۆربەمان وەکو پزیشک بینیومانە کە بەسەر نەخۆشەکانمان هاتوون. سەیر لەوەدایە هیچ کام لەوانەی سەرەوە پزیشک نین، یان کارمەندی تەندروستی نین کەچی زۆر بە ئاسانی قسە دەکەن لە نەخۆشیدا، ئەمە وەکو ئەوە وایە منی پزیشک رێنمایی بدەم لە وانە گوتنەوەدا یان لە دروستکردنی باڵەخانەدا و بڵێم بۆ ئاوها دروستت کرد.

لە کۆتاییدا داواکارم لە کاتی سەردانی نەخۆشدا هەوڵ بدەین دەم بە خەندە بین و تاوەکو دەتوانین خۆمان لە گوتەی رووخێنەر بە دوور بگرین هەروەها لە خۆشمانەوە دڵنەوایی نەدەین! هەوڵ بدەین قەرەباڵخی دروست نەکەین بۆ ماڵی نەخۆشەکە، ئەگەری هەیە کەسوکاری نەخۆشەکە کاتیان بوێت بۆ پشوودانێک و بیرکردنەوەیەک لە حاڵی خۆیان. شتێک بکە کە نەخۆشەکە دڵی پێی خۆش بێت وەکو هێنانی کەسێک بۆ لای کە پێشتر لەیەک دابڕاون. چەندەها کاری ئینسانی هەیە بیکەیت بۆ نەخۆشەکە تاوەکو لە ژێر رێنمایی دکتۆرەکە چاک ببێتەوە، نەک خۆت ببیتە دکتۆری.

*پزیشکی پسپۆڕی هەناوی



## ئامانج غازی پرۆژەی هەیە

دەریاز یونس– رووداو– هەولێر

ئامانج غازی، هونەرمەندی میوزیکژەن و مامۆستای کۆلێژی هونەرە جوانەکان دەڵێت پرۆژەیەکی بۆ فلتەرکردن و بەرزکردنەوەی کوالێتیی بەرهەمی هونەری هەیە و پێویستە هونەرمەندانی کوردستان پشتگیریی بکەن. ئامانج غازی بە (رووداو)ی راگەیاند، پێشتریش پرۆژەی هاوشێوەی ئەوە هەبووە، بەڵام بەهۆی ململانێی حیزبییەوە نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێت، بەڵام ئێستا بەپێویستی دەزانێت پرۆژەیەک هەبێت بەرهەمی باش و خراپ لە یەکدی جیابکاتەوە. ئەو هونەرمەندە میوزیکژەنە گوتیشی "لە داهاتوویەکی نزیکدا کار بۆ پرۆژەی بەرزکردنەوەی کوالێتی بەرهەمی هونەری دەکەم"، وەک خۆیشی دەڵێت، ئەگەر پرۆژەکەی سەرکەوتوو بێت چیدی هونەرمەندان ناتوانن ئاواز و تێکستی کۆپی و بەرهەمی خراپ بڵاوبکەنەوە.

## بەغدا لە سلێمانی کۆنسێرت دەکات

پشتیوان جەمال
رووداو– سلێمانی

وا بڕیارە سبەی 2016/7/26 تیپی هونەرەکانی موزیکی سلێمانی بە هاوکاری تیپی سەمفۆنیای بەغدا کۆنسێرتێکی موزیک لە هۆڵی تەلاری هونەر ساز بکەن.

نەجات ئەمین، بەڕێوەبەری هونەرەکانی موزیک لە سلێمانی کە ئامادەکاریی بۆ کۆنسێرتەکە کردووە، بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەوان ساڵانە کۆنسێرتێک ساز دەکەن و ئەمساڵیش ئەو کارە دووبارە دەکەنەوە و بەهۆی قەیرانی داراییشەوە کارەکەیان خۆبەخشانەیە.

نەجات گوتی "کۆنسێرتەکەی ئەمساڵ بەهاوکاریی تیپی سەمفۆنیای بەغدایە و سێ کۆرسیش بەشدار دەبن، یەکێکیان پرۆفیشناڵە و دووەمیش منداڵان و سێیەمیشیان خەڵکانی ئاسایین کە پێشتر بەشداریی چالاکی موزیکیان نەکردووە". کۆنسێرتەکە بۆ ماوەی یەک رۆژە و نزیکەی 250 کەس بەشداریی تێدا دەکەن.





## یوسرا مەحنوش کۆتایی بە قرتاج دێنێ

دەریاز یونس
رووداو– هەولێر

لە 13ی ئەم مانگەوە، فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی میوزیکی قرتاج لە تونس دەستی بە چالاکییەکانی کردووەو بڕیاریشە تاوەکو مانگی داهاتوو بەردەوام بێت، لە چوارچێوەی چالاکییەکانیشدا چەندین هونەرمەندی جیهانی و عەرەبی گۆرانی دەڵێن.

یوسرا مەحنوش، ئەستێرەی بەرنامەی زە ڤۆیس–ی عەرەبی، بە (رووداو)ی راگەیاند ئەویش وەک هونەرمەندێکی تونسی بۆ فێستیڤاڵەکە بانگهێشت کراوەو ئاهەنگی کۆتایی فێستیڤاڵی قرتاج بە گۆرانییەکانی ئەو دەبێت.

مەحنوش گوتیشی "رۆژی 20ی مانگی داهاتوو کە دوایین رۆژی فێستیڤاڵەکەیە لەسەر شانۆی قرتاج گۆرانی بۆ هەوادارانم دەڵێم"، ئەو هونەرمەندە باسی لەوەش کرد کە شانازی بەوە دەکات شانبەشانی ئەستێرەکانی وەک کازم ساهیر و نەجوە کەرەم و شاب خالید و چەندین ئەستێرەی دیکەی جیهانی بۆ فێستیڤاڵەکە بانگهێشت کراوە.



## رۆژبین کزل جانێ بڵاودەکاتەوە

هیوا سەڵاح
رووداو– هەولێر

رۆژبین کزل، کچە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان، گۆرانییەکی ئەڤینداری بەناوی جانێ لە ئەڵمانیا و بەلجیکا کلیپ کرد کە بڕیارە لە رۆژانی داهاتوودا بڵاوی بکاتەوە.

رۆژبین لەبارەی ئەو کارە بە (رووداو)ی راگەیاند "گۆرانی جانێ لە ئاواز و تێکستی یوسف رۆمانە و لە ئەڵمانیا و بەلجیکا وێنەگیراوە. بڕیارە لە چەند رۆژی داهاتوودا بڵاوی بکەینەوە".

رۆژبین دەیەوێت دوای ئەم کلیپە کار بۆ ئەلبوومێکی گۆرانیش بکات، لەوبارەوە گوتی "سەرقاڵی ئامادەکاریم بۆ ئەلبوومێکی نوێ کە لە 10 تراک پێکدێت و ئێستا چەند گۆرانییەکیم ئامادە کردووە".



## UN ئاسناوێک دەداتە هێلی لەڤ

دەریاز یونس
رووداو– هەولێر

هێلی لەڤ، خانمە گۆرانیبێژی کورد لە رۆژی 26ی ئەم مانگە بەمەبەستی بەشداریکردن لە چالاکییەکانی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی سانفرانسیسکۆ دەچێتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

هێلی لەڤ بە (رووداو)ی راگەیاند، بەمەبەستی بەشداریکردن لە فێستیڤاڵەکە و وەرگرتنی خەڵات دەچێتە ئەمەریکا، رۆژی 31ی ئەم مانگە خەڵاتێکی رێزلێنان لەلایەن فێستیڤاڵەکەوە رێکدەخرێت، ئەم خەڵاتکردنەش لە بەرامبەر بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ کلیپی شۆڕشە کە فێستیڤاڵەکە بە یەکێک لە باشترین کلیپەکانی جیهان هەڵیانبژاردووە.

هێلی لەڤ دەشڵێت "هەر لە چوارچێوەی ئەو گەشتەم بۆ ئەمەریکا لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە خەڵاتی سیمبۆلی ئافرەتی بەهێزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستم پێدەبەخشرێت، رێوڕەسمی وەرگرتنی خەڵاتەکەش لە مەراسیمێکی تایبەتدا هەر لە سانفرانسیسکۆ دەبێت".



## دلیان جافۆ دڵ بە دڵ بڵاودەکاتەوە

هیوا سەڵاح
رووداو– هەولێر

دلیان جافۆ، کچە گۆرانیبێژی خەڵکی رۆژئاوای کوردستان نوێترین کلیپی خۆی بەناوی دڵ بەدڵ بڵاودەکاتەوە، سەرباری ئەوەش سیناریۆی فیلمێکی کوردی بەناوی تەڵاق نووسیوە.

دلیان جافۆ کە ئێستا لە دانیمارک دەژیت، بە (رووداو)ی گوت "دوای بڵاوکردنەوەی چوار ڤیدیۆ کلیپ، ئێستا کار بۆ بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆکلیپێکی دیکە بەناوی دڵ بەدڵ دەکەم، هەموو کارەکانی تەواو بووە، بڕیارە لەم رۆژانە بڵاوی بکەینەوە".

دلیان جگە لە گۆرانی، سیناریۆی فیلمێکی نووسیوە کە لەم رۆژانەدا دەست بەوێنەگرتنی فیلمە دەکرێت، دلیان دەڵێت "هەر لە منداڵییەوە حەزم لە کاری سینەمایی بووە، بۆیە ئێستا سیناریۆی فیلمێکم ئامادەیە بەنێوی تەڵاق".

## بەختی رووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

### کاوڕ
ماوەیەکی باشە و بەخت لە کاتێکی چاوەڕواننەکراودا هاوکارت دەبێت. لەڕووی پەیوەندیی سۆزدارییەوە هەنگاو بنێ و مەترسە، لەم هەفتەیەدا بۆ ئەوەی ئاسوودە بیت پارچەیەک پۆشاکی رەنگی سوور یان جەرگی بپۆشە.

### گا
بەردەوام ئامادە بە، فرسەتێکی گرنگت بۆ دێتە پێشەوە کە دەتوانی سوودی لێ وەربگری. پلانی زۆرت هەیە و وا باشە گرنگترینیان جێبەجێ بکەی. بیرکردنەوەی زۆر و چاوەڕێکردن خەمبارت دەکەن.

### دووانە
بیرکردنەوە ماندووی کردووی، بیر لە هەموو شتێک دەکەیتەوە تەنیا ئەوە نەبێت کە خزمەت بە خۆت دەکات، گرنگیدان بە کارەکەت کەسێتییەکی گەورەی بەتۆ داوە.

### قرژاڵ
لە ئێستاوە هەموو هەوڵەکانت لەسەر دەستکەوتنی پارە چڕدەبێتەوە، فرسەتی باشت لەپێشە، بەخت هاوکارییەکی باشت دەکات و دەرگایەکی نوێ دەکرێتەوە. گوێ بۆ پێشنیازی هاوڕێکەت بگرە رەنگە سوودێکی هەبێت.

### شێر
ناتوانی لە کاتی دیاریکراودا بەڵێنەکانت بگەیەنیتە ئەنجام، لەم هەفتەیەوە تیشکی هەتاو دێتە بورجەکەت و ژیانت دەبووژێتەوە، دەتوانی بە رێگەیەکی نوێ دەست بە جێبەجێکردنی کارە وەستاوەکەت بکەیتەوە.

### فەریک
پلانەکانت لەم هەفتەیەدا جێبەجێ بکە چونکە هەفتەی داهاتوو بابەتێکی جدی سەرقاڵت دەکات. توانایەکی باشت هەیە بۆ خۆگونجاندن، بەڵام هەندێک کات بە پێویستی نازانیت و بەکاری ناهێنیت.

### تەرازوو
تا کۆتایی ئەم مانگە، بەهۆی گۆڕانێکی کتوپڕەوە پەیوەندیی سۆزداریت باش دەبێت، ئەوانەی گرفتیان هەیە چارەسەری دەکەن. سینگڵەکانیش زیاتر لە هەڵبژاردنێکیان دەبێت بۆ دەستنیشانکردنی سۆزدارێک.

### دووپشک
ماوەیەکی درێژە ئەستێرەی مارس لە کەلوەکەتدایە و هەموو هەنگاوەکانی راگرتووی، ئامادە بە بۆ کرانەوەی دەرگایەکی نوێ. ئەو شتانەی زۆر دوادەکەون رەنگە لە کۆتاییدا بە قازانجت بشکێتەوە.

### کەوان
ئەو کارانەی بە نیازی ئەنجامدانی کاری جدییان تێدا دەکەیت و بەختیش هاوکارت دەبێت. بیرۆکەی گەشت بە خێرایی دەگاتە ئەنجام، سەرنجڕاکێش و خۆشەویست دەبیت. راڕایی و گۆشەگیری باش نییە.

### گیسک
دۆخی رابردوو دەگۆڕێت و گەشبینی شوێنی نائومێدی دەگرێتەوە، ئەم ماوەیە بۆ کاری نوێ باش نییە، بەڵام بۆ خۆڕێکخستنەوە باشە، بیرکردنەوەت رێگەیەکی راست دەگرێ و بە ئامانج دەگەیت.

### سەتڵ
ئارامگرتنت کەم دەبێت و لەهەموو شتێک پەلە دەکەیت. هەفتەیەکی پڕ ماندووبوونی کار دەبێت بۆ تۆ، بەڵام بە گەیشتن بە ئەنجام دڵخۆش دەبیت و ماندوویت دەحەسێتەوە. باری داراییت باش دەبێت.

### نەهەنگ
کاتی گونجاو بۆ ئەنجامدانی کارەکانت ئێستایە نەک کاتێکی دیکە، هیچ شتێک دوا مەخە چونکە لەدەستت دەچێت. هەوڵ بدە کۆنترۆڵی خۆت بکەیت و بەخۆڕاگرییەوە هەنگاوی بەهێز بنێی.



# بەهرەیەک بە ئاوی کانگاکانی ئەدەب شۆراوەتەوە

"بەختیار عەلی بەهرەیەکی هەیە کە بە ئاوی هەموو کانگاکانی ئەدەب شۆردراوەتەوە"
**نووسەر تیلمان شپرێکلزن، ڕۆژنامەی فرانکفۆرتەر ئەلگەماینە تزایتونگ**

"ڕۆمانی دواهەمین هەناری دنیا لە بەرزترین ترۆپکی ئەدەبیی هاوینی 2016دایە"
**نووسەر کارستن کۆپلۆ (ئاوس ئێرلێیزن)**

"کتێبێکی بەڕاستی فەلسەفی و سەرسەخت مرۆڤدۆستانەیە"
**نووسەر هێلمەر پاسێتن (بۆرۆمۆزەر فێرئاین)**

"نووسەرێکی وەها چۆن توانی دەمێکی ئەوەندە درێژ شاراوە بمێنێتەوە"
**نووسەر و ڕەخنەگر شتێفان وایدنەر، ڕۆژنامەی زویددۆیچە تزایتۆنگ**

"چیرۆکنووسێکی سیحراوی لە کوردستانەوە، وشەی وەک دووکەڵ، وشەی وەک تیشک"
**نووسەر ئەنگێلا شادەر (نیوزویرخیشە تزایتونگ)**

خەسرەو حەمەکەریم

سالانە نزیکەی 90 هەزار کتێب تەنیا لە ئەڵمانیا چاپ دەکرێن. واتە ڕۆژانە (250) کتێب دەکەونە بازاڕەکانی وڵاتانی ئەڵمانیزمانەوە (ئەڵمانیا، سویسرا و نەمسا)، لە هەموو ئەو ناونیشانانە ئەنجومەنێک کە لە ژمارەیەک ڕەخنەگری ناوداری ئەڵمانیزمان پێکدێن، تەنیا 10 کتێب وەک کتێبە باشترینەکان هەڵدەبژێرن، واتە مانگانە لە 7500 کتێب، تەنیا 10 کتێب شایەنی بایەخ و ستایشی ڕەخنەگرانە، لەو 10 کتێبەیش نووسەر و داوەرە ئەڵمانیزمانەکان چوار کتێب هەڵدەبژێرن کە لیژنەی ڕەخنەگران قسەی لەسەر بکەن. (دواهەمین هەناری دنیا)ی بەختیار عەلی لەناو هەزاران هەزار کتێبدا گەیشتە ئەو قۆناغە، لەناو ئەو 10 کتێبەشدا یەکێک بوو لەو چوار کتێبەی کە شەوی 7ی حوزەیرانی ڕابردوو لە بەرنامەیەکی ئەدەبیی تایبەت بە کەناڵی SWR2ی ئەڵمانیدا بە پەخشی ڕاستەوخۆ باسی لێوە کراو یەکێک لە ڕەخنەگرەکان گوتی: "ئەم ڕۆمانە دۆزینەوەیەکی جیاوازە لە گێڕانەوەدا، نووسەرانی تر دەتوانن سوودی لێ وەربگرن".

ئەم لیستە مانگانە یان دوو مانگ جارێک دەردەچێت و ناوی لیستی باشترینە لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانەوە، لیستێکە لەلایەن نزیکەی 30 ڕەخنەگری گەورەی ئەڵمانەوە ئامادە دەکرێت کە دیارترین ڕەخنەگرانی ئەدەبی و سەختگیرترینیانن لە حوکمداندا. ئەم لیستە لە چل ساڵ لەمەوبەرەوە وەک کولتوورێکی ئەدەبی، شوێنێکی گرنگی لە ژیانی ئەدەبیدا هەیە. ڕەخنەگران 10 باشترین کتێب هەڵدەبژێرن و بۆ خوێنەرانی ئەڵمانی پێشنیاز دەکەن. میکانیزمی هەڵبژاردنەکە بە جۆرێکە، هەر ڕەخنەگرە لەناو سەدان کتێبدا کە بە ئەڵمانی دەنووسرێن یان لە دەیان زمانەوە وەردەگێڕدرێن و لە سەدان خانەی چاپەوە بڵاودەکرێنەوە، بۆی هەیە تەنیا چوار کتێب هەڵبژێرێت و بۆ لیستەکە پێشنیازی بکات، گرنگ نییە نووسەرەکە زیندووە یان مردووە، کۆنە یان نوێیە، تا کتێبەکە ڕەخنەگران زیاتر بیخوێننەوە و دەنگی بدەنێ، فرسەتی گەیشتنی بە لیستەکە زۆرتر دەبێت، لێرەوە کتێبی تازەی وەک دواهەمین هەناری دنیای نووسەری کورد بەختیار عەلی کە تەنیا 25 ڕۆژ پێش ئامادەکردنی لیستەکە کەوتبووە بازاڕەوە، لە ئاستی باوەڕنەکردندایە (دواهەمین هەناری دنیا لە 20ی ئایاری 2016دا یەکەم چاپی لە چاپخانە هاتووەتە دەرێ و ڕۆژی ئامادەکردنی تەواوی لیستەکە 15ی حوزەیرانی 2016 بوو).

لەوەش گرنگتر، ئامادەیی کتێبەکەیە لە لیستێکدا کە ژمارەیەک ناوی زۆر گەورەی ئەدەبیاتی ئەمڕۆی جیهانی تێدایە وەک: ساشا ستانیسیچ، وەرگری خەڵاتی پێشانگای کتێبی لایبزگ کە دووەم گەورەترین خەڵاتی ئەدەبیی ئەڵمانیایە.

وەرگری خەڵاتی ئەلفرێد دوبلن، هەڵاوێردی خەڵاتی باشترین کتێبی ساڵی ئەڵمانی.

نووسەری ئینگلیزی گراهام سویفت، وەرگری خەڵاتی مان بوکەر پرایز 1996، گەورەترین خەڵاتی ئەدەبیی ئینگلیزی.

نووسەری زۆر ناوداری ئینگلیزی، هیلاری مانتڵ، وەرگری دوو خەڵاتی مان بوکەر پرایز لە ساڵانی 2009– 2012.

خانم جودیس هارتمان کە چەندین ساڵە گەورەترین ناوی دونیای چیرۆکی ئەڵمانیایە.

خانم جولیا کاسنا، لە گرنگترین ناوەکانی ئەدەبیاتی ڕووسیی هاوچەرخە، لەگەڵ نووسەرێکی گەورەی وەک (جۆن دۆس پاسۆس) کە لەپاڵ (فۆکنەر) و (هەمەنگوای)دا بە سێ کوچکەی ئەدەبی ئەمریکیی نوێ دەناسرێن و ڕۆمانەکەی لەساڵی 1925 دا بڵاوبووەتەوە و خۆی لە ساڵی 1970 کۆچی دوایی کردووە.

لەمانەش سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە لە 20 ساڵی ڕابردوودا تاکە ڕۆماننووسێکی خۆرهەڵاتی گەیشتبێتە ئەم لیستە ئۆرهان پامۆکە. گەرچی ساڵانە دەیان ڕۆمانی عەرەبی و فارسی و تورکی دەکرێنە ئەڵمانی، بەڵام هیچ نووسەرێکی خۆرهەڵاتیی دیکە کە بە زمانە خۆرهەڵاتییەکان دەنووسن، نەگەیشتوونەتە لیستەکە. تاکە ڕۆماننووسێکی خۆرهەڵاتی گەیشتبێتە ئەم لیستە (ئیبراهیم ئەلکونی)یە کە بیست ساڵ لەمەوبەر و لەساڵی 1996دا لە لیستەکەدا بووە. دوا نووسەری خۆرهەڵاتی گەیشتبێتە لیستەکە دیوانێکی شیعریی (مەحمود دەرویش) بووە، لە 14 ساڵ لەمەوبەر. نەک هەر ئەوە، لە 20 ساڵی ڕابردوودا، ژمارەی ئەو کتێبانەی لەکۆی ئەدەبیاتی ئاسیاییەوە گەیشتوونەتە لیستەکە لە شەش کتێب تێناپەڕن، بە ڕۆمانەکانی «کینزا بۆرۆ ئۆی» یشەوە کە وەرگری نۆبڵی ئەدەبیاتە. ئەمانە هەموو هۆکارن بۆئەوەی ئامادەگیی ڕۆمانی دواهەمین هەناری دنیای بەختیار عەلی لەوێدا، بە سەرکەوتنێک بۆ ئەدەبیاتی کوردی ببینین کە بە ئەدەبیاتێکی نوێ و نەناسراو سەیر دەکرێت.

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی دواهەمین هەناری دنیا بە زمانی ئەڵمانی، کۆڕ و سیمینارەکان دەستیان پێکرد. سەرەتا لە 15ی ئایاری 2016 لە شارەکەی ڕۆماننووسی ناسراوی ئەڵمان تیۆدۆر فۆنتاناوە دەستی پێکرد. لە فێستیڤاڵی فۆنتانادا کە شاری لەدایکبوونی فۆنتانایە، تەنیا کتێبی وەرگێڕدراو کە داوەتی فێستیڤاڵ بوو، دواهەمین هەناری دنیا بوو، نووسەرانی داوەتکراوی دیکە هەموو ئەڵمانینووس بوون. لە ئێوارەیەکی جواندا لە شارە بچووک و جوانەکەی نۆیرۆپن و لە مۆزەخانەی ئەو شارە کولتوورییە، دەیان خوێنەری ئەڵمان کۆبوونەوە تا گوێ لە خوێندنەوەیەکی جوان و کاریگەری ئەکتەر و نووسەر و کتێبخوێنی ناسراو لە کەناڵی (ئێن ئار دی) ئەندریاس دۆرینگ بگرن کە چیرۆکی محەممەدی دڵشووشە و سەریاسەکانی بەدەنگە گەرم و قووڵەکەی دەخوێندەوە. کتێبەکە بە وەرگێڕانێکی زۆر جوان و سەرسوڕهێنی هەردوو وەرگێڕی لێهاتوو (راوێژ سەلیم) و (ئوتە کانتێرا لانگ) کراوەتە ئەڵمانی. ڕۆژنامەنووس کریستیان شۆینبێرگ لە ڕۆژنامەی (مێرکیشە تزایتونگ) نووسیبووی: "کۆڕەکەی ئێوارەی یەکشەممە، سەرنجڕاکێشترین ڕەنگی ناو زنجیرە کۆڕەکان بوو، میوانی ئەو ئێوارەیەش نەدەبوو کەسێکی کەمتر بێت لە بەختیار عەلی، خوێنراوەترین نووسەری هاوچەرخی کورد".

دوای نوێرۆپن، گفتوگۆیەکی رادیۆیی لەبەرنامەی سکایلاینی ئەدەبی سازکرا کە سەر بە ڤی دی ئێر تیڤی ئەڵمانییە، بەختیار بە زمانی ئەڵمانی بۆ ماوەی پێنج خولەک لەسەر ئەزموونی ئەدەبیی خۆی دوا، دوای تەنیا ڕۆژێک کتێبەکە یەکەم پێشکەشکردنی گەورەی لە کۆڵن بۆ کرا. ماڵی ئەدەب لە کۆڵن شوێنێکە هەموو نووسەرە ناودارەکانی دونیا ڕۆژێک لەوێ بوون، بە پێشنیارێکی تایبەتی خانم بیتینا فیشەر بەڕێوەبەری ماڵی ئەدەب، ڕۆمانەکە سەفەری خۆی لە دونیای خوێنەراندا لە کۆڵنەوە دەست پێکرد و دوای یەک ڕۆژ لە دەرچوونی لە چاپخانە، ڕۆمانەکە وەک کتێبێکی بەرگ ڕەقی قەشەنگ بەدەست خوێنەرانەوە بوو، بۆ پێشەکیی کۆڕەکە خانم بیتینا فیشەر بەئامادەبووانی ڕاگەیاند کە دوای نووسەری میسری نەجیب مەحفوز، ئەوە یەکەمجارە ڕۆمانێک پێش دەرچوونی لە چاپخانە لەڕێی ئینتەرنێتەوە ئەو ژمارە زۆرەی لێ بفرۆشرێت. ئێوارەکە، نووسەر و وەرگێڕی ناسراو و سەرنووسەری گۆڤاری (بیر و هونەر) شتێفان وایدنەر دەیبرد بەڕێوە، گۆڤاری بیر و هونەر بەزمانی ئەڵمانی، عەرەبی، ئینگلیزی، تورکی، فارسی دەردەچێت و گۆڤاری فەرمیی ئینستتیوتی گۆتەیە و بە هەموو جیهاندا بڵاودەبێتەوە. لە ژمارەی نوێشیدا وتارێکی بەختیار عەلی تێدایە کە لە بنەڕەتدا بە عەرەبی نووسراوە. وایدنەر کە خۆی خاوەنی زیاد لە 12 کتێبە و هەندێک لە کتێبەکانی لە بنکە هەرە گرنگەکان بڵاوبوونەتەوە، سەرسامیی گەورەی خۆی بە ڕۆمانەکە و وتارەکەی بەختیار عەلی دەربڕی و شەرمی خۆی لەوە دەربڕی کە چۆن نووسەرێک لەو ئاستەدا لەناوماندایە و نەمانناسیوە. ئەو ڕۆژە ئەکتەر و کتێبخوێن (یورگ هوستیاک) چەند پارچەیەک لە کتێبەکەی بە ئەڵمانی خوێندەوە و گفتوگۆیەکی ئەدەبیی بەردەوامیش لەسەر ناوەڕۆکی بەشەکان لە نێوان بەختیار و شتێفاندا هەبوو، کۆی ئەو کتێبانەش کە بنکەی یونیۆن ناردبوونی فرۆشران. هەمان ڕۆژ سەبارەت بە بەختیار عەلی و ڕۆمانەکەی، لە ڕۆژنامەی (کۆڵنەر شتادئەنتزایگە)دا، ڕۆژنامەنووس (ئولی کرایکەباوم) نووسیویەتی: "زمانێکی پڕ لە وێنەیی ئێجگار بەهێز، خەیاڵی، زۆر شاعیری. سنووری نێوان واقیع و فەنتازیا کاڵ بووەتەوە. کتێبەکە ڕەخنەیەکی کۆمەڵایەتیی ڕوون و بەهێزی لەخۆگرتووە.

ئەم نووسەرە کە ئەو هەموو ماوەیە لە ناوماندا دەژی و بێخەبەرین لێی، وادەکات بڵێین: دونیای ئەدەب لە بواری جیهانیبووندا، زۆر پێویستی بەوەیە زیاتر ئا لەم جۆرە ئەدەبە داوا بکات".

ڕۆژی دووشەممە 23ی ئایاری 2016 بەداوەتێکی تایبەتی ڕێکخراوی (ئۆست وێست پاساژن) بەختیار بە هاوڕێیەتی وەرگێڕی ناسراو خانم (لاریسا بندەر) لە فابریکی فرانکفۆرت کۆڕێکی تایبەتی بۆ میواندارانی تایبەت بە ڕێکخراوەکە سازکرد. وەک لە نووسەرەوە زانیمان، ئەمساڵ بەختیار داوەتی تایبەتی (یەکێتی نووسەرانی سویسرا) یەو لە بازل و زیورخ و بێرن کۆڕی دەبێت، هەروەها داوەتی هەردوو پێشانگای گەورەی کتێبی (فرانکفۆرت) و (ڤییەنا)شە و تا ئێستا لە پتر لە 15 شاری دیکە داوەتی بۆ هاتووە. لێرەدا دەبێت بڵێین سوپاس راوێژ، سوپاس خانمی ئوتە کانتێرا لانگ کە دەرگایان بۆ ئەم ڕۆمانە کردەوە بگاتە جیهانی دەرەوە.

دوای ڕۆژنامەی زویددۆیچە تزایتۆنگی ئەڵمانی «süddeutsche Zeitung»و ڤینەر تزایتۆنگی نەمسایی «Wiener Zeitung» و نیوزویرخیشە تزایتونگی سویسرایی «Neue zürcher Zeitung»، گەورە ڕۆژنامەی نەمسایی«Die Presse» ، لەژێر ناونیشانی «نهێنیی هەنارەکان» وتارێکی لە نووسینی «دیۆگۆ ئۆیسکان» بڵاوکردەوە، هەروەها ڕۆژی 15ی تەمموزی 2016 بەسەردێڕی (بەختیار عەلی بەهرەیەکی هەیە کە بە ئاوی هەموو کانگاکانی ئەدەب شۆردراوەتەوە)، گەورە ڕۆژنامەی ئەڵمانی فرانکفۆرتەر ئەلگەماینە تزایتونگ، بابەتێکی گرنگی نووسەر و ڕۆماننووس (تیلمان شپرێکلزن)ی بڵاوکردەوە کە تێیدا نووسەر، کتێبەکەی بە یەکێک لە بەچێژترین کتێبەکانی ئەمساڵی ئەڵمانیا ناوزەد کردووە، بێجگە لە دەیان چاوپێکەوتنی گۆڤار و رادیۆ و تیڤییە ئەڵمانیزمانەکان کە لەگەڵ نووسەر بەختیار عەلیدا سازکراون و لە داهاتوودا هەندێکیان وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی.

ئەمە لەکاتێکدایە کە چاپی دووەمی "دواهەمین هەناری دنیا" ئەگەرچی تەنیا چەند ڕۆژێکی کەمە لە کتێبخانەکاندایە، بەرەو کۆتایی دەڕوات. وەک لە بەشی چاپ و بڵاوکردنەوەی (یونیۆنس فێرلاگ)ەوە زانیمان، ئێستا لە چاپخانە چاپی سێیەم ئامادە دەکرێت.



# جیهادی: بۆنی ئارەق و گۆشتی حەڵاڵ



ڕێبوار کەریمی

"مشتەری هەیە بۆنی ئارەق و ئەلکهولی لێ دێت، کەچی سۆراغی گۆشتی حەڵاڵ لە ئێمە دەکا!". ئەمە قسەی کرێکاری خواردنگەیەک بوو لە یەکێک لە شارەکانی فینلاند، کاتێک سەبارەت بە گیروگرفتی کۆچەران پرسیارم لێ دەکرد. من بۆ توێژینەوەیەکی مەیدانی سەبارەت بە پرسی ئاسایش و توندڕەوی رووم لە یەکێک لە شارەکانی فینلاند کردبوو. هەڵبەت، زۆربەی ئەو وەڵامانەی دەستگیرم بوون هەر ئەو تێڕوانینە گشتییەیان پشتڕاست دەکردەوە کە "زۆرینە"، چ کۆچەر و چ خەڵکی خۆماڵیی رۆژئاوایی، بێ قرە و بێ کێشەن. ئەوە کەمینەیەکی دیاریکراوە کە گرفت ساز دەکا و خەڵکانێکی زۆری بێ تاوان بە ئاگری فیتنەی ئەوانەوە گرفتار دەبن. من لەم وتارەدا بڕێک لەم "کەمینە خوانەناسە" دەدوێم. (خوانەناس لە کوردەواریی خۆماندا بە کەسێک دەگوترێ کە ئاکاری لەگەڵ پێودانگەکانی ویژدانی گشتی ناتەبابن).

چەند ساڵ لەمەوبەر لەو شارەی، لە فینلاند، لێی دەژیام، تاقمێک هەرزەکاری بیانیی لێبوو کە بەداخەوە، بە دزیکردن لە مۆڵ و بازاڕەکان و دەستدرێژیکردن بۆ سەر کچان، ناوبانگیان دەرکردبوو. ئەم تاقمە کە فینلاندی گوتەنی وەک "مێشی مەیخانەکان" وابوون، هەر کە مانگی رەمەزانیان لێ دەهات، دەبوونە پۆلیسی ئەخلاق بۆ گیانی کۆچەرانی دیکەی ئەو شارە. هەم خۆیان ئەو مانگەیان بە پاکی تێپەڕ دەکرد، هەم بەگژ هەر مەیلەو مسوڵمانێکیشدا دەچوونەوە کە بیانزانیایە بەڕۆژوو نییە. یانزدە مانگەکەی دیکە ئیتر بەو شێوەیە بوون کە باسم کرد. یەک لەو "پیاو نەجیبانە" ناوی منداڵە بچکۆلەکەی نابوو "کەریم". منداڵێکی جوانکیلە بوو، جارێک بەزمانی سووتاوم لێم پرسی بۆچی ناوێکی تۆزێک نوێترت لێ نەناوە؟ بەگژمدا هاتەوە، سەیر: "کەریم ناوی خوایە، کوڕە تۆبە بکە!". من وەک کیسەڵ چوومەوە ناو قاوغی خۆم و هیچم نەگوت. دوای ماوەیەک بیستمەوە کە هەر ئەو پیاوە منداڵوردە شەریفە، تاوانی لاقەکردنی کچێکی منداڵکارەی بەسەردا ساغ بووەتەوە! هەڵبەت من چەندین جار لە بەرپرسانی پۆلیسی فینلاندم بیستووە کە دەڵێن — بە بەراورد لەگەڵ رێژەی حەشیمەت — بەشی زۆربەی تاوانەکانی "دەستدرێژیی زایەندی" لە فینلاند، لەلایەن ئەو کوڕ و پیاوانەوە دەکرێن کە لە وڵاتانی مسوڵمانەوە هاتوون. پۆلیس لە ترسی پەرەگرتنی دیاردەی رەگەزپەرستی و نامۆنەیاری، دەنگی لێ دەرناهێنێ.

ئیزدواجیەتێک لە رەفتاری ئەم تاقەمە کۆچەرە رۆژئاوانشینەدا هەیە کە هەرگیز ئیسلام دەرەقەتی راڤەی نایەت.

من قەت ئەو کوڕە گەنجە کوردەم لەبیرناچێتەوە کە لە کاتی داوای مافی پەنابەرێتیدا گوتبووی لە ترسی تیرۆریستان لە وڵاتی خۆم رامکردووە، کە مافی مانەوەشیان پێبەخشی، ئیتر ماوەیەکی چاک خووی دایە ئارەقخواردنەوە و شەوگەڕی و هەرزەکاری، تا ئەوپەڕی بەرەڵایی. ماوەیەکیش، هاتوچۆی ناوەندی تەندروستیی نەخۆشە دەروونییەکانی دەکرد. کە ئاخر جاریش وێنەکەیم بینییەوە، بە ریشێکی پان و درێژەوە، لەناو ئەو "موجاهیدانە"دا کە بۆ جیهاد روویان لە سووریە کردبوو، حیلکەحیلک پێدەکەنی!

هەرچی میدیا و راگەیاندنی رۆژئاواییە، زۆرتر بەدوای وێنە کلێشەییەکان و وەڵامە سادەکانەوەیە، هەر بۆیە تا ئێستاش مەگەر بەدەگمەن دەنا ئاوڕێکی ورد لە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەم تایپە تایبەتەی کۆچەران نەدراوەتەوە. ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا، لەناو کۆڕ و کۆمەڵە حکومی و ئاکادێمییەکانی رۆژئاوادا سەرنجێکی زۆری دەدرێ، پرسی "توندڕەویی لەسەر بنەمای بیروباوەڕ". دیارە ئەم دەستەواژەیەش تەنیا ناوێکی نەجیبانەیە بۆ ئەوەی راستەوخۆ باس لە ئیسلام و مسوڵمانان نەکرێت! بەڵام، گەلۆ ئەو "مسوڵمانانە" کێن کە ئەوروپایان کردووەتە بازاڕی خۆیان؟

بێگومان پۆلێنی جیاجیا بۆ ئەم توێژە توندڕەوە دەکرێت. هەن بەدەرکەوتەی مۆدێرنیتە یان باشتر بڵێین بە لێکەوتەیەکی کۆمەڵگە پۆست-مۆدێرنەکانی رۆژئاوای ئەمڕۆیان دەزانن. هەن بە پاشهاتی شکستی رەوتی ئینتگراسیۆن یان وێکگونجاندنی جڤاکە کۆچەرەکانیان دادەنێن و هەشن بە بەرهەمی هەناردەکراوی کۆمەڵگە قەیرانلێدراوە ئیسلامییەکانیان لە قەڵەم دەدەن. لەو ناوەدا ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە کە زۆربەی جارەکان "لاف و پاساو"ی ئەم کەس و تاقمە توندڕەوانە دەکرێ بە بنەمای یەکالاکردنەوە و لێکدانەوەی سەرچاوەی رەفتاریان، نەک بە پێچەوانەوە. ئەوە لە کاتێکدا کە ئەگەر رەفتاری بەکردەوەیان بکرێت بە پێوەری هەڵسەنگاندنی هەڵوێستەکانیان، دەکرێ بە ئاکامی جیاواز بگەین.

ئۆلیڤێر رۆیی، کە لە ناوەندێکی زانکۆیی فلۆرێنس، پرۆفیسۆری توێژینەوەی سیاسییە، لەم پێوەندییەدا خاوەن روانینێکی سەرنجڕاکێشە. ئەو دژی ئەو بۆچوونەیە کە پێیوایە ئیسلام لە ئەوروپادا رادیکاڵیزە بووە. رێک بەپێچەوانەوە ئەو دەڵێ: ئەوە رادیکاڵیسمە کە ئیسلامیزە بووە!

بەڵام ئەم رادیکاڵیستانە کێن کە ئیسلامیزە بوون؟ بەبڕوای (ڕۆیی)، ئەم رادیکاڵیستانە بەزۆری کەسانی کۆنەدز و شەڕەنگێز، کەسانی تەریککەوتە و گەنجانی پەراوێزکەوتووی کۆمەڵگە رۆژئاواییەکانن. ڕۆیی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ئیمانی ئەم تاقمە جیهادیستە فڕی بەسەر دابونەریتی ژیانی رۆژانەی مسوڵمانانەوە نییە. ئەم تاقمە "پێیەکیان لە دیسکۆکانە، ئارەق دەخۆنەوە، مادەی هۆشبەر بەکاردێنن، تەنانەت تاوانکاری و دەستدرێژی و دزی و دەستبڕییش دەکەن. دەی ئەمانە کەی ئاکاری مسوڵمانێکی ئاساییین؟". بەبڕوای ڕۆیی، ئەم تاقمە جیهادیستە لە ژیانی خۆیاندا "نە دەربەستی حەرام و حەڵاڵن، نە لەخواردنی حەرام دەپرینگێنەوە، نە نوێژ و تاعەتیان بەکاتی خۆیەتی، نە جلوبەرگی نەریتی لەبەر دەکەن و نە ئیمانیشیان لەگەڵ باوەڕی ئیسلامییە سەلەفییەکا دەگونجێ".

کاتێک 14ی مانگی تەمووزی ئەمساڵ، محەممەد لەحویج بوهیلال، بە ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگرەوە ئاهەنگی کەنارئاوەکانی شاری نیسی فەڕانسەی کردە حەمامی خوێنی دەیان مرۆڤی بێ تاوان، یەکەمین کاردانەوەی دراوسێکانی ئەو "بکوژە جیهادیستە" ئەوە بوو کە "ئەو، مرۆڤێکی تووڕە و شەڕانی بوو ئارەقی دەخواردەوە، یاریی ئاسنی دەکرد و دەچوو بۆ سەمای سالسا".

ئۆلیڤەر ڕۆیی، کە بۆ خۆی پسپۆڕی رەفتارناسیی گرووپە جیهادیستەکانە، پێیوایە خاڵی هاوبەشی زۆربەی خۆکوژە توندڕەوەکانی ئەم ساڵەی دوایی ئەوروپا رێک ئەوەیە کە هەموویان کۆڵێک پارادۆکسی هاوشێوەیان لەناو خۆیاندا هەڵگرتووە: "ئەوان پاساوی ئیسلامەتی بۆ کردەوەکانیان دەهێننەوە بەبێ ئەوەی تاکە کەسێکیان پەروەردەیەکی ئاینیی ئیسلامیی پڕاوپڕی هەبووبێت، ئەوان تەنانەت زمانی عەرەبییش بەباشی نازانن چ بگا بەوەی سەر لە قورئان دەربهێنن". ڕۆیی دەڵێ "ئەو تاقمە، نە لە بواری ئاینییەوە، نە لە بواری کولتوورییەوە و نە لە بواری کۆمەڵایەتیشەوە، بەرهەمی جڤاکە مسوڵمانەکانی ئەوروپا نین".

بەبڕوای ئەو، شۆڕشی ئەم گەنجە تووڕانە لەناو ماڵڕا، لە "یاخیبوونی نەوەکانەوە" دەست پێدەکات، ئەوان پێش هەموو شتێک، لە بواری ئاینی و کولتوورییەوە، لە دایک و باوکەکانیان هەڵدەگەڕێنەوە: ئەوان یان نەوەی دووەمی کۆچەرانن، یان بەمنداڵی هاتوونە ئەوروپا یان ئەوەتا رۆژئاواییین و هاتوونەتە سەر دینی ئیسلام. لە هەر حاڵدا، ئەوان سەرەتا بە قۆناغی بۆشاییەکی رۆحیدا تێپەڕبوون"، بۆشاییەک کە ڕۆیی ناوی لێ دەنێت "نیهێلیزمی زەبروزەنگاوی".

ئەو دەڵێ هەموو شتێک رەنگە لە چرکەساتی وەرچەرخانێکەوە دەست پێبکات، ساتەوەختێکی بەئاگاهاتن (یان لەڕاستیدا ساتی لەهۆشخۆچوون نەک بەئاگاهاتن). ساتێک کە گەنج خۆی لەگەڵ هەموو بەهاکانی دەوروبەریدا بە نامۆ دەبینێ، هەموو شتێک لەم ساتەوەختی نامۆبوونەوە دەست پێدەکات. دۆخێکی دەروونی-کۆمەڵایەتی، دۆخی نیهێلیزمێکی توندوتیژانە، ساتێک کە ئیتر مرۆڤ چێژ لە مەرگ دەبینێ و تاسەی دەکات. هەرچی ریشبەردانەوە و ئاخافتن بە زمانی ئاگرینی ئاینئامێزە، تەنیا رووکارێکی دەرەکییە بۆ ئەم نیهێلیزمە وێرانکەرە.

من کاتێک لە کارەکتەرەکانی ئەو تاقمە جیهادیستە ورد دەبمەوە کە ئۆلیڤێر ڕۆیی باسیان دەکا، وێکچوونێکی زۆر لەنێوان ئەوان و ئەو تایپە کۆچەرەدا دەبینم کە لە سەرەتای ئەم نووسینەدا نموونەم لێ هێنانەوە. نە مەحروومیەت، نە خوێندەواری و نەخوێندەواری، نە تەنانەت ئیسلامگەرابوونیش بۆ تێگەیشتن لە هاودژییەکانی رەفتاری ئەم تایپە توندڕەوە مسوڵمانە، بە تەنیا بەس نییە.

هەڵبەت ئەو بۆچوونەش راست نییە کە پێیوایە ئەو تاقمە "خوانەناسە" بەشێک نین لە جڤاکی مسوڵمانەکانی ئەوروپا. لەڕاستیدا "رادیکاڵیستە ئیسلامیزەبووەکان" بەشێکی لەهاوێرنەهاتووی جڤاکە قەیرانلێدراوەکانی مسوڵمانانی ئەوروپان، وەکچۆن جڤاکی کۆچەرانیش بەشێکی بێ ئەملاوئەولا لە کۆمەڵگە قەیرانلێدراوەکانی ئەوروپای ئەم سەردەمە پێکدەهێنن.

بە کورتیی رادیکاڵیستە ئیسلامیزەبووەکان کەمینەیەکن، بەڵام کەمینەیەک کە پێش ئەوەی جاڕی توندڕەوییە دینییەکەیان بدەن، بە رەفتاری کۆمەڵایەتیی نۆڕمشکێنانەیاندا دەناسرێنەوە. بۆ پێشگیری لەو کەتنانەی ئەوان لەوانەیە بیکەن، دەبێ لەو کایە کۆمەڵایەتییانەدا گەمارۆ بدرێن کە تێیدا هاودژییە ناسێنەییەکانیان دەپشکوێن. ئەم پرسە هەستیارەش بەبێ کەڵکوەرگرتنێکی کارای وڵاتانی رۆژئاوایی لە زەرفیەت و کارکردە ناوخۆییەکانی جڤاکە فرەڕەهەندەکانی کۆچەران، مەیسەر نابێت. لەبیرمان نەچێت رادیکاڵیستە ئیسلامیزەبووەکان لە ئاسمانەوە نەکەوتوونەتە خوارەوە.



# نووسین وەک تەکنیکێک بۆ دواخستنی مردن

حەمەسەعید حەسەن

**(3)**
**دوا بەش**

**دوو کەس یەکیان خۆش بوێت، خەوشەکانی یەکدی نابینن،**
**یەکیان خۆش نەوێت، خەوشە گچکەکانی یەکتری، گەورە دەبینن.**

**ڕێک دەکەوێت کەسێکمان خۆش بوێت و بریندایشی بکەین،**
**بەڵام ئەو بریندارکردنە لە غەفڵەتەوەیە، نەک لە بەدنیازییەوە.**

ئیسابێل ئالێندی دەڵێت: کە بە مەبەستی سازکردنی دیمانەیەک لەگەڵیدا چوومە کن پابلۆ نێروودا پێی گوتم: (کچی خۆم، تۆ خراپترین ڕۆژنامەنووسی ئەم وەڵاتەیت، ئاخر خودی خۆت تێکەڵ بە هەموو شتێک دەکەیت و ناتوانیت بێلایەن و بابەتی بیت. پێم وایە زوو زوو درۆیش دەکەیت، ئەوە نییە کە هەواڵت دەست ناکەوێت، خۆت دەیخوڵقێنیت. بۆچی خوو نادەیتە ڕۆماننووسین؟ ئاخرلایەنە خراپەکانت لە بواری ڕۆژنامەوانیدا، بۆ بواری ئەدەب لایەنی گەشاوەن و کۆمەکت دەکەن.)

بۆ ئەوەی ببیت بە نووسەر، تەنیا هێندە بەس نییە، بزانیت دەتەوێت چی بڵێیت، ئاخر دەبێت ئەوەیش بزانیت کە چۆنی دەڵێیت. ئەگەر نووسەر بیت، دەتوانیت لە دژوارترین هەلومەرجدا بنووسیت. سێرڤانتس لە زینداندا، بە تاقە دەستێکەوە، لەبەر تیشکی مۆمدا و بە پەڕ، شاکاری نەمری (دۆنکیخۆتە)ی نووسیوە. (ئیسابێل ئالێندێ)یش کە (ماڵی خێوەکان) لە ژیانی سەختی مەنفادا دەنووسێت و بە ئیسپانیایی بڵاو دەبێتەوە، هەرچەندە یەکەمین ڕۆمانیشی دەبێت، بەڵام هەر زوو باشترین وەشانخانەکانی ئەورووپا، لە فینلاندەوە تا یۆنان، مافی تەرجەمەکردنی لێ دەکڕن. (کە دەنووسم، خۆم بابەت هەڵنابژێرم، ئەوە بابەتە من هەڵدەبژێرێت، ئیدی هەر پێویستم بە دوورەپەرێزی و تەرخانکردنی وەختێکی باش دەبێت بۆ نووسین. تا سێ ڕۆمانم نەنووسیبوو، تا بە دەیان زمان بڵاو نەبووبوونەوە، تا نەکرابوون بە فیلم، زاتم نەدەکرد بە خۆم بڵێم نووسەر.) ئیسابێل ئالێندی وا دەڵێت.

کە ڕۆمان دەنووسین، ئەوە زۆر گرنگە، تێکستەکە هیچ خاووخلیچکییەکی پێوە دیار نەبێت و خوێنەر بە تامەزرۆییەکی تژی لە نیگەرانییەوە، دوای ڕووداوەکانی بکەوێت. لە ڕۆماندا چەند کارەکتەر هەیە، پێویستە هەر یەکێکیان ژیاننامەی خۆی، سرووشتێکی جیاواز و دەنگێکی تایبەتی هەبێت، ئاخر ئەگەر دوو کارەکتەر لە یەکدی بچن، ئەوا یەکێکیان زیادەیە. ڕۆمان پرۆژەیەکە پشووی درێژی دەوێت، نووسەرێک بەئارام نەبێت، دەرۆستی نایەت، ئاخر نووسینی ڕۆمان، وەک ڕۆنانی وشکەکەڵەک ئاسان نییە، وەک چنینی مافوور سەخت و ئاڵۆزە. ڕەنگە کورتەچیرۆک زادەی ئیلهام بێت، بەڵام ڕۆمان زادەی کۆششی درێژخایەنە.

ئیسابێل ئالێندی وەها باسی لەدایکبوونی یەکەمین منداڵی دەکات: (لەسەر پشت ڕاکشابووم، کۆرپەکە دەستی دەکوتا و هەوڵی دەدا بێتە دەرەوە. ئێسکەکانی سمت و کەفەلم، بۆ ئەوەی ڕێ بۆ هاتنە دەرەوەی خۆش بکەن، بێ ویستی خۆم دەکرانەوە. منداڵەکە هاتە دونیاوە و منیش چوومە ڕەوشێکی نوێوە، ئیدی کەسمان نەماندەتوانی بگەڕێینەوە دواوە، ئەو لە دایک بوو، منیش بووم بە دایک. خۆشیی دووگیانبوون، ئارامگرتن لە مانگەکانی سکپڕیدا، ژانی لە دایکبوونی منداڵ و سەرسامیی دایک کە دەبینێت منداڵەکەی پێی ناوەتە دونیاوە، تەواوی ئەو پرۆسەیە، وەک ئەوە وایە، کتێبێکی نوێت نووسیبێت.)

(عەسکەر چونکە هێزیان هەیە، دەتوانن بە سەرماندا زاڵ بن، بەڵام گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، نە بە زەبروزەنگ ڕادەگیرێن و نە بە تاوان. مێژوو هی ئێمەیە، چونکە گەلان مێژوو دروست دەکەن. بژی شیللی، بژی گەل، بژی کرێکاران.) سیلڤادۆر ئالێندی لە 11ی سێپتێمبەری 1973دا، ئەو قسانەی لە ئێستگەی کۆشکی کۆمارییەوە کرد و دەستی دایە ئەو تفەنگەی کاسترۆ پێشکەشی کردبوو. هێشتا ساغ نەبووەتەوە، تا دوا فیشەک هەر شەڕی کرد، یان دوا فیشەکی بە خۆیەوە نا، بەڵام کودەتاچییەکان گوتیان: سیلڤادۆر ئالێندێی سەرخۆش لە شەرماندا خۆی کوشت. بۆ بەیانی عەسکەر، خۆیان گوتەنی، بەبۆنەی سەرکەوتنی شارستانیی کریستیانیزمی خۆرئاواییەوە، بەسەر پیلانی کۆمۆنیزمدا، ئاهەنگیان گێڕا. ئیدی بەندیخانەکان پڕ کران لە زیندانی سیاسی و قوتابخانە و یاریگاکانیش کران بە زیندان.

کودەتاچییەکان ڤیکتۆرگارایان گرت، دەست و پەنجەیان کە بەدەم سترانگوتنەوە گیتاری پێ دەژەنین، وردوخاش کرد و ئەو هەر گۆرانیی بۆ ئازادی دەچڕی. دوازدە ڕۆژ دوای کودەتاکە، پابلۆ نێروودا لە هەلومەرجێکی تەمومژاویدا گیانی لە دەست دا. هەر دوای کودەتاکە باڵیۆزانی هەندێک لە وەڵاتان چووبوونە کنی و بەڵێنیان پێ دابوو، ئەگەر شیللی بەجێ بهێڵێت، وەک پەناهێنی سیاسی لە وەڵاتانی خۆیان بە ڕێزەوە وەری دەگرن، بەڵام پێی گوتبوون: (لە تەنگانەدا لە زێدی خۆم هەڵنایەم و گەلەکەم بەجێ ناهێڵم.) کە عەسکەر دێن ئیسابێل ئالێندێ ببەن و لە ماڵ نابێت، بە منداڵەکانی دەڵێن: (بە دایکە قەحبەکەتان بڵێن، چەند ڕۆژێکی کەمی لە ژیاندا ماوە.) ئیدی چنگێک خۆڵی باخچەکەیان لەگەڵ خۆیدا دەبات و هەڵدێت.

کە کچەکەی لە هۆش خۆی دەچێت و لە بەشی چاودێریی چڕی نەخۆشخانەیەکی مەدریددا، تەوژمی کارەبای لێ دەدەن، بۆ ئەوەی بزانن کاردانەوەی چۆنە، ئەو زیندانییانەی بیر دەکەوێتەوە کە لە شیللی، لە سایەی فەرمانڕەوایی کودەتاچییەکاندا، بە لێدانی کارەبا ئەشکەنجە دەدران. ئەم گەڕانەوەیە لە نەخۆشخانەوە بۆ زیندان، لە مەدریدەوە بۆ سانتیاگۆ، لە ئێستاوە بۆ ئەوسا، کە فلاشباکی پێ دەڵێن، تەکنیکێکە لە سینەماوە پەڕیوەتە نێو ڕۆمانەوە.

(بە درێژایی تەمەنم هەرچییەکم نووسیوە، بایەخی ڕۆمانێکی ئیسابێل ئالێندێی نییە. نیازی ئەوەم نییە پێشبڕکێی لەگەڵدا بکەم، ئاخر کە خۆمی لەگەڵدا بەراورد دەکەم، خۆمم وەک کیسەڵ و ئەوم وەک ئاسکەکێوی دێتە پێش چاو.) ئەوە گوتەی عەبدولسەتتار ناسرە کە یەکێکە لە نووسەرە ناودارەکانی عێراق و پێی وایە ئیسابێل ئالێندێ ڕۆماننووسێکی ئاسایی نییە، یەکێکە لەوانەی کە هەقە لەگەڵ بالزاک، تۆلستۆی، دەستۆیڤسکی و چیخۆڤدا ناوی بهێنرێت.

2016/7/12
ستۆکهۆڵم

(*) إيزابيل ألليندي، باولا، ترجمة: صالح علماني 2007 الطبعة الأولى، رؤية للنشر والتوزيع.
(**) عبدالستار ناصر، إيزابيل ألليندي إمرأة من بناة العالم.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# ویکیلیکس

جیاوازیی نێوان بانگخوازێکی وەک رەوانشاد شەماڵ موفتی و ئەم گەجەر و گوجەرانەی رۆژانە بەناوی بانگخوازییەوە پەلاماری ئەم و ئەو دەدەن، وەک جیاوازیی نێوان عەقڵێکی عاشق بە کلیل و یەکێکی قفڵخوازە. ئەویان لەپێناوی ئاسانکردن و خۆشکردنی ژیان، تا رادەی فێڵکردن لە دەق، سەرکێشیی دەکات، ئەمیشیان بۆ رەشکردنی ژیان و هەڕەشە و تۆقاندن، ئەگەر تۆزێ جوانییش لە دەقێکدا هەبێت، دەیشێوێنێ.

جیاوازیی نێوان میدیاکارێکی پیشەیی و یەکێکی ساختەچیش، ئەوەیە یەکەمیان، بێ گوێدانە ئەوەی بە دڵی ئەمە یان ئەو حیزب و کەسە، سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی راستییەکە وەکوو خۆی. دووەمیشیان بەردەوام خەریکی هۆنینەوەی جاجمێکە بە پەتی درۆ تا لەبەر پێی حیزبێ یان کەسێکدا رایبخات. ئەوە بۆیە رێی تێدەچێت کارەکانی ئەوەی یەکەمیان ئەمڕۆ بە دڵی ئەم و ئەو حیزب بێت و سبەی نا، ئاخر هەواڵ و رووداوەکان هەموو رۆژێک بە دڵی هەموو کەسێک نییە. بۆ خوێنەری هۆشیاریش ئەوە ئاشکرایە کارەکانی میدیاکاری ساختەچی بۆچی هەمیشە و لە هەموو ئان و ساتێکدا بەگوێرەی دڵی لایەک، یان چەند لایەنێکی دیاریکراوە.

وەک چۆن بازرگانانی ئاین ژمارەیان لە هەڵکشانە و ئیماندارانیش بە پێچەوانەوە، ئاوهاش ژمارەی میدیاکارانی ساختەچی روو لە هەورازە و چەند ئەوەندەی کارزانی ئەو بوارەن، ئاخر نانی چەور و ئاسان لای بازرگانانی ئاین و میدیاکاری ساختەچییە، ئەرکی قورس و کەوتنە بەر پلار و تۆمەتی بێشوماریش، بەشی گرووپە کەمەکەی دیکەیە.

ئەوە کارێکی ئاسانە دەروون نەخۆشێک بدۆزیتەوە و بە زەبری پارە، بە گژ ئەم و ئەویدا بکەیت، هەموو کۆمەڵگەیەک بایی ئەوەندە دەروون نەخۆشی تێدان، پرسیار ئەوەیە ئاخۆ ئەو تینوێتییەی خەڵک بۆ درۆ و قسەی بێ بنەما، ئەو سەرخۆشییە بۆ ملشکاندن، پاشقولگرتن و ناشرینکردنی کاری باش لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟! بە کام لۆژیک دەتوانی ئەوە لێکبدەیتەوە کە عەوامی میللەتێک هەر هەمووی بەدوای سکانداڵەوە بێت با درۆش بێت، ئەوە چ جۆرە دەروونێکە راستیی نابینێت و چەپڵە بۆ درۆ لێدەدات. لە کوێ نوخبەی گوایە رۆشنبیر، هاوزەمان خوێن بۆ ئازادیی و دیموکراسی دادەنیشێت و پاڵپشتی سەرسەختی کودەتا و حوکمی عەسکەرە!؟

ئێوە دیتان ناوهاتنی بەشێک لە هاوکارانی رووداو لە بەڵگەکانی ویکیلیکسدا چۆن مامەڵەی لەگەڵ کرا. ئەنتی رووداوییەکان هەواڵێکی بێ بنەما و بێ سەرچاوە و بەڵگەیان بڵاوکردەوە. رووداویش هەموو لینکەکانی ویکیلیکس خۆی. یانی لە کاتێکدا میدیاکاری ساختەچی هەواڵەکەی بە تەمومژاوی و گومانەوە بڵاوکردەوە، رووداو سەرجەم لینکی بەڵگەکانی بڵاوکردەوە و دەرکەوت هەموویان مایەی شانازین بۆ رووداو، ئاخر لە کاتێکدا دونیا رووداو بە سەرچاوە وەردەگرێت، ئەنتی رووداوییەکان سیریان بۆ زوڕنالێدان دەخوارد.

تۆ بڵێی ئەو کۆلکە خوێندەوارانە ئەو قسەیەی ئیبراهام لینکۆڵن، شازدەیەمین سەرۆکی ئەمەریکایان بیستبێ کە دەڵێ: تۆ دەتوانی هەموو خەڵک بۆ ماوەیەک هەڵخەڵەتێنی، دەشتوانی هەندێ خەڵک بەردەوام لەخشتە بەری، بەڵام هەرگیز ناتوانی هەموو خەڵک، بۆ هەمیشە فریو بدەی؟



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# یەکێتیی، وەک خاوەن پرۆژەی دەوڵەت

رۆژانە لێرەو لەوێ بە مەبەست و بەبێ ئاگایی تۆمەتێکی زۆر دەخرێتە پاڵ (یەکێتیی نیشتمانی کوردستان) کە گوایا لە پرسە نیشتمانییەکان پاشەکشێی کردووە، لەوەش زیاتر تۆمەتبار دەکرێت بەوەی دژی ریفراندۆمە بۆ سەربەخۆیی کوردستان. ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر کەسێک توێژینەوەیەکی زانستیی بێ لایەنانە بکات دەربارەی ستراتیجی نەتەوەیی و ئامانجی سیاسیی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد لە باشووری کوردستان، بەرنامە و ستراتیژی هەریەک لە هێزە سیاسییەکان بەراورد بکات، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان خاوەن پرۆژەی دەوڵەت بووە، پێش هەر کەس و لایەنێکی دیکە.

لانیکەم لە دوای کەمتر لە 10 ساڵی تەمەنییەوە، لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە دروشمی سەرەکی (مافی چارەی خۆنووسین) بووە، ئەوکات بەشی زۆری هێزەکانی دیکەی سەر گۆڕەپانی سیاسی دروشمی ئۆتۆنۆمییان بەرز کردبووەوە. لە دوای راپەڕین و یەکەم پرۆسەی هەڵبژاردن لە کوردستان، لە چوارچێوەی ئەو ستراتیژەدا، وەک بژارەیەکی واقیعی بۆ قۆناغی دوای راپەڕین، (ی،ن،ک) لە کۆنگرەی گشتیدا، دروشمی (فیدراڵی) پەسەند کرد و کردیە ئامانجی سەرەکی و بەو دروشمەوە چووە هەڵبژاردنەوە، لەکاتێکدا هێزە رکابەرەکەی کە پارتی بوو، ئەوکاتیش هەر داوای ئۆتۆنۆمی دەکرد.

لە هەریەک لە کۆنگرەکانی دووەم و سێیەمی یەکێتی-دا، پرسی دەوڵەتی سەربەخۆ تاوتوێ کراوە وەک ئامانج و مافێکی نەتەوەیی گەلی کورد، بریار دراوە یەکێتیی پابەندێتیی خۆی بە مافی چارەی خۆنووسین بپارێزێت وەک مافێکی رەوای خەڵکی کوردستان کە لە دەرفەت و هەلومەرجی گونجاودا کار بۆ بەدیهێنانی بکات. ساڵانەش لە یادی دامەزراندنی و بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی تردا، تەئکیدی لەسەر رەوایەتی بڕیاردان لە مافی چارەنووسی گەلی کوردستان کردووەتەوە و چەندین جار پرسی دەوڵەتی سەربەخۆی ورووژاندووە.

بەدەر لە دروشم و گوتاری میدیایی، بە کردەوەش بە درێژایی ئەو مێژووانە یەکێتی قوربانیی زۆری لەو پێناوەدا داوە. لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا ئەگەر لە پێشی هێزە سیاسییەکانی تریشەوە نەبووبێت، بواری ئەوەی نەداوە کەس پێشی بکەوێت. لە ئاست دۆزی کەرکووک، لە ئاست مامەڵەو هەڵوێستی بەرامبەر بە خەباتی رزگاریخوازانەی پارچەکانی تری کوردستان، لە چەسپاندنی فیدراڵی لە عێراق. یەکێتیی نیشتمانی کوردستان درێغی نەکردووە. تەنانەت لە دوا بەلاغی سەرکردایەتی هاوبەشی نێوان یەکێتی و گۆڕاندا، تەئکید لەسەر پێویستی رەخساندنی زەمینەی ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان کراوەتەوە.

ئەگەر تەماشای (پارتی دیموکراتی کوردستان)یش بکەین کە ئێستا وەک خاوەنی پرۆژەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان وێنا دەکرێت، بە درێژایی مێژووی دروستبوونی لە ساڵی 1946 تا کۆنگرەی سیانزە لە ساڵی 2011، دروشمی سەرەکی ئۆتۆنۆمی بووە. لە کۆنگرەی سیانزەوە ئەویش مافی چارەی خۆنووسینی کردە ئامانجی خۆی. واتا لەگەڵ ئەو هێزە رکابەرەی کە مێژوویەکیان لە ململانێ هەیە، ماوەی پێنج ساڵە هەڵگری یەک ئامانجی نەتەوەیین.

بەڵام لەبەرئەوەی هەر لە سەرەتاوە ئەم دوو هێزە یاخود ئەم دوو ئاراستەیە لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد لە باشوور لەسەر بنەمای (کار و کاردانەوە) درێژەیان بە ژیانی سیاسی خۆیان داوە، بۆیە لە دوای ئەوەی بۆ یەکەمجار پێکەوە دەبنە هەڵگری یەک ستراتیژ و ئامانجی نەتەوەیی، کە دەبوو پێویستیی قۆناغەکە بیانکات بە هاوتەریب بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، کەچی بە ئەندازەی دوو ستراتیژی دژ بەیەک، لێک دووردەکونەوە.

پرسیارەکە لێرەدایە: بۆچی یەکێتی کە لە بنەڕەتەوە خاوەنی پرۆژەی دەوڵەتی سەربەخۆ بووە بۆ کوردستان، لانیکەم زیاتر لە 30 ساڵە دروشمی مافی چارەنووسی هەڵگرتووە و پارتی کە تەنیا 5 ساڵە ئەو داوایەی هەیە، لە زیهنی خەڵکی کوردستاندا پارتی وەک خاوەن پرۆژەکە دەرکەوتووە. دەبێت یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بە وردی بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێت. چی و کێ وایکردووە پرۆژەی دەوڵەت ببێتە موڵکیماڵباتی بارزانی؟

لە کاتێکدا بنەماڵەی بارزانی و پارتی بە جیا و پێکیشەوە، لەگەڵ ئەوەی بەدرێژایی تەمەنی بزووتنەوە چەکداری و سیاسییەکانی ئەم بەشەی کوردستان تێیدا بەپێی قۆناغ سەرمەشق و بەشدار بوون، بەڵام تا ئەم ساڵانەی دوایی خاوەنی پرۆژەی دەوڵەت نەبوون. ئیتر ئەمە پەیوەندی بە تێگەیشتنی هەلومەرج و دەرفەت و خوێندنەوەی قۆناغەوە هەبووە، یان باوەڕی سیاسی، ئەوەیان خۆیان دەیزانن. بەڵام کاتێک شێخ مەحموودی حەفید حکومەتی کوردستانی راگەیاند، بەهەشتی مەلا مستەفا هێشتا تێکەڵ بەکاری سیاسی نەبووبوو. کاتێک قازی محەممەد کۆماری کوردستانی دروستکرد، کاک مەسعود بارزانی لەدایک نەبووبوو. ئەمە بەو مانایەی کە پرۆژەی دەوڵەتی سەربەخۆ و خۆبەڕێوەبەرێتی کوردی لە دەرەوەی یاخیبوونەکان و بزووتنەوە شۆڕشگێڕی و راپەڕین و شۆڕشی بارزانییەکان، وەک پرۆژەیەک بوونی هەبووە، ئیتر بۆ دەبێت ئێستا خەڵکانێک تا رادەی دژبوون بەپرۆژەی سەربەخۆیی کوردستان هەڵوێستیان پێچەوانە بێت بە بیانووی ئەوەی پرۆژەی دەوڵەت پرۆژەی بارزانییە.

لەڕووی واقیعیەوە یەکێتی و پارتی پێکەوە دەتوانن ئەم ئامانجە بەدی بهێنن، پێکیشەوە ئێستا ئەوە ستراتیژ و ئامانجی خەباتیانە، بەڵام بۆ لێدان لە پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستان، ئەجێندایەکی مەترسیدار کار لەسەر لێکترازاندنی ئەو هاوخەباتییە دەکات، ئەوەش بە پلان و بەرنامەیە کە کۆمەڵێک میدیا و میدیاکار دەیانەوێ یەکێتی لەو بەها نیشتمانییە دابماڵن و هەر سەرکردە و کادرێکی یەکێتیش تەئکید لەسەر ئەوە بکاتەوە کە یەکێتییەکەی خەبات بۆ بەدیهێنانی مافی چارەنووسی گەلەکەی دەکات، تەخوین دەکرێت. بە دیاریکراوی لە سلێمانی کەشێکی سیاسی و سایکۆلۆجی ئەوتۆیان دروستکردووە کە هیچ یەکێتییەک جورئەت نەکات بە دەنگێکی دلێرەوە بڵێت میللەتەکەم شایستەی سەربەخۆییە، یەکسەر تۆمەتی ئەوەی دەخە پاڵ کە ئەوە بووە بە پارتی.

سیحری پیلانەکەش لەسەر یەکێتی ئەم خاڵەیە، دەیانەوێ رۆحی یەکێتی لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان خاڵی بکەنەوەو لەڕووی ستراتیژییەوە پارتی بکەن بەخاوەنی پرسە نەتەوەییەکان. وەک چۆن ئێستا ئاڵای کوردستان و پرسی سەربەخۆییان کردووە بە موڵکی پارتی.

لەکاتێکدا لە ساڵی 2002 حکومەتی هەرێمی کوردستان- ئیدارەی سلێمانی- بڕیاری دا ئاڵای کوردستان لەسەر بینایەی دامەزراوە حکومییەکان هەڵبکرێت، پارتی لەدژی ئەوە بوون و ئاڵای عێراقیان بەرزکردبووەوە. بەڵام ئەگەر ئێستا کوڕە شەهیدێکی کادری یەکێتی وێنەی پرۆفایلی فەیسبووکەکەی بکاتە ئاڵای کوردستان، مێگەلێک پەلاماری دەدەن و تۆمەتی دەخەنە پاڵ کە بووە بە پارتی. ئەو خەڵکانە ئەگەر خۆشیان وەک نەیار و دوژمن بە پارتی نیشان دەدەن، بەڵام روونە چ خزمەتێک بە پارتی دەکەن بەوەی کردوویانە بەخاوەن پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان.

لەبنەڕەتدا ئەمە پرۆژەیەکە دژ بە سەربەخۆیی کوردستان و دەیانەوێ لەو رێگەیەوە و بە فشار و تەخوینکردن، بە داماڵینی بەها نەتەوەییەکان لە رۆحی یەکێتی و یەکێتییەکان، رێ لە سەربەخۆیی بگرن. چونکە دەزانن بەبێ یەکێتی ئەو ئامانجە بەدی نایەت. ئەرکی یەکێتی و یەکێتییەکانیشە رێگە لەو شەپۆلی تەخوینکردنە بگرن کە دەیانەوێ مێژووەکەی و ئایندەی لەکەدار بکەن. پێویستیشە خۆی بکاتەوە بەخاوەنی پرۆژەکەی خۆی کە پرۆژەی دەوڵەتی کوردستانە.



بەرزان فەرەج
barzanfa@gmail.com

جیهانێکی دی

# جەنگی کراوەی بووش

قاعیدە لەناو ئەشکەوت و کونە شاخەکانی ئەفغانستانەوە، بە سوپایەکی ژێرزەمینی بەناوی (سوپای ئیسلامیی رزگارکردنی شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلام) وێرانکردنی هەر شوێنێکی کە لەژێر هەیمەنەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بێت، راگەیاندبوو. پێش قاعیدە، ئەمەریکا بە فەتوای خومەینی بە شەیتانی گەورەی سەر زەوی ناوزەد کرابوو. سەرباری جیاوازیی مەزهەبی، بەڵام قاعیدە لەم دروشمەدا لەگەڵ ئەو رابەرە یەکی دەگرتەوە. دوای پەلامارە تیرۆریستیە هاوکاتەکەی ئابی 1998 بۆ سەر هەردوو سەفارەتی ئەمەریکا لە نایرۆبیی پایەختی کینیا و داروسسەلامی پایەختی تەنزانیا، شاگەشکە بە تێپەڕبوونی ئەو هێرشانە بێ تۆڵە، قاعیدە لە 11ی سێپتەمبەری 2001دا بە هێرشێکی بێ وێنە لەناو دڵی ئەمەریکادا کە دواتر مێژووی جیهانی گۆڕی، دەیویست لەڕێی رووخاندنی بورج و رەمزە گەورەکانی سیاسی، ئابووری و کولتووری رۆژئاواوە، شارستانێتییەک لەبەردەم سوپای ژێرزەمینی رزگارکردنی شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلامدا بەچۆکدا بهێنێت. بەڵام ئەمەریکا بە هێنانی سوپا و تانک و فڕۆکە بۆ لانکەی تیرۆر و دروشمی پاککردنەوەی کانگای بەد و شەڕ، ویستی کۆتایی بە خەونی ئەو سوپایە بهێنێت و جیهانیش لە جەنگ دووربخاتەوە. کەچی وێرانکردنی جوگرافیایەک هەڕەشەی وێرانکردنی دنیای بەدوای خۆیدا هێنا. دواتر نەوەکانی بەد و تیرۆر جیهانێکی بێ سنووریان کردە بەرەی جەنگە پیرۆزەکەیان و لە کونە شاخ و ژێر زەمینەکانی کانگای تیرۆرەوە هاتنە دەرێ و بە دنیادا بڵاوبوونەوە. لەوساوە جیهان کەوتە ناو جەنگێکی کراوەی بێ سنوور و نادیارەوە کە خودی جۆرج بووش، شایەتی دارمانی دوو مەزنترین تاوەرەکانی مانهاتن و سەمبۆلی باڵادەستیی ئەمەریکا، بووە داهێنەری ئەو چەمکی جەنگی کراوەیە.

جۆرج بووشی سەرۆکی ئەمەریکا لە دوای هێرشە تیرۆریستییەکانی 11ی سێپتەمبەر، لە 20ی سێپتەمبەری 2001 لەبەردەم کۆنگرێسدا، سەرەتای جەنگی خێرخوازیی جیهانی بەرامبەر جیهانی بەد ئاشکرا کرد کە بەلای هەندێکەوە بە جەنگێکی دیکەی خاچ ناسرا.

بووش گوتی "ئیتر جەنگی ئێمە دژی تیرۆریزم، لەگەڵ قاعیدە دەستپێدەکات، بەڵام لەوێدا ناوەستێ تا هەموو گرووپە تیرۆریستییەکانی جیهان لەناو دەبرێن". گوتارێکی وا جیهانی کردە بارمتەی جەنگێکی کۆتایی نادیار تا سەرکەوتن بەسەر هەموو تیرۆریستاندا کە بووش ناوی نابوون تەوەرەکانی شەڕ. سەربازانی مارینز توانییان لە دوو جەنگی سەرکەوتوودا بە ماوەیەکی کەم جوگرافیایەک لەژێر دەستی تەوەرەکانی شەڕ دەربهێنن، بەڵام بێ ئەوەی بە کۆتاییان شاد بن. راستە هاتنی سوپاکان بێهودە نەبوو، سەربازەکان خۆشنوود بوون بە رووخاندنی رژێمە تاریکستانەکەی تاڵیبان و قاعیدەی دەرەوەی شارستانی تا کوشتنی بن لادن، دوژمنی یەکەمی ئەمەریکا و ونکردنی تەرمەکەی لە دەریای بێ بن و بێ سنووردا. راستە سوپاکانی جی ئای لە کەمترین کاتدا کۆتاییان بە وەهمی پێنجەمین سوپای جیهان و درندەترین رژێمی دیکتاتۆری هێنا لە عێراق تا پەلبەستکردنی سەدام، ئەو دیکتاتۆرەی لە خاکی نێوان دوو رووباردا وەک گلگامێش لە وەهمی نەمریدا دەژیا و سەراپای زەمینی وڵاتێک هەمیشە لە ژێر ترس و هەیبەت و هەڕەشەی مەرگی ئەودا دەلەرزی، بەڵام..

بەڵامەکان زۆرن، دیکتاتۆر و دوژمنی یەکەمی ئەمەریکا و گەلێ تیرۆریستی دیکە لەنێوبران، بەڵام هێشتا جیهان نەیتوانیوە ئارام ببێتەوە. ناوچەیەکی شێرازە تێکچوو بۆ لانکەی تیرۆر جێهێڵراوە کە نەوەکانی پەرشوبڵاو کردووەتەوە بۆ پەلاماردانی جیهان. جوگرافیایەک بووەتە جێی شکستی جەنگێک کە دەشێت مێژوو رۆژێک بڕیار بدات ئایا دەبووایە بکرێ یان نا؟ ئایا جیهان پێویستی بە جەنگی کراوەی بووش هەبوو؟ ئەفسوس جەنگەکان دێن و تێدەپەڕن و دروێنەی ژیانی مرۆڤ دەکەن و وێرانە جێدەهێڵن و دواجار مێژووش بێهوودە بەدوای هۆکارەکانیدا وێڵ دەبێت.

سوپاکان دەنگی چەکەکانی خۆیان کپ کرد و گەڕانەوە، بەڵام ناوچەیەکیان بۆ جەنگێکی ترسناک جێهێشت کە کەس کۆتاییەکەی نازانێت، جەنگی برا لەگەڵ برا، هاودین لەگەڵ هاودین، دراوسێ دژی دراوسێ، جەنگی ئەتنی و کولتووری و ئایین و مەزهەبەکان دژ بەیەک، جەنگی هەموو ئەو نەتەوانەی خاوەنی مێژوویەکی تێکەڵ و ئاڵۆز و دژ بەیەکن لەو جوگرافیایەدا کە بووەتە لانکەی هەموو شێوازەکانی تیرۆریزم و جیهاد بۆ وێرانکردنی خود و یەکدی و جیهانیش. جوگرافیایەک کە تێیدا دیکتاتۆرەکان نەوە شەڕانگێزەکانی تیرۆریان لە دوای خۆیان جێهێشتووە و هەموو سەرزەمینیان کردووەتە بەرەی جەنگ و لە فەتوای خەلیفەی داعشەوە هەموو جیهان بە دەوڵەتی خۆیان دەزانن، ئەمەش ئەگەری بەناچاری گەڕانەوەی سوپاکانی کردووەتەوە، بەڵام ئەمجارە نەک وەکو سوپای خاچ، بەڵکو وەکو فریادڕەس. جەنگەکەی بووش کۆتایی بە هەموو دوژمنان و هەموو تەوەرەکانی جەنگ نەهێنا. هێشتا تەوەرەکانی بەد هەڕەشە لە جیهان دەکەن.

جەنگەکە بەردەوامە، تیرۆریزمی جیهادی بە هەموو رێکخراوەکانیەوە کە دواجار لە داعشدا بەرجەستە بووە، تا ئێستا چەندین هێرشی تیرۆریستی دژی رۆژئاوا و بەرژەوەندییەکانی ئەنجام داوە، بەڵام چۆکی بەو شارستانیەتە نەداوە و ناشتوانێت، چونکە خودی تیرۆریزم پرۆژەیەکی شارستانی نییە و لە مەرگدۆستی و خودکوژییەکی بێهوودە زیاتر چی دی نییە، دواجاریش هەر ئەوە کە لەبەردەم ئەو شارستانیەتەدا چۆک دادەدات. بەڵام جیهان تا کاتێکی نادیار لە بەردەم جەنگێکی کراوەی ئەم هێزە خودکوژییەدایە کە لە وەهمی وێرانکردنیدا دەژی و جیهانی خستووەتە ترسێکەوە نازانێت دوژمنەکانی کەی و چۆن لە شوێنێکدا دەردەکەون و کوشتارێک دوای خۆیان جێدێڵن، جا لەڕێی هێرشێکی خودکوژیی بەرنامە دارێژراو بێت لە پاریس، برۆکسل، ئیستانبوڵ و بەغدا یان کردەیەکی تاکڕەویی جیهادییەک بە ئیلهامی داعش لە ئۆرلاندۆ یان شوێنێکی دیکە.

لە دوای جەنگی کراوەی بووشەوە، ئێستا مەترسیی وێرانکردنی جیهان بووەتە مەترسیی وێرانکردنی جیهانی ئیسلامی خۆی. ئەو جیهانەی رۆژئاوای لە جەنگی خاچ و هێرشکەرەوە بۆ سەر پیرۆزییەکانی ئیسلام، کردووەتە پاڵپشتی جیهانی ئیسلامی بۆ رزگاربوون لەو تیرۆریزمەی پێش جیهان، خودی ئیسلام وێران دەکات. ئێستا رۆژئاوا چەند پشتی کردووەتە جەنگی کراوەی بووش کە بووە زەمینە بۆ زیاتر پەرەسەندنی تیرۆریزم، هێندەش لەڕێی گوتارێکی ئاشتبوونەوە و بەرگریکردن لە خودی ئیسلام لە دوژمنەکانی ناوخۆی، داوا لە جیهانی ئیسلامی دەکات خودی خۆی ئەو جەنگە کراوەیەی بووش نەیتوانی تێیدا کۆتایی بە تیرۆریزمی جیهادی بهێنێ، بەرپا بکات. ئیسلامێک کە ئێستا لە بەردەم جەنگێکی ناوخۆدایە بۆ فرێدانە دەرەوەی ئەو هێزە کەناری و خودکوژ و وەهمیە بۆ دەرەوەی خۆی، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێستای مێژوودا بژی و وەکو بەشێک لە جیهان بمێنێتەوە. جیهانی ئیسلام کە دەشێت دواجار ببێتە تاکە بارمتەی جەنگی کراوەی تیرۆریزمی جیهادی و هەڕەشەی وێرانکردنی شارستانیەتێکی چواردە سەدەیی، دەبێت بۆ مانەوەی خۆی جەنگێک بکات کە نەیکردووە، ئەمەش جەنگی نەکراوی ئیسلامە کە ناونیشانی وتاری داهاتووە.



کامەران محەممەد عەزیز

# ستراتیژی نوێی داعش

برێت مەکگۆرک، نێردراوی باراک ئۆباما بۆ کاروباری هاوپەیمانان لە شەڕی دژی داعش، رۆژی 27ی مانگی رابردوو رایگەیاند کە داعش 47%ی ناوچەکانی ژێردەستی لە عێراق و نزیکەی 20%ی ناوچەکانی ژێردەستی لە سووریا لەدەستداوە، ژمارەی چەکدارەکانیشی کەمی کردووە بۆ نزیکەی 20 هەزار چەکدار، جگە لە هەموو ئەوانەش سەربەخۆیی ئابووری لەدەستداوە. بە کورتی، دەوڵەتەکەی داعش لەبەردەم قەیرانێکدایە کە چیدی ناتوانێ لە بەرەکانی جەنگ و ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا ببێتە جێی سەرنجی میدیا تا لەڕێگەیەوە بتوانێ ئەندامی نوێ بهێنێتە نێو ریزەکانی، چیدی داعش ناتوانێ سوود لەو ستراتیژ و تاکتیکانە وەربگرێ کە لە سەرەتادا بەکاری دەهێنان و بەشێوەیەکی گشتی بریتی بوو لە هێرشکردنێکی بەرفراوان و لەناکاو، کۆنترۆڵکردن و ئیدارەکردنی ناوچەکانی ژێردەستی و پێگەیاندنی ئەندامەکانی لەو ناوچانەدا. توانای ئیدارەکردنی بەسەر ناوچەکانی ژێردەستیدا تا رادەیەکی زۆر لاواز بووە و لە ماوەی رابردوودا زیاتر لە 600 خێزانی عەرەب لە ژێردەستی داعش هەڵاتوون و لە مەخموور نیشتەجێ بوون.

هێرشە خۆکوژییەکانی ئەو دواییەی بەغدا و هەروەها هێرشەکانی خەڵکانی ئەندام یان کاریگەر بە هزری داعش لە بەنگلادیش و تورکیا و لیبیا و سعودیە هەموو یەک شتیان دووپات کردەوە: شێوازی شەڕکردن و بەردەوامبوونی داعش لەبەردەم قۆناغێکی نوێدایە و چیدی دەوڵەت و خەلافەتەکەی ناتوانن ببنە جێی باس، بۆیە دەیانەوێت خیتابی خۆیان ئاراستەی جەماوەری جیاواز بکەن. بە نموونە، چالاکبوونی کەس و گرووپە تیرۆریستییەکانی لایەنگر و ئەندام لە بەرەی داعش لە وڵاتێکی وەکو بەنگلادیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژمارەیەکی زۆری ئەو وڵاتە لەژێر تەمەنی 25 ساڵیدان و دەتوانرێت کاریگەرییان لەسەر دروست بکرێت. سەرەڕای لاوازبوونی لە بەرەکانی جەنگ، تۆڕی داعش و هزرەکەی بە هەمان شێوەی بیرۆکەی دەوڵەت و خەلافەتەکەی لە عێراق و سووریا دەتوانن ببنە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و ببنە ئەکتەرێکی گرنگی نێو هاوکێشە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەروەک چۆن گرتنی ئەفغانستان و کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچە ئاشکرا و فراوانەکانی ژێر دەستی قاعیدە نەبووە هۆی ئەوەی قاعیدە کۆتایی پێ بهێنرێت، بەڵکو ئەندام و لایەنگر و شوێنکەوتوو و کاریگەر بە هزرەکانی و یەکگرتنەوەی لەگەڵ بەرژەوەندیی دەوڵەتەکان وای کرد قاعیدە شێوەیەکی دیکە وەربگرێت و بەردەوام وەکو گرووپێکی مەترسیدار بمێنێتەوە. هۆکارێکی ئەوەی کە رەنگە تۆڕی داعش بۆ ماوەیەکی زۆر درێژتر لە دەوڵەتەکەی بمێنێتەوە، ئەوەیە کە ستراتیژیەتی لاوازکردن و لەناوبردنی داعش ستراتیژیەتێکی جەنگی بوو نەوەک هەڵقوڵاوی کێشە سیاسییەکان و پەیوەندییەکانی هێز و دەسەڵات لە ناوچەکەدا. جگە لەوەش، رووداوە خێرا و نەخوازراوەکانی ناوچەکە و بوونی دەوڵەت و حکومەتێکی لاواز و شکستخواردووی زۆر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ژینگەیەکی لەباری بۆ رزگاربوونی تۆڕی داعش دروست کردووە.

## داعش خەریکی چییە؟

**یەکەم:** داعش لەبەرەکانی جەنگدا لە بەرامبەر پێشمەرگە و سوپای عێراق بەردەوام لە پاشەکشەدایە، لە سووریا لەبەرامبەر کورد و سوپای ئەسەدیش لەژێر گەمارۆ و شکستدایە. داعش توانای سەرنجڕاکێشانی دونیای لەدەستداوە، ئەوەش تەنیا شکستێک نییە لە مەیدانی جەنگدا، بەڵکو پێیوایە وجودی کەوتووەتە ژێر هەڕەشەوە، چونکە بوون بە جێی سەرنجی دنیا تەنیا وەکو تاکتیکێکی رێکخراوێک کاری لەسەر نەکراوە بەڵکو بەشێکە لە وجودی گرووپە چەکدارە توندڕەوەکان. داعش پێویستی بە کاری تیرۆریستی گەورەیە بۆ ئەوەی ناوی خۆی bold بکاتەوە.

**دووەم:** سەرقاڵکردنی سوپا و دەزگا ئەمنییەکانی عێراق بە کردەوە تیرۆریستییەکانی داعش لە نێو شارەکاندا، پێیوایە دەبێتە هۆی دواخستنی پلانەکانی سوپای عێراق لە گرتنەوەی بەشێک لە ناوچەکان.

**سێیەم:** قووڵکردنەوەی جیاوازی و دابەشبوونی نێوان کۆمەڵگا و حکومەتی عێراق و لێدان لە شەرعیەتی دەزگا ئەمنییەکان.

**چوارەم:** دەستپێکردنەوەی شەڕی تایفی بە تایبەت لە بەغدا، لەم رێگەیەوە دەتوانێت پێگەی خۆی لە ناوچە سوننەنشینەکاندا قایمتر بکات و رەهەندێکی هەرێمایەتیش بە ململانێیەکە بداتەوە.

**پێنجەم:** بەردەوام گرووپێکی تیرۆریستی وەکو داعش دەیەوێت بڵێت هێشتا توانای کوشتن و خوێنڕشتنی ماوە، توانای کوشتن روحی گرووپە تیرۆریستییەکانە.

کورد چۆن لەگەڵ ئەو قۆناغە نوێیە کار بکات؟

سەرەتا دەبێت لە هەموو ئاستەکاندا جیاوازی بکرێت لە نێوان ئازادکردنەوەی شوێنەکانی ژێردەستی داعش لەگەڵ لەناوبردنی داعش، رەنگە پرسی ئازادکردنەوەی مووسڵ یان هەر شوێنێکی دیکە پرسێکی سوپای عێراقی و پێشمەرگە و هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان بێت، بەڵام پرسی لەناوبردنی داعش وەکو هزر و سیاسەت پرسێکی سیاسی ئاڵۆزی درێژخایەنە کە پێناچێت لە ئایندەیەکی نزیکدا رووبدات، ئەرکی هیچ لایەنێکیش نییە بە تەنیا ئەو کارە بکات. هاوشێوەی هەنگاوەکانی ئەو دواییەی داعش کە خۆی لە ئەنجامدانی کردەی تیرۆریستی و هێرشی خۆکوژیدا دەبینێتەوە، رەنگە هەمان کاریش لە هەرێمی کوردستان بکات یان هەوڵی بۆ بدات، سەرەڕای ئەوەش هێشتا داعش توانای هێرشکردنی بۆ ناوچە سنوورییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەڵام تەواوی وێنەکە ئەوەمان پێدەڵێت کە هەرێمی کوردستانیش پێناچێت بەدەر بێت لە ستراتیژیەتی داعش لە ئەنجامدانی کردەی تیرۆریستی و خوکوژی کاتێک بێهیوا دەبێت لە بەرەکانی جەنگ لەگەڵ پێشمەرگەدا. لەبەرئەوە هەرێمی کوردستان بەقەد مەترسی و هەڕەشەی داعش لە بەرەکانی جەنگ، دەبێت بۆ ئەو قۆناغە نوێیە خۆی ئامادە بکات.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# هەوڵی کودەتا، سیناریۆ بوو یان ڕاستی؟

## 1

دە ڕۆژ بەسەر هەڵگەڕانەوە شکستخواردووە سەربازییەکەی تورکیادا تێپەڕی. بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ پرسیارەکان و گومانەکان لەوبارەیەوە زیاتر و زیاتر دەبن. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایا ئەوەی ڕوویدا سیناریۆیەکی ڕێکخراو بوو، یان بەڕاستی هەوڵێکی لەو چەشنە هەبوو؟ لە مێژووی تورکیادا، چوار کودەتا هەن کە تەنیا یەکێکیان بە هەڵگەڕانەوەی ناو سوپا (واتا سەرۆکی ئەرکانی سوپا لەگەڵ کودەتادا نەبووە) سەری گرتووە. هەڵگەڕانەوەی سەربازیی 1971 کە ژمارەیەک ئەفسەر کردیان و سەری گرت. نموونەی سەرکەوتووی ئەو هەڵگەڕانەوانە لە وڵاتانی عەرەبیش گەلێک زۆرن کە زۆربەیان لەژێر ناوی ئەفسەرانی ئازاددا، کران و ڕێڕەوی مێژوویان گۆڕی.

هەر لە چرکەساتی یەکەمی ڕاگەیاندنی کودەتاوە، پەنجەی تۆمەت بۆ فەتحوڵڵا گولەن درێژ کرا. ئەم تۆمەتبارکردنە لایەنێکی لۆژیکیی تێدایە، بەوپێیەی لە دەرەوەی پارتە سیاسییەکانی تورکیا، تاکە هێزێک کە بتوانێ ئەو هەموو هێزە لە خۆیدا کۆبکاتەوە، تەنیا بزووتنەوەکەی فەتحوڵڵا گولەنە، چونکە لە 2008 وە لەژێر ناوی دۆسیەی ئەرگەنەکۆن، ڕیزەکانی سوپا لە تێکڕای ئەو کەسانە پاک کراوەتەوە کە گومانی کودەتایان لێ دەکرا. ئینجا دوای ڕووداوەکانی 17 تا 25ی کانوونی یەکەمی 2013، ئەردۆغان قۆڵی لە پاکتاوکردنی لایەنگرانی گولەن لە هەموو بوارەکاندا هەڵماڵی و لە سێ ساڵی ڕابردوودا، بە هەزاران پۆلیس، دادوەر و سەرمایەدار و...هتد، لە کار دوورخرانەوە. بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوە بوو کە هەر لە بەرەبەیانی ڕۆژی 16ی مانگدا لیستی هەزاران کەس لە ڕیزەکانی سوپا، پۆلیس، ئاکادیمیسیەن، دادوەر و تەنانەت خەڵکی ئاسایی بڵاوبوونەوە کە گومانیان لێ کراوە پەیوەندییان بە هەوڵی کودەتاوە هەبووبێ!

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو حەجمە گەورەیە لەو کەسانەی کە لە ملی سەربازی و سیڤیل دەستبەسەر و دەستگیرکراون، ئەو ڕاستییە بەدەردەکەوێ کە یان ئەوەتا حکومەتی تورکیا لاوازیی زانیاریی هەبووە، یانیش بە تەواوەتی ئاگای لە هەوڵی کودەتاکە هەبووە و خۆی لێ نەبان کردووە تا بیکات بە بیانوویەک بۆ هەموو ئەو کردارانەی ئێستا دەیانکات.

## پرسیاری ترسناک!

## 2

گومان و پرسیار، یەکێکە لە جیاوازییە بنچینەییەکانی نێوان مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی. ڕۆژئاوایی گومان دەکات و دواتر بڕیار دەدات، بەڵام ڕۆژهەڵاتی بە پێچەوانەوە دەجوڵێتەوە، دواییش کە گومانی کرد، ئیتر کار لەکار ترازاوە. دە ڕۆژە نە میدیا و نە سیاسەتی تورکیا ڕێگە بە خۆیان نادەن هیچ پرسیارێک لە خۆیان بکەن و حکومەت (بە ئامادەسازیی پێشوەختەوە) گەمە بە سایکۆلۆژییەتی مێژوویی خەڵکی تورکیا دەکات. ئەوان دەزانن کە خەڵکی تورکیا چییان لە کودەتاچییەکان چەشتووە و، دڵنیان لەوەی کە کەس ناتوانێ پشتیوانی کودەتاچییەکان بێت. بەڵام ئەو سەربازانەی کە هەوڵی کودەتایان دا، شارەزای ورد و درشتی مێژووی تورکیان و باش دەیانزانی کە ناتوانن بە میتۆدی 40 ساڵ پێش ئێستا و بە بەرچاوی هەموو دنیاوە کودەتا بکەن.

سەرانی حکومەت دەڵێن کە هەواڵی کودەتاکەیان لە خزم و دۆست و نزیکەکانی خۆیانەوە بیستووە! ئەوەش لە کاتێکدایە کە دەزگای هەواڵگریی تورکیا سەعات چواری پاش نیوەڕۆی 15ی تەمموز هەواڵی کودەتایان پێگەیشتووە، لەوبارەیەوە سەرۆکی میت هاکان فیدان کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی ئەرکانی سوپا کردووە، ئایا ڕێی تێدەچێت هاکان فیدانێک کە بووە هۆی ئەوەی نێوانی ئەردۆغان و فەتحوڵڵا گولەن لە 2012دا تێکبچێت، تا سەعات 10ی شەو هیچ زانیارییەکی بە ئەردۆغان نەدابێت و زاواکەی ئەردۆغان خەبەرداری کردبێت!؟ چۆن دەبێ 40 سەربازی پسپۆڕ بچن بۆ دەستگیرکردنی ئەردۆغان، بەڵام ئادرێسی هوتێلەکە نەزانن و لە خەڵکی سەر جادە بپرسن؟ چۆن فڕۆکەکەی ئەردۆغان توانی بێتەوە ئیستانبوڵ؟ چۆن حکومەت توانی دوای هەوڵی کودەتا، بێ ئامادەسازی ئەو هەموو زانکۆ، قوتابخانە و نەخۆشخانەیە دابخات؟ ئەو هەموو خەڵکە لابدات و دەستگیریان بکات؟ ئەوانە دەیان پرسیاری دیکەی بێ وەڵامن.

ئەڵبەتە هیچکەس ناتوانێ بڵێ کە ئەوەی لە شەوی 15 لەسەر 16ی تەمموز لە تورکیا ڕوویدا، هەمووی سیناریۆ بووە و ئەو هەموو ژەنەراڵ و پلەدارەش ئاگایانە خۆیان کردووەتە قۆچی قوربانی، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە کەسانێک، پاشماوەی بچووکی لایەنگرانی فەتحوڵڵا گولەنیان لەناو سوپا و دامەزراوەکانی دیکەدا، پاڵ پێوە نا بۆ ئەوەی دەرگا بەسەر ئەو تەسفییە گەورەیەدا بکەنەوە کە ئێستا لە تورکیادا لە ئارادایە.

## مەترسیی کودەتا ماوە؟

## 3

سێ تیۆری هەیە، یەکیان ئەوەی کە کەمالیستەکان جەماعەتی فەتحوڵڵا گولەنیان لەناو سوپادا پاک کردبێتەوە (کە خۆیان بە مەغدووری کودەتاکان دەزانن)، بیرۆکەی دووەم ئەوەی کە هەڵگەڕانەوەکە گەمەیەک بێت بۆ بەرزکردنەوەی پلەی سەربازیی ئەوانەی دەیانویست پێش شووورای باڵای سەربازی بەسەر بکەون و، بیرۆکەیەکی دیکەش دەڵێ حکومەت هەردوو گرووپی فەتحوڵڵاچی و کەمالیستی بەگژ یەکدا کرد و، کۆتایی بە ڕۆڵی سوپا لە کایەی سیاسیدا هێنا.

بەڵام هەرچۆنێک بێت، ئێستا ئەردۆغان دەیەوێ دامەزراوەی سوپا کە تا ڕاددەیەک سەربەخۆیی هەبوو، پارچە پارچە بکات و بیخاتەوە ژێر فەرمانی حکومەت. بەوەش هەوڵی کودەتای سوپا بکرێتە بیانوویەک بۆ ئەوەی کە سوپا توانای کودەتای نەمێنێت و بەوەش تیرێک و دوو نیشان، لە کۆڵ هەژموونی سوپا و هەژموونی گولەن دەبێتەوە.

یەک ڕستەش بۆ ئەوانەی دڵیان بە کودەتا خۆش بوو، ئەگەر کودەتا سەری گرتبایە، پەیوەندیی پارتی و تورکیا نەک هەر تێک نەدەچوو، بگرە باشتریش دەبوو.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# گریمانەی جەنگی ناوخۆ

فەرەنسا وەک یەکێک لە ماتۆڕە هەرە گەورەکانی یەکێتیی ئەورووپا، لەبەردەم مەترسییەکی گەورەدایە کە پاتریک کەلڤار، سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی فەرەنسی، ناوی دەنێت "جەنگی ناوخۆ" و پێیوایە گەر بەخێرایی ڕووداوەکان کۆنترۆڵ نەکرێن، گرووپە توندڕەوە فەرەنسییەکان کە هەڵگری شوناسی ڕاستی ڕاستن، پەلاماری نەک هەر ئیسلامیستەکان، بەڵکو تەواوی موسوڵمانانی فەرەنسی دەدەن. پاتریک کەلڤار، لە کۆتایی قسەکانیدا بۆ لیژنەیەکی پەرلەمانی فەرەنسی گوتی: "دواتر کەس نەڵێت بۆ زەنگی مەترسیتان لێنەدا، من وا زەنگەکەتان بۆ لێدەدەم و پێتان دەڵێم وریا بن".

ئەم لێدوانانەی پاتریک کەلڤار، لەسەر ئاستی تەواوی ئەورووپا چەندین لێکدانەوەی بۆکراوە و لە چەندین ئاستدا خوێنراوەتەوە و هەر لە ڕۆژنامەنووسانەوە تا دەگاتە نوخبە سیاسییە جیاوازەکان، وەک دۆخێکی ترسناک مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. قەسابخانەکەی شاری "نیس"ی فەرەنساش وای کرد مەترسییەکانی تەقینەوەی ئەم دۆخە کە زیاتر لە "بەرمیلێک باروت" دەچێت، لە خەیاڵدانی فەرەنسییەکاندا تۆختر ببێتەوە.

پاش ئەوەی کە لە مانگی شەشی ئەمساڵدا، تیرۆریستێک بەناوی داعشەوە، دوو ئەفسەری پۆلیسی لە بەردەم ماڵەکەی خۆیاندا، لە شاری مانینڤیلی ناوچەی پاریس کوشت، دەزگای IFOP ڕاپرسییەکی کرد لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەم چالاکییە تیرۆریستیانە وادەکەن فەرەنسییەکان، لە دەرەوەی دەزگاکانی دەوڵەت، پەنا بۆ تۆڵە سەندنەوە بەرن؟ 73% گوتیان بەڵێ گریمانەیەکی وا تەواو لە ئارادایە کە گرووپە ڕاستڕەوەکان پەلاماری موسوڵمانان بەبێ جیاوازی بدەن.

بەڵام لەهەمانکاتدا ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئامادەیی بەهێزی ئەم گریمانەیە، مانای ئەوە نییە کە هەر لە واقیعدا فەرەنسیەکان لەسەر پێ بن بۆئەوەی بڕۆنە نێو جەنگێکی فراوانەوە لەگەڵ موسوڵمانەکاندا. خواستێکی لەم جۆرە تەنها لای گرووپە توندڕەوەکان هەیە کە لەسەر ئاستی چەندایەتی کەمینەن.

بەڵام کەمینەیی ئەم گرووپانە هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە زۆرینەی فەرەنسیەکان وێنەیەکی "ناشیرین"یان لە خەیاڵدانیاندا بۆ موسوڵمانانی وەڵاتەکەیان کێشاوە، وەک ئەوەی کە هیچ جیاوازییەک لەنێوان "ئیسلامیست" و "موسوڵمان"دا نەبێت، لەکاتێکدا کەسی ئیسلامیست ئینتیمای بۆ ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی هەیە، بەڵام موسوڵمان ئینتیمای بۆ ئاینێکی یونیڤێرسال هەیە کە لە فەرەنساشدا ئاینی دووەمی هاووڵاتیانە. لەمەش توندتر، سەبارەت بە پرسی "موسوڵمان" و "تیرۆریست"، ئایا هەر موسوڵمانێک تیرۆرستێکی کاتیە یان هیچ پەیوەندییەکی "ئۆتۆماتیکی" لەنێوانیاندا نییە؟ ڕاستە 67%ی فەرەنسیەکان پێیانوایە هیچ پەیوەندییەکی ئۆتۆماتیکی لەنێوانیاندا نییە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە 33% پێیانوایە هەر موسوڵمانێک دەکرێت تیرۆریستێکی کاتی بێت و ئەم ڕێژەیەش لە ئاستێکی تەواو بەرزدایە و دەکرێت ئەو "بەرمیلە بارووتە" بێت کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد.

"حەنان، کچێکی تەمەن 30 ساڵانەی فەرەنسی موسوڵمانە و نیشتەجێی شاری نیسە. دایکی ئەم کچە، یەکێکە لە 84 قوربانیەکەی محەممەد سەلمان ئەلحویج بوهیلال، تیرۆریستەکەی نیس. حەنان و خوشکەکانی، کاتێک کە دەڕۆنە ئەو جێگایەی دایکیانی تێدا کوژرا، لە ماوەی پێنج خولەکدا، دوو جار هێرشیان دەکرێتە سەر. لە جاری یەکەمدا، ڕەگەزپەرستێک پێیان دەڵێت: ئێرە وڵاتی ئێوە نییە، بەجێی بێڵن. لە جاری دووەمیشدا، ڕەگەزپەرستێکی دیکە پێیان دەڵێت: دایکتان کوژرا؟ زۆر باشە، یەکێک کەمترا". ڕەنگە لە کۆمەڵگایەکدا کە هەڵگری هەردوو کولتوری "پلۆرالیزم/ فرەگەرایی" و "تۆلێرانس/ لێبوردەیی" نەبێت، ئەم گوزارشتانە زۆر ئاسایی بن (بۆ نموونە عەرەبێک بەرامبەر کوردێک، یان بە پێچەوانەوە)، بەڵام لە کۆمەڵگای فەرەنسیدا، ئەمە یەکێکە لەو هێڵە سوورانەی کە، بەلای کەمەوە لەسەر ئاستی تیۆری، کەس نابێت بیانبەزێنێت.


کەس گومانی نییە لەوەی کە جیهادیستەکانی داعش و ئەلقاعیدە، لەکۆی ئەو ملیار و حەوت سەد ملیۆن موسوڵمانەی لەسەر زەویدا هەن، لە هەزاردا یەکیش پێکناهێنن. بەڵام ئەم کەمینە ڕادیکاڵە کۆی جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. مەترسیەکە لەوەدایە کە کەمینەی ڕاستڕەوە هەرە توندڕەوەکانی فەرەنساش بڕۆنە نێو هەمان پرۆسێسەوە و هەمان میتۆدی داعش و ئەلقاعیدە بەرامبەر بە، نەک هەر موسوڵمانانی فەرەنسا، بەڵکو ئەورووپاش بەکاربێنن.

بەداخەوە دوا ڕاپۆرتی دەزگای توێژینەوە و ڕاپرسی ئیفیۆ و پاشان دوا ڕاپۆرتی سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی فەرەنسا کە لە میدیاکاندا بڵاوکرانەوە، هەردووکیان پێکەوە کلیک لەسەر ئەوە دەکەن کە سیستمی ئامادەباشی ئەم کەمینە فەرەنسیە لەسەر پێیە بۆ بەریککەوتن و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ موسوڵمانانندا و هەر چرکەیەک دەتوانن پەلامار بدەن.

بێگومان کاتێک باس لە کەمینە دەکەین، لە هەمانکاتدا دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە هەردوو ڕاپۆرتەکە جەخت دەکەنە سەر ئەوەی ژمارەی ئەوانەی گومانیان لێدەکرێت زەبروزەنگ بەکاربێنن، دەیان هەزار کەس بە ئاسانی تێدەپەڕێنن. 49%ی فەرەنسییەکان پێیانوایە گەر دۆخێکی وا بێتە پێشەوە و ڕاستڕەوەکان پەلاماری موسوڵمانان بدەن، دەتوانن لێیان تێبگەن و بۆ بەشێکی گرنگیشیان تەنانەت دەتوانن ئەو چالاکیانە بسەلمێنن.

بێهوودە نییە کە تەنیا لە ساڵی 2015 دا، 429 چالاکیی ئەنتی-موسوڵمان لە فەرەنسادا و لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە تۆمارکراون. واتە بەڕێژەی 200% چالاکیی ئەنتی-موسوڵمان تەنیا لەساڵی 2015 دا زیادی کردووە! مانگی ئاداری ئەمساڵ، یەکێک لە خوێندکارەکانی زانکۆم کە کچێکی سەرپۆشبەسەرە، بە لووتی شکاوەوە هات بۆ دەوام.

کە پرسیارم لێکرد چی ڕوویداوە، گوتی: لە ناوەڕاستی پاریسدا، دوو ڕاستڕەو هێرشیان کردە سەرم و سەر و لووتیان خەڵتانی خوێن کردم و گوتیان:" فەرەنسا بۆ فەرەنسیەکانە، ئێرە جێگای تۆ نییە، بگەڕێرەوە بۆ سعودیە"! لەکاتێکدا ئەم کچە لە فەرەنسادا لەدایک بووە و جگە لە فەرەنسی هیچ زمانێکی دیکە نازانێت و بەدرێژایی تەمەنی وڵاتێکی عەرەبیی نەبینیوە. ئەمە ئەو بەرمیلە بارووتەیە کە توندڕەوەکانی ئەورووپا، دروست وەک توندڕەوەکانی وڵاتانی خاکی ئیسلام، خەون بە تەقینەوەیەوە دەبینن.



ڕابەر تەڵعەت

# سیاسەت وەک پیشە

ماکس ڤیبەر لە سیمینارێکدا بەناونیشانی سیاسەت وەک پیشە Politik als Beruf لە ساڵی 1919 دا، بەناوبانگرین بۆچوونی خۆی سەبارەت بە سیاسەت پێشکەش کرد کە تا ئێستاش لە زانستی کۆمەڵناسیی سیاسیدا بە چەمکی ڤیبەرییانە بۆ سیاسەت دەناسرێت. سیاسەت لە ڕوانگەی ڤیبەرەوە پیشە و بەهرەیە، بەم دوو ناوهێنانەش، ڤیبەر توانی وەرچەرخانێکی گەورە لە تێگەیشتن بۆ چەمکی سیاسەت بهێنێتە دی. لە ڕوانگەی ئەوەوە سیاسەت میراتێکی کۆمەڵایەتی نییە بەڵکو ڕێگا و ئاراستەیەکی تاکەکەسییە و لە سایەی دەوڵەت و بیرۆکراسیی مۆدێرندا دەکرێت وەک پیشە چاو لە سیاسەت بکرێت.

لە سیستەمی ئەرستۆکراسیدا، کۆمەڵێک لە خەڵک و بنەماڵەی بازرگان و خانەدان و دەوڵەمەند کە خاوەنی سەربەخۆیی ئابووریی خۆیان بوون و باجیان دەدایە دەوڵەت، وەک سەرگەرمی و ئارەزوو یان تەنیا بۆ پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆیان کاری سیاسەتیان دەکرد، ئەوان وەک کولتورێکی خانەدانی چاویان لە چالاکیی سیاسی دەکرد. بەڵام ماکس ڤیبەر پێشنیاری چاکسازی لە چەمکی سیاسەت و چالاکیی سیاسیدا کرد، بەجۆرێک کە ئیتر سیاسەت بگۆڕدرێت بۆ پیشە و خەڵکانێک دەرکەون کە وەک پیشەوەری سیاسی بناسرێن و کاروپیشەیان سیاسەت بێت. بەم شێوەیەش سیاسییە پیشەوەرەکان لەلایەکەوە دەتوانن وەک پیشەیەک بە سیاسەت بژین و لەهەمان کاتیشدا بۆ سیاسەت بژین.

بیرۆکەی بە پیشەکردنی سیاسەت لە خۆرئاوادا دوای دابڕینی موڵکییەت لە ئەرستۆکراتەکان و خۆسەلماندنی دەوڵەتی مۆدێرن و دامودەزگاکانی، بەشێوەیەکی کردەیی وەدیهات و سیاسەتمەداری پیشەوەر هاتنە نێو فەزای گشتی و ناوەندەکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و پارتە سیاسییەکانەوە.

ئەگەر لە ڕوانگەی تیۆرەکەی ڤیبەرەوە سەرنج بدەینە چالاکیی سیاسی و بەڕێوەبردن و دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتدا، دەبینین دۆخەکە بە پێچەوانەی خۆرئاواوە، بەهۆی گەشەنەکردنی دەوڵەتی مۆدێرن و بیرۆکراسیی گەشەکردووی بەڕێوەبردن و کارگێڕی، سیاسەت نەک هەر نەبووە بە پیشە، بەڵکو لە دۆخێکی پێنەگەیشتووی دەوڵەتداری و حیزبایەتیدا ماوەتەوە کە مۆرکی بۆماوەیی و بنەماڵەیی پێوە دیارە و وەک هێزێک و هەژموونێکی سەروو دەوڵەتی و دامەزراوەییش بووە بە سەرچاوەیەک بۆ کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی سامان و سەرمایە.

لە دۆخی پێنەگەیشتووی دەوڵەت و بیرۆکراسیی مۆدێرندا، کەڵکەڵەی کۆکردنەوەی سامان و سەرمایە یەکسانە بە قەبارەی ئەو هێز و دەسەڵاتەی کە بنەماڵەیەک یان کەسایەتییەک یان پارتێکی سیاسی دەتوانێ لەناو دەسەڵات و دەوڵەتدا هەیبێت. ئەم چوارچێوە تیۆرییە تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانێ گۆشەنیگایەک بۆ خوێندنەوەی دۆخی قەیراناویی سیاسەت لە هەرێمی کوردستاندا پێشکەش بکات، چونکە ئەوەی لە کوردستاندا کاری پێ دەکرێت، لۆژیکی کەڵەکەکردنی سامان و دەسەڵات و هێزە، هەموو لایەنەکان بۆ پاراستنی پێگە و مانەوەی خۆیان بەبێ جیاوازی هەوڵ بۆ کەڵەکەکردنی ئەو سامانە و کۆکردنەوەی گەورەترین هێزی ئابووری و سەربازی دەدەن لە دەستی خۆیاندا و هەموو توانایی و دەرفەتێکی ئابووری و سامانی وڵاتیش بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاردەهێنن، ئەمە گریمانەکەی ڤیبەر پشتڕاست دەکاتەوە کە دۆخی دەوڵەتی مۆدێرن و بیرۆکراسی لاوازە و گەشەی نەکردووە، سیاسەت لە دەستی گرووپ و بنەماڵەکاندا قەتیس ماوە، بەرژەوەندی و کۆکردنەوەی سامان ستراتیژی لایەنەکانە بۆ مانەوە و بەردەوامبوون، ئەم دۆخەش هەتا گەیشتن بە دەوڵەت و دامەزراندنی بیرۆکراسیی مۆدێرن و سیستەم بەردەوام دەبێت و هێزەکان ناگەنە باڵانس و ڕێککەوتن لەنێوان خۆیاندا.

بە تێگەیشتنی ڤیبەرییانە، سیاسەت وەک پیشە و لەدۆخی دامەزراندنی دەوڵەت و بیرۆکراسیی پێشکەوتوودا، دەتوانێت چارەسەر بێت بۆ دۆخی ناجێگیری و ململانێی هێزەکان، چونکە وەک دۆخێکی سروشتی مرۆڤ کاتێک کە بەکۆمەڵ دەژین، بەرژەوەندی لەنێوانیاندا سەرهەڵدەدات، ئەنجامیش ململانێ و قوربانیشی لێ دەکەوێتەوە. لێرەدا ڕۆڵی سیاسەت ئەوەیە کە ئەو ململانێیانە بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکات و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەسەر بەرژەوەندییەکاندا زاڵ بکات، بەڵام کاتێک سیاسەت نەیتوانی بەر بە چاوچنۆکی و بەرژەوەندیخوازیی گرووپەکان بگرێت، ئەوا دەگۆڕێت بۆ شەڕ و ئاژاوە.

لە هەرێمی کوردستاندا بەپێی ئەم لێکدانەوەیەی پێشوو، سیاسییەکان بە تەنها لەسەر سیاسەت دەژین و بەرژەوەندی و کەڵەکەبوونی سەرمایە و دەسەڵات لەپێشەوەی بەرژەوەندی گشتی و یەکسانی و دادوەرییەوەیە، بۆیە دەکرێ بڵێین کاتێک دەنگی یەکسانی و دادپەروەری بەرز دەبێتەوە کە سیاسی پیشەوەر لەدایک دەبن، سیاسی پیشەوەریش بەبێ دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرن و دامودەزگا و بیرۆکراسی و یاساکان، پرۆسەیەکی ئاسان نییە، بۆیە ئەو پرسیارە بۆ ئێمە هەر بە کراوەیی دەمێنێتەوە، بۆچی کورد سیاسیی پیشەوەری نییە؟



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# مالیکی بۆ هات، بۆ چوو؟

نووری مالیکی، کە ناوهێنانی بودجە و مووچەی براوی کوردستانمان بیردەهێنێتەوە، هەفتەی ڕابردوو لە سلێمانی بوو. سەردانێکی سەیر و بێدەنگییەکی سەیرتری شاریشی بەدواداهات. ئەوەی لەسەر ئەجێندای سەردانەکە دەگوترێت، جگە لە لێدوانێکی کەسێکی نزیک لە مالیکی، هیچیان بەڕوونی نایڵێن بۆ هاتبوو. لە کۆنگرە ڕۆژنامەڤانییەکەی نێوان مالیکی و مەلا بەختیاریشدا ئەوە گوترا کە نەشگوترابا هیچ نەدەگۆڕا.

محەممەد سەیهوود-ی نزیک لە مالیکی ئاشکرای کردووە کە هەوڵێک هەیە بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکی نوێ لەنێوان باڵی مالیکی لەنێو حیزبی دەعوە لەگەڵ گۆڕان و یەکێتی. هەرچەندە نە یەکێتی و نە گۆڕان ئەمەیان پشتڕاست نەکردووەتەوە، بەڵام ئەو ئاماژانەی دیارن ئەگەری دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکی وا بەدوور نازانن. بەتایبەتیش کە باسی ئەوە دەکرێت بەشێکی عەرەبی سوننەی عێراق و تورکمانەکانیش دەچنە نێو هاوپەیمانێتییەکەوە.

ئەم هەوڵە زۆرتر لە دوایین هەوڵی ئەو لایەنە عێراقی و نێودەوڵەتییانە، بەتایبەتیش ئێرانییانە دەچێت کە بۆ ڕزگارکردنی عێراق لە پارچە پارچەبوون دەیدەن. بەشێوەیەکی ڕوونتریش بەلایەنی کەمەوە ئەو دەستکەوتەی دەبێت کە ئەگەر هەوڵی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان پەکیشنەخات، دوایدەخات. بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆچی پێمانوابێت مەنتیقییە گۆڕان و یەکێتی بچنە هاوپەیمانێتییەکی واوە کە دووبەرەکیی نێوماڵی کوردستان قووڵتر دەکاتەوە؟

یەکێتی بەحوکمی ئەوەی پێشتر و ئێستاش پۆستی سەرۆککۆماری عێراقی هەبووە، خاوەنی ئەجێندایەکی عێراقیتر بووە لە حیزبەکانی دیکەی کوردستان. بە لێدوانی بەرپرسان و نوێنەرانی ئەو حیزبە لە بەغدا و تەنانەت هەندێکیان لە کوردستانیشەوە دیار بووە کە ئۆباڵی تێکچوونی نێوانی هەولێر و بەغدا دەخەنە ئەستۆی بارزانی و پارتی و بەگوتەی ئەوان کێشەکان قابیلی چارەسەرکردنن و ڕێگەی کۆتاییش هەر گەڕانەوەیە بۆ بەغدا. بەڵام ئەو تێڕوانینە کەمتر لەنێو گۆڕاندا هەستی پێکراوە و مەیلێکی بەهێز بۆ گەڕانەوە بۆ بەغدا و سفرکردنەوەی کێشەکان لەگەڵ ئەوێ بەزەقی دەرنەکەوتووە. لەکاتی نووسینەوەی دەستووری عێراقیشدا ئەوەی لەسەر کاک نەوشیروان زانراوە، هێندەی هەڵوێستی کوردستانی بوون، هێندە هەڵوێستی عێراقچییانە نەبوون.

جا پرسیارەکە دووبارە دەبێتەوە: ڕێی تێدەچێت گۆڕان و نێوەندەکانی بڕیاردانی یەکێتی بچنە ڕێککەوتنێکەوە کە یەکەم: سەرەداوەکانی لەدەستی مالیکییەکە هەڵوێستە دژە کوردستانییەکانی لەبیر خەڵک نەچوونەتەوە؟ دووەمیش: یەکدەنگی و یەکڕیزیی نموونەیی و هەمیشەیی کورد لە بەغدا دەخاتە گۆڕەوە؟ بێگومان بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی دانوستاندن و ئامادەگیی پەرتەوازەی کورد لە بەغدا لە شەستەکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بۆمان دەردەکەوێت کە بڕیاری وا چەندە کورد بێسەنگ دەکات.

بەشبەحاڵی خۆم بەدووری دەزانم گۆڕان و یەکێتی بچنە پڕۆژەیەکی واوە، بەمەرجێک لە ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی نائومێد نەبووبن. پێشموایە نەخشەڕێگەی ڕزگارکردنی کوردستان لە ناکۆکی و پەرتەوازەیی زۆرتر ئەوەیە کە هەم پارتی و هەم گۆڕان و یەکێتیش لە کەلی شەیتان بێنە خوارەوە و ئەو دەستکەوت و سەرکەوتنە کاتییەی بەتەمان لەودیوی سنوورەکانی کوردستان دەستیبخەن، لە خاکی خۆیان و لەگەڵ یەکدی بۆ درێژخایەن گەرەنتیی بکەن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



میران عەلی بۆ (رووداو):

# گۆرانیی سلێمانی شۆکی کردم

« 12

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

